# گوڵان

پەیامی ئەمرۆ و سبەی

ســــاڵی سی و یــــەکەم (١٤١٣)- (١٣)ی ئــــایــــاری ٢٠٢٤


# ئیرادەی بارزانی
# قەڵغانی پاراستنی پێکەوەژیانی
# نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە

**ڕەفیق حەنا کریستیان و مامۆستای زانکۆ:**

کاتێك دادگای فیدراڵی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان پووچەڵ دەکاتەوە، من وەك کریستیانێك وا تێدەگەم کە پێم دەڵێت: «فەرموون ئەم وڵاتە جێبهێڵن، ئێوە لەم نیشتمانە جێتان نابێتەوە»

**کەریم سلێمان ڕاوێژکاری جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی:**

لە دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ ترسێك لای ئێزدییەکان دروست بووە، ئێمەی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا شوێنێك بتوانین تێیدا بژین و هەست بە ئارامی بکەین، هەرێمی کوردستانە



# کێشەی قەرەتەپە

١١٤




لە ناوچەی دیالە، تیرۆریستەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کردەوەی تیرۆریستییان دەکرد و ناوچەی قەرەتەپەیان کۆنترۆڵ کردبوو. تەنانەت زۆر جار هەڕەشەی گرتنی شاری بەعقووبەی ناوەندی پارێزگاکەشیان دەکرد. ئەمەریکا و حکوومەتی عێراق داوایان لێ کردین کە پێشمەرگە ڕەوانەی ناوچەکە بکرێت، چونکە حکوومەتی عێراق توانای پاراستنی ناوچەکەی نەبوو. بە قسەی خۆیان لەو کاتەدا فیرقەیەکی سوپای عێراق سەرقاڵی ئامادەکاری و پڕچەککردن و ڕاهێنان بوو، بۆ ئەوەی ڕەوانەی ناوچەکە بکرێت. دوو فیرقەی پێشمەرگە چوونە ناوچەکە و، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ناوچەکەیان پاک کردەوە و تیرۆریستانیان لە ناوچەکە دەرپەڕاند. ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان بریندار بوون.

کاتێک ئەمەریکا داوای پێشمەرگەیان لێ کردین بۆ دیالە، بە مەرجێک ئامادەبووین پێشمەرگە بنێرین کە پێشمەرگە بۆ هەمیشە لە ناوچەکەدا نەمێنێتەوە. هەر لەسەر ئەوەش ڕێک کەوتین. لە کاتی ئامادەکردنی فیرقەی سوپای عێراق ئێمە سەردانی دەرەوەمان کردبوو. فەرماندەی فیرقە نامەیەکی بۆ فەرماندەی پێشمەرگەکان ناردبوو کە پێویستە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر ناوچەکە چۆڵ بکرێت و لە ئەگەری چۆڵنەکردن هەموو بەرپرسیاریەتییەک دەکەوێتە سەرشانتان.

لە بری ئەوەی سوپاسی پێشمەرگە بکرێت و ڕێوڕەسمی گەڕانەوەیان بۆ ساز بکرێت، کەچی هەڕەشەیان کردبوو، فەرماندەی پێشمەرگەش مەردانە وەڵامی فەرماندەی فیرقەکەی عێراقی دابووەوە کە (ئێمە نە بە بڕیار و فەرمانی تۆ هاتووین و نە بە فەرمانی تۆش ناوچەکە چۆڵ دەکەین. دوای ئەوەی مالیکی فەرمانی بە تانکەکان کردبوو بۆ دەرکردنی پێشمەرگە جووڵە بکەن.) بە ناوبژیوانیی ئەمەریکا و چەند کەسایەتییەکی عێراقی، کێشەکە چارەسەر کرابوو و، بەبێ ئەوەی شەڕ ڕوو بدات، پێشمەرگە پاشەکشەی کردبوو. هەر پەیوەست بەم بابەتە، لە کۆبوونەوەیەکی سەربازیدا مالیکی گازندەی لە هەڵسوکەوتی هەرێمی کوردستان کردبوو، دەستبەجێ عەلی غەیدان، فەرماندەی هێزی زەمینیی عێراق، هەستابووە سەرپێ و گوتبووی: (سەیدی، فەرمان بدە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا هەولێر دەگرم.) مالیکییش لە بەرانبەردا گوتبووی: (خۆت بگرە با ئێف شازدەکان بگەن، ئینجا ئەرکتان سووکتر دەبێت).

# چاپکراوی نوێ




ژمارەی (١٤)ی ئاداری ٢٠٢٤ی گۆڤاری (کوردستان کرۆنیکل Kurdistan Chronicle) لە دامەزراوەی (کوردستان کرۆنیکڵ) بە بەرگێکی قەشەنگ و ناوەڕۆکێکی ناوازە و لە دووتوێی (١٢٨) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگدا بە زمانی ئینگلیزی کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

ئەم گۆڤارە دەستەی نووسەرانی بڵاوکەرەوەی بریتین لە بەڕێزان بۆتان تەحسین و مەریوان نەسرەدین هەورامی، سەرنووسەرەکەی نەهرۆ زاگرۆس. لەنێو ئەو بابەتە گرنگ و پڕ بایەخانەی کە ئەم ژمارەیە لەخۆی گرتووە، وتارێکە تایبەت بە لەدایکبوونی باوکی ڕۆحیی نەتەوەی کورد مستەفا بارزانی کە هەموو ساڵێك لە ١٤ی ئادار بەشکۆمەندییەوە یادی دەکرێتەوە، نووسەری ئەم بابەتە بە تێروتەسەلی باس لە لەدایکبوون و سەردەمی پێشمەرگایەتی و بەرخۆدانی ئەو ڕابەر و کاریزمایە دەکات لە مێژووی کورد و کوردستانیان، لە شۆڕشەکانی بارزان و ئەیلوول و گوڵان، گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە و دەستپێکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەشێکی دیکەی ئەم بابەتەی لە خۆگرتووە، یەکێکی دیکەی بابەتەکان کە دەستپێکی گۆڤارەکەیە تایبەتە بەو ئاهەنگە ناوازەی کە لە شارۆچکەی ئاکرێ بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی ئەم ساڵ سازکرا، لەم بۆنەیەدا بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگری نەورۆز دادەگیرسێنێت، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی عەرەبی و بیانی، هەروەها ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ چەندین لاپەڕەی لەم ژمارەیەدا گرتووە، ئەم بابەتە بە وێنەی جەماوەری ڕاپەڕیو و تێکشکاندنی پەیکەری سەرۆکی ڕژێمی بەعس و زانیاریی سەبارەت بەم ڕووداوە مێژووییە دەوڵەمەندکراوە.

هەر لەم ژمارەی (کوردستان کرۆنیکڵ)ی ئینگلیزی لەبارەی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ بابەتێك بڵاوکراوەتەوە باس لەو کارەسات و جینۆسایدە دەکات کە ڕژێمی بەعس بەسەر دانیشتووانی ئەم شارەیدا هێنا، چیرۆکی ساماناك و هەڵوێستی تراژیدیی مرۆڤایەتی تێدا بڵاوکراوەتەوە. هەر لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەدا چەندین بابەتی دیکەی پەیوەست بە کەلتوور و هونەر و داب و نەریتی کوردەواری بەرچاو دەکەون.

دەستخۆشی لە دامەزراوەی (کوردستان کرۆنیکڵ) و ستافی نووسین دەکەین، بە هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن.



## مامۆستا شێخ ڕەشید گەردی :



**ئیسلام بایەخ بە پرسی خاک و نەتەوەکان دەدات، چاکترین کەسیش لای خوا ئەو کەسەیە کە خزمەت بە نەتەوە و وڵاتی خۆی دەکات**

## هیمداد سەباح بیلال :



**هەڵویستی جەنابی سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەعی هەرێمی کوردستان لەسەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی زۆر بەرز و گرنگ و بە جەسارەت بوو**

## شێخ زێدۆ باعەدری :



**کوردبوون ناسنامەیەکی پیرۆزە لای کوردانی ئێزدی، بەداخەوە لە عێراقدا کار بۆ نانەوەی جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان کوردانی ئێزدیدا دەکرێت**

## شەهریار شێخلەر :



**ڕاگرتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بڕیار و ئەجیندەی سیاسی لە پشتە**





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار ڕەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

نەجم عەبد موراد :



**کوردانی فەیلی**
**مەلا مستەفا بارزانییان**
**خۆش دەویست و پاڵپشتیی**
**شۆڕشی ئەیلوولیان دەکرد**

**لە ڕۆژی جیهانیی پەرستاران**
**ئەرک و شەونخونیان بەرز دەنرخێندرێت**



**ماوسێکی زیرەک و**
**ئاسانکردنەوەی ئەرکەکان**





نیهایەت سەلیم :

**کیک بۆکسینگ**
**پەرە سەندن و**
**بەرەوپێشچوونی**
**بەخۆیەوە بینیوە**

شەنیار محمەد :

**لە کوردستان دەرهێنەر**
**مافی ئەکتەر دەخوات**



**ناهاوسەنگیی**
**هۆرمۆنەکان**





# ئیرادەی سەرۆک بارزانی

## قەڵغانی پاراستنی پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە



# پێکەوەژیان

## وەک بەشێک لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان

«لە کوردستان هەموومان لەماڵێکدا پێکەوە دەژین، هەر ئەمەش وای کردووە، بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم ماڵە بکەین و زیاتر لە سێ کەنیسەمان لە عەنکاوە بونیاد ناوە و کەنیسەیەکی دیکەشمان لە هەرمۆتە – کۆیە هەیە. چوار قوتابخانە و نەخۆشخانەیەکیشمان بونیاد ناوە. ئێمە هەست دەکەین ئەمە ماڵی خۆمانە، کە هەستیشت کرد ماڵی خۆتە، بەشداری تێدا دەکەیت، لەمەش زیاتر برایانی ئاشووری کەنیسەی خۆیان لە شیکاگۆ گواستەوە بۆ هەولێر، هەروەها بارەگای سەرەکیی مەترانی مووسڵ گواسترایەوە بۆ هەولێر، سریان و کاسۆلیکیش ئەبرەشییەی تازەی خۆیان لێرە دروست کردووە. لەم ڕوانگەیەوە «پرۆژەی پێکەوە ژیان» پیرۆز دەکەم. پیرۆزبایی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە لەسەر کەلتووری پێکەوەژیان دامەزراوە و هەتا ئێستا ئەم کەلتوورە باشتر ڕەگی خۆی داکوتیوە. ئەرکی ئێمەیە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو فێری کەلتووری پێکەوەژیان بکەین و پێیان بڵێین: کەلتووری پێکەوە ژیان «شارستانیەت و مێژووی ئێمەیە»، پێکەوە ژیاوین و پێکەوە دەمێنینەوە و پێکەوە گەشە دەکەین و پێکەوە پێش دەکەوین و، پشتیوان بە خوا، ئومێد دەخوازم هەموو ساڵێک بۆنەی لەمجۆرە پێکەوە کۆمان بکاتەوە. یەکێک لە جوانییەکانی ئەم ماڵەی پێ جیا دەکرێتەوە، ئەوەیە کە من دەتوانم لە ناو ڕۆژهەلاتێکی گڕگرتوودا ئەو شاهیدییە بۆ جیهان بدەم کە پێکەوەژیان لەم جوگرافییەی پێی دەگوترێت «کوردستان» مومکینە و بوونی هەیە و بەشداریی ئێمەش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم وڵاتەیە و بەردەوامی دەبێت».




د. بەشار وەردە مەترانی کەنیسەی کلدانی کاسۆلیکی لە هەولێر
گۆڤاری گوڵان تەمموزی ٢٠٢١

## ● هەولێکی نەزۆك
## بۆ تێکدانی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان

پێکەوەژیان بەگشتی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە جوگرافیاییەکی سنووردراردا بەتایبەتی، هێندەی لەسەر بناغەی متمانە و باوەڕی نێوان ئەو پێکهاتە جیاوازانە بە یەکدی بونیاد دەنرێت، هێندە پەیوەندی بە «لێبوردەیی»یەوە نییە، بەو مانایەی کورد لێبوردەیە کە ڕێگە دەدات، ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان بە ئازادی مافەکانی خۆیان پیادە دەکەن، یان بە واتایەکی دیکە ئەو نەتەوە و ئایینە جیاوازانە تاوانێکیان ئەنجام داوە و کورد لێبوردەیە و لێیان دەبوورێت، بەپێچەوانەشەوە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان نابێت ناچار بکرێن زوڵمی کورد قبووڵ بکەن، لەبەر ئەوەی ڕێگەمان داون لەم نیشتمانەدا بژین. ئەم تێڕوانینە کە دەگاتە ئەو پەڕی ڕاسیزم، ماندیلا گوتەنی پێویستی بە «ددانپێدانان» هەیە و دەبێت بگۆڕێت بۆ متمانە و باوەڕ و یەکدی قبووڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە.

بەداخەوە ماوەی دوو ساڵ زیاترە کە پرسی کۆتای پێکهاتەکان، بووەتە مشتومڕێکی سیاسیی زۆر ناتەندروست لە نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان «بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان».

هۆکاری سەرەکی بۆ بە ئامانجگرتنی کۆتای پێکهاتەکان (تورکمان، کلدو سریان و ئاشووری و ئەرمەن) لەناو پەرلەمانی کوردستان لەلایەن حزبە سیاسییەکان (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی دادگەری»، بە پلەی یەکەم ترس بوو لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن کە لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، هەموو ئەو حزبە سیاسییانەی لە پەرلەمانی کوردستان فراکسیۆنیان هەبوو، داوایان دەکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە و لە جێگەی ئەو «حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی دابمەزرێت»، ئەمەش بەو مانایەی چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هێرش بکەنە سەر هەولێر و داگیری بکەن، بۆ ئەمەش کەناڵەکانیان لە دیوی «پردێ»وە لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕووماڵی هێرشەکانیان دەکرد بەرەو هەولێر، بەداخەوە ڕووماڵەکانیان دژی مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بۆ بەرژەوەندیی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بوو.

٢- دوای ڕابەرایەتیی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی و ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەونی حەشدی شەعبی و حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئاوەژوو بووەوە و، حکومەتی عێراق داوای دیالۆگ و دانوستاندنی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و زەمینە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ی پەرلەمانی عێراق فەراهەم کرا. لەم هەڵبژاردنەدا کە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا بەشداری کرد و «بەبێ ئەوەی لە پارێزگای کەرکووك کاندیدی هەبێت»، ٢٥ کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەدەستهێنا و بووە یەکەم پارتی سیاسی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان کە ئەو ژمارە زۆرەی کورسی و دەنگ بەدەست بهێنێت.

٣- تەنیا چوار مانگ دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و لە ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨ هەڵبژاردنەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا، لەم هەڵبژاردنەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا ٤٥ کورسی لە ١٠٠ کورسیی پەرلەمانی کوردستان بەدەستهێنا و ٧ کورسی زیاتر بوو لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

٤- لە هەڵبژاردنەکانی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ کە هەڵبژاردنی پێشوەختە بوو بۆ پەرلەمانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆی ٦٣ کورسیی کوردستان (هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان) ٣٣ کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەدەستهێنا، ئەمەش واتا زیاتر لە ٥٠٪ی کورسییەکانی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراقدا.

ئاکامی ئەم سێ هەڵبژاردنەی عێراق و هەرێمی کوردستان، کە تیایدا هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن دەنگ و کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەڵکشانی چاوەڕواننەکراوی بە خۆیەوە بینی و، بووە هۆی ئەوەی حزبە

**کاتێک دادگای فیدراڵیی عێراق کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستانی ڕەت کردەوە، بێجگە لە سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، هیچ حزبێکی سیاسیی نەک هەر هەڵوێستیان نەبوو، بەڵکو پووچەڵکردنەوەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکانیان بە سەرکەوتن بۆ خۆیان دەزانی و سووکایەتییان پێدەکردن و پێیان دەگوتن: «جەمال لۆ مارێ»**

**برایانی ئاشووری کەنیسەی خۆیان لە شیکاگۆ گواستەوە بۆ هەولێر، هەروەها بارەگای سەرەکیی مەترانی مووسڵ گواسترایەوە بۆ هەولێر، سریان و کاسۆلیکیش ئەبرەشییەی تازەی خۆیان لێرە دروست کردووە**

**ماوەی دوو ساڵ زیاترە کە پرسی کۆتای پێکهاتەکان، بووەتە مشتومڕێکی سیاسیی زۆر ناتەندروست لە نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان «بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان»**

سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان بە پەیامێکی ترسناکی بزانن و ئەو ترسەشیان لەم خاڵانەوە سەرچاوەی گرتووە:

● کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ی پەرلەمانی عێراق، بە تەنیا لەناو کۆی کورسیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان زیاترە لە ٥٠٪، ئەم ئاکامەش جیا لەوەی ئەوەی سەلماند کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان (هەرێم و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم) متمانەیان بە سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانە کە سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان ناکات، لەمەش زیاتر لایەنە سیاسییەکانی شیعەش (تەیاری سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی) گەیشتنە ئەو قەناعەتەی بۆ ئەوەی کورد بەشدار بێت لە حکومەتی داهاتوودا، ئەوا ڕێگەیەکی دیکە نییە، جگە لەوەی کە دەبێت لەگەڵ سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێک بکەون. ئەم ئەمری واقیعە تازەیە لای حزبەکانی کوردستان بەو شێوەیە خوێنرایەوە، کە هەم لە ئاستی دەنگی خەڵکی کوردستاندا و هەمیش لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا پەراوێز بوون.

● بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، هەر چوار حزبی (یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵی دادگەری)، پرۆژە یاسایەکی ئیستفزازییان ئامادە کردبوو، بۆ ئەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە و ئەم مەرجانەشیان لەگەڵ هاوپێچ کردبوو:

- ئەم پرۆژە یاسا ئیستفزازییە دەبێت پێش ئەوەی لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، پارتی دیموکراتی کوردستان بەو پرۆژە یاسا ئیستفزازییە ڕازی بێت، کە یەکێک لە خاڵەکانی «دابەشکردنی کورسیی پێکهاتەکانە بەسەر چوار پارێزگاکەی کوردستان»دا.

- ئەم پرۆژە یاسایە تێدەپەڕێنرێت بەبێ ئەوەی پێکهاتەکان (تورکمان، کلد و سریانی و ئاشووری، ئەرمەن)، ڕاوێژیان لەگەڵ بکرێت، بەوەی بزانرێت، ئایا ئەوان خۆیان ڕازین بە زۆر بەسەر چوار پارێزگاکەی کوردستاندا دابەش بکرێن؟ بەوەش ئەوانیش ببنە بەشێک لە ململانێی حزبە سیاسییەکانی کوردستان.

● دید و تێڕوانین و هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەم پڕۆژە یاسا ئیستفزازییە بەمجۆرە بوو:

- پارتی دیموکراتی کوردستان ڕازییە بەوەی هەرێمی کوردستان بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردن (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دابەش بکرێت.

- پارتی دیموکراتی کوردستان ڕازییە بەوەی لەسەر تۆماری دەنگدەرانی هەڵبژاردنی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ی پەرلەمانی عێراق، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش بەڕێوە بچێت.

- پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە حزبە کوردستانییەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی پێکهاتەکان (تورکمان، کلدو سریان و ئاشووری، ئەرمەن) بدەن. بۆ ئەم پرسە پێویستە پێکهاتەکان خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن و ئەرکی سەرشانی حزبەکانی کوردستانە کە ڕێز لە بڕیاری پێکهاتەکان بگرن.

● سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان «یونامی» بۆ چارەسەری پرسی کۆتاکان دەستیان کرد بە کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و نوێنەری پێکهاتەکان، سەرەنجام لەناو کۆبوونەوەکاندا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە پێکهاتەکان بە ئازادی ڕا و هەڵوێستی خۆیان بدەن و ڕێزیان لێبگیرێت، لەسەر ئەم پرسە هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان بەمجۆرە بوو:

- پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە گەیشتن بەم ڕێککەوتنە کرد.

- هەرسێ لایەنی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵی دادگەری) وەک لە بازنەی گفتوگۆ پێیان ڕاگەیاندین، بە هەندێک مەرج ئەوانیش ڕازین کە پێکهاتەکان خۆیان بڕیار بدەن.

- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی ڕانەدەگەیاند کە دژی ئەوەیە پێکهاتەکان خۆیان بڕیاری

**دوای ڕابەرایەتیی لۆژیکانەی سەرۆک بارزانی و ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەونی حەشدی شەعبی و حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئاوەژوو بووەوە و، حکومەتی عێراق داوای دیالۆگ و دانوستاندنی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و زەمینە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ی پەرلەمانی عێراق فەراهەم کرا**

**پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا بەشداری کرد و «بەبێ ئەوەی لە پارێزگای کەرکووک کاندیدی هەبێت»، ٢٥ کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەدەستهێنا و بووە یەکەم پارتی سیاسی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان کە ئەو ژمارە زۆرەی کورسی و دەنگ بەدەست بهێنێت**

**لایەنە سیاسییەکانی شیعەش (تەیاری سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی) گەیشتنە ئەو قەناعەتەی بۆ ئەوەی کورد بەشدار بێت لە حکومەتی داهاتوودا، ئەوا ڕێگەیەکی دیکە نییە، جگە لەوەی کە دەبێت لەگەڵ سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێک بکەون**

خۆیان بدەن، بەڵام پەنایان بردە بەر سەرۆکی پەرلەمان (د.ڕێواس فایەق) کە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتییە، ڕێگە نەدات یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی زەمینەیەک دروست بکرێت، هەم دانوستاندنەکان لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان درێژەی هەبێت، هەمیش کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئامادەکاریی پێویست بکات، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەو کاتەدا ئەنجام بدرێت، کە پێشتریش یەک دوو جاری دیکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە وادەی بۆ دیاری کرابوو.

- بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە هەموارکردنەوەی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕاشکاوانە ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو «بڕیاری حزبەکەی جێبەجێ دەکات و بانگەشە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ناکات»، لە بەرانبەردا و لەبەر ئەوەی هیچ هۆکارێکی ماقووڵ نەبوو بۆ ئەوەی چیدیکە هەڵبژاردن لە کوردستان دوابخرێت، بۆیە «جێگر و سکرتێری پەرلەمان» کە دوو ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانن، بانگەشەیان بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان و دەنگدان لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەموارکردنەوەکە دەنگی لەسەر درا، بەڵام فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی لەناو پەرلەماندا ئاژاوە و پاشاگەردانییان دروست کرد و دواتریش تانەی دژی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان لە دادگای فیدراڵی تۆمار کرد و، دادگای فیدراڵیش ١١ کورسییە کۆتاکەی پێکهاتەکانی کوردستانی ڕەت کردەوە.

## ● بە ئامانجگرتنی کورسیی کۆتاکان بۆ پەکخستنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان

دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بە ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بازنەی گفتوگۆ کە ئۆرگانێکی سەربەخۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، تایتڵی گفتوگۆی مانگی مارتی ٢٠٢٤ی تەرخان کرد بۆ «دادگای فیدراڵیی عێراق. گفتوگۆ و هەڵوێست»، لەم گفتوگۆیەدا بێجگە لە بەشداربووانی گفتوگۆکە کە ژمارەیان ١٥ پسپۆڕ و کەسایەتیی جیاوازی حزب و لایەنە سیاسییەکان بوون، لە هەمان کاتدا ڕاپۆرتێکی مەیدانییش ئامادە کرابوو، کە ڕای هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان لەسەر ئەو بڕیارە وەرگیرابوو، کە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە هەندێک لەو هەستە ناخۆشە دەکەم،کە ئەم بڕیارە لە ناخی نوێنەرانی پێکهاتەکان دروستی کردووە:

● ڕەفیق حەننا کریستیان و مامۆستای زانکۆ:

«کاتێک دادگای فیدراڵی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان پووچەڵ دەکاتەوە، من وەک کریستیانێک وا تێدەگەم کە پێم دەڵێت: «فەرموون ئەم وڵاتە جێبهێڵن، ئێوە لەم نیشتمانە جێتان نابێتەوە».

● ئازاد کوورەچی نوێنەری لیستی میللەتی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان:

«ئەو لایەنە سیاسییەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کە سکاڵای کردووە، بە ئێمە وەک تورکمان دەڵێت: «بە دەنگی ڕاستەقینەی نەتەوەی خۆتان بگەنە پەرلەمان»، بەداخەوە ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بە سەرکەوتن دەزانن و گاڵتەمان پێدەکەن و پێمان دەڵێن: «جەمال لۆ ماریێ»، ئەوانە بێئاگان لەوەی ئێمە نەتەوەیەکی گەورەین، ئێستاش کوردستانمان وەک نیشتمان خۆش دەوێت و هەوڵیشمان داوە بەشدار بین لە پێشخستنی».

● ئەمین عیسا شەمعون بەرپرسی سەنتەری عەشتار :

«ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵیی عێراق بە ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان ئەو هەستەی لا دروست کردین، ئێمە هاووڵاتی پلە دووین و لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکەی عێراق یەکسان نین. بۆیە وەک کریستیان و پێکهاتەکانی دیکە ئەم بڕیارە بە سووکایەتی دەزانین و ڕەتی دەکەینەوە».

**پارتی دیموکراتی کوردستان ڕازییە بەوەی هەرێمی کوردستان بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردن (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دابەش بکرێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان ڕازییە بەوەی لەسەر تۆماری دەنگدەرانی هەڵبژاردنی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ی پەرلەمانی عێراق، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش بەڕێوە بچێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە حزبە کوردستانییەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی پێکهاتەکان (تورکمان، کلدو سریان و ئاشووری، ئەرمەن) بدەن. بۆ ئەم پرسە پێویستە پێکهاتەکان خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن و ئەرکی سەرشانی حزبەکانی کوردستانە کە ڕێز لە بڕیاری پێکهاتەکان بگرن**

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی ڕاندەگەیاند کە دژی ئەوەیە پێکهاتەکان خۆیان بڕیاری خۆیان بدەن، بەڵام پەنایان بردە بەر سەرۆکی پەرلەمان (د.ڕێواس فایەق) کە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتییە، ڕێگە نەدات یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە**

**بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە هەمواکردنەوەی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕاشکاوانە ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو «بڕیاری حزبەکەی جێبەجێ دەکات و بانگەشە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ناکات»**

● ئیشخان ئەرشاک کیفۆر کیان لە پێکهاتەی ئەرمەن:

«ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی، زوڵم لە ئێمە دەکات و بێبەشمان دەکات کە ئەندامەمان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت. هەستێکی وای لا دروست کردووین، کە هەست بکەین هاووڵاتی پلە دووین، هەست دەکەین گورزێکە ئامانجی ئەوەیە سیمای جوانی پێکەوەژیان لە کوردستان بشێوێنێت».

ئەم چوار کەسایەتییە کە لێدوانیان بۆ ڕاپۆرتەکەی بازنەی گفتوگۆ داوە، نوێنەرایەتیی سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن و، لە قسەکانیاندا ئەوەیان خستووەتە ڕوو، ئەم بڕیارە چەند ئازاری ناسنامەی نەتەوەیی ئەو پێکهاتانەی داوە و چەند سووکایەتی بە کەرامەت و ناسنامەی نەتەوەییان کراوە.

لەبەرانبەر ئەم زوڵمە گەورەیەی دادگای فیدراڵی بەرانبەر هەستی نەتەوەیی تەواوی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کردی، بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێداگری لەوە کرد «بەبێ پێکهاتەکان بەشداری هەڵبژاردنی کوردستان ناکات» و لەمەش زیاتر هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە «لە تەواوی پرۆسەی سیاسیی عێراق و ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت ئیمزا کراوە، دەکشێتەوە»، حزبەکانی دیکە کە لە بنەڕەتەوە خاوەنی پرۆژ یاسا ئیستفزازییەکە بوون، بۆ دابەشکردنی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان، ئەم غەدرەی دادگای فیدراڵییان وەك سەرکەوتن بۆ خۆیان لە قەڵەم دا و لەمەش خراپتر سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە گاڵتەپێکردنەوە پێی گوتن: «جەمال لۆ ماریێ»، ئەمەش وەك سووکایەتی پێکردنی بەوەی نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانمان لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان کردە دەرەوە!

لێرەوە ئەگەر بپرسین: بۆچی هەر لە سەرەتاوە کورسیی کۆتای پێکهاتەکانی پەرلەمانی کوردستان کرایە ئامانج بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە کوردستان پەك بخرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا ئەو ئازارە دەیداتەوە کە پێکهاتەکان لە ئاکامی ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی چەشتیان، بۆیە لێرەدا ئاماژە بۆ وەڵامی هەندێکیان دەکەم کە لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆکان بەشدارییان کردووە و وەڵامیان داوینەتەوە:

● کەریم سلێمان ڕاوێژکاری جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی:

«ئەو ترسەی لە دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ لای ئێزدییەکان دروست بووە، ئێمەی ئێزدی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا شوێنێك بتوانین تێیدا بژین و هەست بە ئارامی بکەین، هەرێمی کوردستانە، ئەگەر سەقامگیری ئەم هەرێمە تێکبچێت، پێش هەمووان ئێمە وەك ئێزدی بە مەترسی دەزانین بۆ سەر ژیانی خۆمان».

● ئەکەد موراد نوێنەری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری:

«ئێمە لە شۆڕشەکانی کوردستان بەشداریمان کردووە و شەهید و قوربانیمان داوە و ناوچە و گوندەکانی ئێمەش هاوشێوەی برایانی کورد کاول کراون و خەڵکەکەی ڕاگوێزراون. ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە دیدێکی زۆر نیشتمانی و تێگەیشتن لە چەمکی هاووڵاتیبوون بونیاد نرا. لە بیرمە شەهید فرانسۆ هەریری پێی گوتم: «منیان دانابوو لە لیستی کۆتای کریستیانەکان خۆم کاندید بکەم، من پێیانم گوت: خەباتی من لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و دەمەوێت لەناو پارتی خۆم کاندید بکەم، سەرنج بدەن، ئەوکات ئاوا سەیری یەکتریمان دەکرد، ئێستاش کێشە بۆ کۆتاکان دروست دەکەن».

● مونا قەهوەچی سکرتێری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان:

«نەمانی کۆتا بۆ پێکهاتەی تورکمان واتە سڕینەوەی ئەو پێکهاتە و بەرخۆدانەشە کە پێکەوە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان کردوومانە، لە ساڵی ٢٠٠٤ کە پەرلەمانی کوردستان شەش کورسی بۆ کۆتا زیاد کرد، کە پێنجیان درا بە تورکمان و یەکێکیشیان بە ئەرمەن، ئامانج ئەوە بوو سیمای پێکەوەژیان لە کوردستان جوانتر بێت».

● داود هوهان داود سەرۆکی لیژنەی کارگێریی نەتەوەی ئەرمەن لە زاخۆ:

«ئێمە وەك ئەرمەن ٤٠٠ ساڵە لە عێراق دەژین و حیسابی هاووڵاتیمان بۆ نەکراوە، بەڵام تەنیا ١٠٠ ساڵە لە کوردستان دەژین، کورسییەکی کۆتامان بۆ تەرخان کراوە. لای نەتەوەی ئەرمەن، ئەم کورسیی کۆتایە مانا و مەغزایەکی گەورەی هەیە و بووەتە جێگەی شانازییەکی گەورە بۆ نەتەوەی ئێمە و ئەو جیاوازییە گەورەیەمان بۆ بەرجەستە دەکات، کە لۆژیکی سەرۆك بارزانی چۆن سەیری پێکەوەژیان دەکات و ئەقڵییەتی تەسکی حزبی و شۆڤێنیش چۆن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکان دەکات، دڵنیاشم ئەو لایەنە سیاسییەی کوردستانیش کە دەیەوێت کێشە بۆ کورسیی کۆتاکان دروست بکات، ئامانجە سەرەکییەکەی ئەوەیە هەڵبژاردن لە کوردستان هەر نەکرێت».

ئەو وەڵامەی نوێنەری کۆی پێکهاتەکان (بە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانەوە) پێیان گوتین، دەکرێت لەیەك ڕستەدا کورتی بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە: «نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، لەژێر ڕەشماڵی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان نەبێت، هەست بە ئەمان و دڵنیایی ناکەن و، دڵنیان کە سەرۆك بارزانی ئەم ئەمان و دڵنیاییان بۆ زامن دەکات»، هەر بۆیە کاتێك مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاننامە مێژوویییەکەی لە مارتی ٢٠٢٤ دەرکرد و بەشداریی هەڵبژاردن و مانەوەی لە پرۆسەی عێراق گرێ دایەوە بە کورسیی پێکهاتەکان، کارێکی لە پڕ و چاوەڕواننەکراو نەبوو، بەڵکو هەر ئەو هەڵوێستە توند و ڕەوایە لە لۆژیکی سەرۆك بارزانی چاوەڕوان دەکرا.

ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی و هەڵوێستی حزبە سیاسییە کوردستانییەکان «بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان»، وەڵامی ئەو تۆمەتەی حزبە سیاسییەکانی کوردستانی دایەوە، کە بۆچی پێکهاتەکانی کوردستان بێجگە لە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان متمانە بە هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردستان ناکەن؟ وەڵامەکەشی ئەوەیە: کاتێك دادگای فیدراڵیی عێراق کورسیی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستانی ڕەت کردەوە، بێجگە لە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، هیچ حزبێکی سیاسیی نەك هەر هەڵوێستیان نەبوو، بەڵکو پووچەڵکردنەوەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکانیان بە سەرکەوتن بۆ خۆیان دەزانی و سووکایەتیان پێدەکردن و پێیان دەگوتن: «جەماڵ لۆ ماریێ».

لە دوماهیدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان، ئەو لایەنانەی پرۆژە یاسایەکی ئیستفزازییان داڕشت بۆ ئەوەی یاسای هەڵبژاردنی کوردستان هەموار بکرێتەوە و کۆتای پێکهاتەکان بە ئامانج بگرن و، بەبێ ڕاوێژ بە پێکهاتەکان کۆتاکانیان بە سەر



چوار بازنەی هەڵبژاردن دابەش بکەن. دەبێت ئێستا هەموولایەنەکان وەڵامی ئەو پرسیارەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بدەنەوە کە دەپرسن: «ئێوە لایەنە کوردستانییەکان بۆچی ڕقتان لێمانە و دژایەتیمان دەکەن؟ ئایا ئێمەی پێکهاتەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لە پێناوی ئەم نیشتمانە پێشمەرگە نەبووین و قوربانیمان نەداوە؟ ئایا خوێنی شەهیدەکانمان تێکەڵاوی خوێنی شەهیدەکانتان نەبووە؟ ئایا گوند و شارەکانمان کاول نەکراون و خەڵکەکەی ڕانەگوێزراون؟ حزبە سیاسییەکان بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە لاڵ بوون و تەنیا یەك دیمەن دەبینن، کە ئەویش ئەوەیە ئیرادەی سەرۆك بارزانی قەڵغانی پاراستنی پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە.

**«کاتێک دادگای فیدراڵی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان پووچەڵ دەکاتەوە، من وەک کریستیانێک وا تێدەگەم کە پێم دەڵێت: «فەرموون ئەم وڵاتە جێبهێڵن، ئێوە لەم نیشتمانە جێتان نابێتەوە»**

**نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، لەژێر ڕەشماڵی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان نەبێت، هەست بە ئەمان و دڵنیایی ناکەن**



## سەردانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

# ماراسۆنی دیپلۆماتییەتی سەرکەوتوو



سەردانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ تاران و دیداری لەگەڵ ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەئی رابەری شۆڕشی ئیسلامی و ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆك کۆمار و حوسێن ئەمیر عەبدوڵڵاهیان و بەرپرسانی باڵای دیکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەروەها سەردانی ئەم دواییەی محەمەد شیاع سوودانی بۆ واشنتۆن و دیداری لەگەڵ جوزێف بایدن سەرۆکی ئەمریکا و گەورە بەرپرسانی کۆشکی سپی، دەکرێت بڵێین دوو ڕاستیی بۆ دەرخستین، کە پێشتر لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئاشکرا نەبوون:

١- ئەبومیساق ئەلمەساری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ڕێکخراوی بەدر لە پەیڵیکدا پێی گوتین: «برایان ڕاستییەکتان پێ دەڵێم کە زانیارییە و لەوانەشە لە لایەن لایەنەکەی خۆمەوە بە نەرێنی لەسەرم بشکێتەوە، ئەو زانیارییەش ئەوەیە کە هەولێر بەشدار بووە لە ڕازیکردنی ئەمریکا و سەرۆکەکەی بۆ ئەوەی لە کۆشکی سپی پێشوازی لە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بکەن».

٢- لە تارانیشەوە و لە میانەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێی گوتین: «زۆر سوپاسی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکەم، کە ڕۆڵی هەبووە لەم سەردانەی ئێمە بۆ تاران».

ئەم وەرچەرخانە لە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و ئاماژەکردنی هەر لایەکیان بە ڕۆڵی ئەوەی دیکە، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە پەیوەندییەکان چوونەتە قۆناغێکی دیکەی لێکتێگەیشتن، بەم جۆرە:

یەکەمیان: سیاسەتمەدارانی شیعەی عێراق خۆیان دادنیان بەو ڕاستییەدا ناوە، کە هێزە



سیاسییەکانی شیعە لە ناو خۆیاندا دابەش بوون بۆ «شیعەی ئەقڵانی و شیعەی چەکدار»، ئەوەی لە ماوەی حوکمڕانیی نزیکەی ئەم ٢٠ مانگەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی و هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، هەروەها لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، گەیشتوونەتە قەناعەتێك کە «بە ئەقڵانییەت نەبێت، نە حوکمڕانیی عێراقیان پێ دەکرێت، نە دەشتوانن کێشە هەڵپەسێردراوەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەن، نە دەشتوانن پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕێك بخەنەوە»، ئەم ئەقڵانییەتەی شیعە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لێ کراوە و ئامادەباشی پیشان دراوە، کە پشتگیریی ئەم ئەقڵانییەتە دەکەن و، جددییەتی ئەم ئەقڵانییەتەی شیعەش لە لایەن هەولێرەوە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەرجەمە کراوە و، بەرهەمیشی هەبووە، وەك خۆیان باسی دەکەن «هەولێر بەشدار بووە لە ڕازیکردنی ئەمریکا و سەرۆکەکەی بۆ پێشوازی لە سەرۆك وەزیرانی عێراق».

دووەمیان: لە ناو پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستانیشدا پەرتەوازەیی سیاسی و جۆرە دابەشبوونێکیش بە هاوشێوەی ماڵی شیعە هەیە، کە دەکرێت ناوی بنێین «بەرەی لۆژیك و ئەقڵانییەت لەگەڵ بەرەی پۆپۆلیستی و ئیرهابی فیکری»، بەرەی یەکەمیان کە بەرەی لۆژیك و ئەقڵانییەتە، خۆی لە (سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان)دا بەرجەستە دەکات و، ئامانجی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی دەستووری و وەك هەرێمێکی فیدراڵی کێشەکانی خۆی لە چوارچێوەی دەستوور لەگەڵ حکومەتی عێراق چارەسەر بکات، چارەسەرکردنی ئەم کێشانە کە هەم پێویستیان بە بەشداریکردنە لە بڕیاری سیاسی لە عێراقدا، هەمیش پێویستی بە بەشداریی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە سیاسییانە هەیە، بە هاوبەشی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا، لەم پرۆسەیەدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵێکی باشی لە کۆبوونەوەکانی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت گێڕاوە، کە ئەم هاوپەیمانییە سەرچاوەی یەکەمی بڕیاری سیاسییە بۆ حکومەتی عێراق، لە هەمان کاتدا مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی



کوردستان هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەکەی سوودانییەوە، لەسەر ئاستێکی بەرز هەماهەنگی و لێکتێگەیشتنی زۆر باشی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا دروست کردووە و، هەوڵەکان بەردەوامن کە پێکەوە ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە لایەنی (جێبەجیکردن)ـەوە هەیە، چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە، ئەم ئاراستە «لۆژیکی و ئەقڵانی»یەی هەرێمی کوردستانیش لە لایەن لایەنە شیعەکانی ناو هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەتەوە پێشوازی لێ کراوە و، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سیاسەت و ستراتیژیەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئەم هەرێمە وەك قەوارەیەکی دەستووری و شەرعی پارێزراو بێت و، پەیوەندییەکی باش و دۆستانەی لەسەر بنەمای رێز و بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ دراوسێکانیش هەبێت. لەم رووەوە حکومەتی عێراق رۆڵی هەبووە کە ئەم لایەنە لۆژیك و ئەقڵانییەی سیاسەت و ستراتیژیەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران تەرجەمە بکات و، پێیان بڵێت: «هەرێمی کوردستان ئەوە نییە کە لایەنی چەکداریی شیعە وێنای دەکەن، هەروەها ئەوەش نییە کە لایەنە پۆپۆلیستییەکانی ناو هەرێمی کوردستان باسی دەکەن»، بۆیە بەرژەوەندیی هاوبەشی عێراق و ئێران و هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە راستییەکان چۆنن، بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و ئەم ئاراستەیەش سەرەنجام بە بەرژەوەندیی هاوبەشی هەموو لایەك دەشکێتەوە.

ئەم وەرچەرخانە تازەیە وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە گوتەکانیدا ئاماژەی پێ کرد، بەرهەمی هەماهەنگی و لێکتێگەیشتنی چەندین مانگە، کە هەرێمی کوردستان و عێراق پێکەوە کاریان لەسەر کردووە، بەرهەمی ئەم هەماهەنگی و لێکتێگەیشتنەش وەك بینیمان ئاکامی سەردانەکەی محەمەد شیاع سوودانی بۆ واشنتۆن بوو کە بە «سەرووتر لە سەرکەوتوو» وەسف کرا، هەروەها ئاکامی سەردانی ئەم جارەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تاران و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئایەتوڵڵا عەلی خامنەئی رابەری شۆڕش و ئیبراهیم رەئیسی سەرۆك کۆمار و گەورەبەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، کە نەك هەر بە «سەرووتر لە سەرکەوتوو» وەسف دەکرێت، بەڵکو گەیشتە ئەو ئاستەی بە «سەردانێکی مێژوویی» لە قەڵەم بدرێت.



**فوئاد ئیزەدی**
پڕۆفیسۆری دیپلۆماسییەتی گشتی لە زانکۆی تاران بۆ گوڵان:

# سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران سەرکەوتوو بوو و سەرەتاییەکی نوێی پەیوەندییەکانی لێکەوتەوە

# دیمانەی تایبەت

فوئاد ئیزەدی، پرۆفیسۆری دیپلۆماسییەتی گشتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکایە لە زانکۆی تاران، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق بەگشتی و سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، بۆ ئێران و دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتە، لە سەرووی هەموویانەوە ڕابەری باڵا، و کاریگەری و دەرئەنجامەکانی ئەم سەردانە.

* ئاشکرایە کە لە ڕابردوودا عێراق و ئێران لە کێشە و ناکۆکی و بگرە لە شەڕێکی خوێناویدا بوون لەگەڵ یەکتری، بەڵام لەم چەند ساڵانەی دوایی و دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسێن، بارودۆخێکی دیکە هاتە ئاراوە. بە لەبەرچاوگرتنی پێشهاتەکانی ئەم دواییە چۆن لە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەڕوانن؟

- لە ڕاستیدا پەیوەندییەکان باشن لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا و بگرە لە بەرەوپێشچووندان، دیدگای هەردووولاش ئەوەیە کە بوونی پەیوەندیی باش و پەرەسەندوو لە نێوانیاندا لە قازانج و بەرژەوەندییاندایە. دواتر ئێمە دەزانین کە ئێران چەندین ڕایەڵ و پەیوەندیی مێژوویی و فەرهەنگی لەگەڵ عێراقدا هەیە، هەروەها ئاسایش و سەقامگیریی عێراق بۆ ئێران گرنگە، چونکە بەلەبەرچاوگرتنی سنووری دووردرێژی نێوان ئەم دوو وڵاتە، ئەوا هەر بارێکی نائەمنی لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ئێرانیش دەبێت. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین کە چەندین سزای ئابووری بەسەر ئێراندا سەپێنراون، یەکێک لە ڕێگاکانی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم سزایانەش بریتییە لە برەودان بە پەیوەندیی باشی ئابووری لەگەڵ دراوسێکاندا، لەم ڕوانگەیەوە بوونی پەیوەندیی پتەوی ئابووری لەگەڵ عێراقدا گرنگە بۆ ئێران و بگرە ئەمە مایەی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی هەردوو لایە.

* کەواتە دەکرێت چی بکرێت بۆ نەهێشتن و لابردنی بەربەست و ئاستەنگەکانی نێوان عێراق و ئێران بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان پتر بەرەو پێش بچن؟

**ئێران چەندین ڕایەڵ و پەیوەندیی مێژوویی و فەرهەنگی لەگەڵ عێراقدا هەیە، هەروەها ئاسایش و سەقامگیریی عێراق بۆ ئێران گرنگە**

- لە ڕاستیدا لایەنی سێیەم هەن کە خوازیاری بەرەوپێشچوون و قووڵبوونەوەی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق نین، ئەم لایەنەش دەیەوێت پارێزگاری لە هەژموون و باڵادەستیی خۆی بکات لە عێراقدا، لەم ڕووەوە نایەوێت دەوڵەتێکی بەهێز لە عێراقدا هەبێت. کەواتە دەکرێت بڵێین: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆشحاڵ نییە بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران. هەرچۆنێك بێت، هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە حکومەتی عێراق دەرك بەو ڕاستییە دەکات کە بوونی پەیوەندیی باش لەگەڵ ئێراندا مایەی خێر و خۆشی دەبێت بۆ هاووڵاتییەکانی و بۆ وڵاتەکەی، لەبەر ئەوە بەپەرۆشن بۆ پارێزگاریکردن لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و بەرهەڵستی فشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش دەکەن لەم ڕووەوە.

*** پێشهاتێکی گرنگی دیکەی ئەم دواییە، سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو ئێران و ئەنجامدانی چەندین دیدار و کۆبوونەوە بوو لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتەدا. ئێوە چۆن لە سەنگ و قورسایی و گرنگیی ئەم سەردانە دەڕوانن؟**

- بە تێڕوانینی من سەردانەکەی تەواو سەرکەوتوو بوو، کە لە باڵاترین ئاستی حکومەتی ئێرانیدا پێشوازی لێکرا، کە ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، واتە پێشوازیلێکردنەکەی لەوە زیاتر بوو کە زۆر کەس پێشبینی دەکرد. ئەمەش ئاماژەی بایەخدانی ئێرانە بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمە کوردییەکەدا. ڕاستە ئێران بە شێوەیەکی گشتی خوازیاری بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ عێراقدا، بەڵام ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕاستە، چونکە پەیوەندییە مێژوویی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی ئێران لەگەڵ کوردستاندا گرنگن. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە کە ئەمە سەردانێکی تەواو سەرکەوتوو بوو، هەروەها تاوەکو سەردانی زیاتری لەم چەشنە ئەنجام بدرێت، ئەوا بوارێکی کەمتر دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لایەنەکانی دیکە ئیستیغلالی بکەن و ئەو ئاڵنگارییانەی -کە ڕەنگە لە ئارادا بن- بۆ سوودی خۆیان بەکار بهێنن. کەواتە دەکرێت بڵێین، ئەمە سەرەتایەکی نوێیە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوزارشتی لە خواستی خۆی کرد بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم پرسەکان لەگەڵ ئێراندا و بۆ برەودان بە پەیوەندییەکان لەسەر تێکڕای ئاستەکاندا، ئێوە تا چەند گەشبین و ئومێدەوارن لەم ڕووەوە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا پێم وایە هیچ سنوورێك بۆ برەودان و گەشەپێدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا نییە، واتە تاوەکو هاوکاریی زیاتر لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستاندا بێتەدی، ئەوا حکومەتی ئێران خۆشحاڵتر دەبێت. یەکێك لە نیگەرانییەکانی ئێران ئەوەیە کە ئەم خاکە لەلایەن دوژمنەکانی هەردوولاوە بەکار نەهێنرێت بۆ دروستکردنی دژواری لە هەردوو دیوی سنوورەکە. پێم وایە پەیامی بەڕێز بارزانی ئەوە بوو، کە ئەویش هەمان دید و تێڕوانینی هەیە. کە ئەمە یەکێك لەو خاڵانە بوو کە وروژێنرا لە میانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ فەرماندە ئەمنییەکانی ئێراندا، پێم وایە ئەوەش بەدی دەکەن کە باشترکردنی پەیوەندییەکان بۆ بەرژەوەندیی هەردوولا دەشکێتەوە.

*** ئێمە دەزانین پێشتر بارگرژی و بەدگومانییەك هەبوو لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە بۆچوونی ئێوە هۆکارەکانی ئەو بارگرژییانە چی بوون، کە هەندێ جار هەڵکشان و تەنانەت هێرشکردنەسەر کوردستانیشی لێکەوتەوە؟ چۆن دەکرێت لەمەودوا ئاسۆیەکی نوێ بە ڕووی پەیوەندییەکاندا بکرێتەوە؟**

- من پێم وایە یەکێك لە لایەنە ئەرێنییەکان ئەوەیە کە پەیوەندییەکی چڕی فەرهەنگی لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەرێمی کوردستاندا هەیە، دەکرێت پەرە بەم پەیوەندییانەش بدرێت. ئێمە دەزانین ئێران پەرە بە زانست و تەکنەلۆژیا دەدات و دەکرێت ئەمە بە سوود و قازانجی هەرێمی کوردستان بشکێتەوە، ئەوەتا خەڵکانێك لەم هەرێمەوە بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕوودەکەنە نەخۆشخانەکانی ئێران. کەواتە ئەو تێگەیشتنەی گەڵاڵە بووە، ئەوەیە کە بەرەوپێشچوونی زیاتری پەیوەندییەکان مایەی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی زیاتری هەردوولایە.

**پەیوەندییە مێژوویی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی ئێران لەگەڵ کوردستاندا گرنگن**

**یەکێک لە نیگەرانییەکانی ئێران ئەوەیە کە ئەم خاکە لەلایەن دوژمنەکانی هەردوولاوە بەکار نەهێنرێت بۆ دروستکردنی دژواری لە هەردوو دیوی سنوورەکە. پێم وایە پەیامی بەڕێز بارزانی ئەوە بوو، کە ئەویش هەمان دید و تێڕوانینی هەیە**

**پەیوەندییەکی چڕی فەرهەنگی لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەرێمی کوردستاندا هەیە، دەکرێت پەرە بەم پەیوەندییانەش بدرێت**

**ئێران پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حکومەتی عێراق و لەگەڵ هەرێمی کوردستانیشدا هەیە، ئەمە ئەو دەرفەتە بە ئێران دەدات، کە ڕۆڵی ناوبژیوانی ببینێت، بۆ ئەوەی نیگەرانییەکانی هەردوولا بڕەوێنرێتەوە**

* نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئێران کاریگەری و دەسترۆیشتوویی‌یەکی زۆری لە نێو عێراقدا هەیە، بە بۆچوونی ئێوە تا چەند ئێران دەتوانێت و دەیەوێت رۆڵێکی ئەرێنی و بنیادنەری لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا هەبێت، بەتایبەتی لە پرسی بودجە و مووچە و هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان؟

- گومانی تێدا نییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حکومەتی عێراق و لەگەڵ هەرێمی کوردستانیشدا هەیە، ئەمە ئەو دەرفەتە بە ئێران دەدات، کە رۆڵی ناوبژیوانی ببینێت، بۆ ئەوەی نیگەرانییەکانی هەردوولا برەوێنرێتەوە. دواتر ئێمە دەزانین دەسترۆیشتوویيان هەیێت لە عێراقدا. لەم روانگەیەوە ئاماژە بەوە دەکرێت، کە ئێران دەیەوێت لایەنەکانی عێراق لە خۆی نزیک بکاتەوە و ببێتە پارسەنگێك بۆ هەر کاریگەرییەك کە تورکیا بیەوێت هەیبێت لە عێراقدا، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟

- من پێم وایە ئێران دەیەوێت پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتە دراوسێکانیدا بدات، لە نێویاندا دەوڵەتی تورکیا. ئێمە دەزانین کە لە رووی مێژووییەوە تورکیا کێشەی لەگەڵ عێراق و لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش هەبووە، دانیشتووانێکی بەرچاوی کوردیش لە تورکیا دەژین، ئێرانیش نایەوێت ئەم

**لە بەرژەوەندیی ئێراندایە کە زامنی ئەوە بکرێت، خەڵکی هەرێمی کوردستان بەهرەمەند و بەشدار بن لە سامان و سەروەتی وڵاتەکەیان**



کە بوونی هەرێمێکی دەوڵەمەند (هەرێمی کوردستان) و بوونی عێراقێکی دەوڵەمەند سوودی بۆ ئێران هەیە، چونکە بارودۆخێکی باش نییە ئەگەر دراوسێکانت هەژار بن. کەواتە ئەگەر دەوڵەتە دراوسێکان لەرووی ئابوورییەوە لە گەشە و پێشکەوتندا بن، ئەوا تۆش لە بارودۆخێکی باشتردا دەبیت. ئەوەش لە بەرژەوەندیی ئێراندایە کە زامنی ئەوە بکرێت، خەڵکی هەرێمی کوردستان بەهرەمەند و بەشدار بن لە سامان و سەروەتی وڵاتەکەیان.

* زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئێران و تورکیا لە ململانێدان بۆ ئەوەی زۆرترین

کێشانە ببنە هۆی دروستبوون و هێنانەئارای ململانێ و ناکۆکی لە نێوان دراوسێکاندا، لەم سۆنگەیەوە بوونی پەیوەندیی باش لە نێوان تورکیا و عێراق و تورکیا و هەرێمی کوردستاندا لە بەرژەوەندی و سوودی ئێران دەبێت، چونکە ئەگەر ئاشتی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێت، ئەوا هەمووان سوودمەند دەبن، ئومێدی ئێرانیش ئەوەیە کە تورکیاش دەرك بەم راستییە بکات و لەبەرچاوی بگرێت. ئێران پێی وایە دەبێت رێز لە یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتانی ناوچەکە بگیرێت، ئەگەرنا بشێوی بڵاو دەبێتەوە و باڵ دەکێشێت بەسەر ناوچەکەدا.

**ئەگەر ئاشتی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێت، ئەوا هەمووان سوودمەند دەبن، ئومێدی ئێرانیش ئەوەیە کە تورکیاش دەرك بەم راستییە بکات و لەبەرچاوی بگرێت**



پڕۆفیسۆر هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی بۆ گوڵان:

# سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئێران تێگەیشتنی سیاسی و بەرفراوانبوونی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لێدەکەوێتەوە

# دیمانەی تایبەت

هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی، پرۆفیسۆرە لە سکوڵی ئیدوارد بلاوستین بۆ پلاندان و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ڕوتگێرز، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك دارشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی گشتی و پەرەپێدانی ئابووریی نێودەوڵەتی. هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمریکی-ئێرانییە، کە ئەنجومەنێکە بایەخ بە پەرەپێدانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن دەدات لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکی و ئێرانیدا. هەروەها دامەزرێنەری سەنتەری شیکاری و توێژینەوەی ئێرانی بووە و بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرە بووە. پرۆفیسۆر ئەمیرئەحمەدی کاندیدی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران بووە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، بەڵام کاندیدبوونی لەلایەن «شورای نگهبان»ـەوە ڕەت کرایەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران و دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی ئەم سەردانە و پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق و بوون و ڕۆڵی ئەمریکا لە عێراق.

**سەپاندنی کۆمەڵێک سزای ئابووری و دارایی لەلایەن ئەمریکاوە لە دژی ئێران، کێشە و گیروگرفتی لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێراندا دروست کردووە**

*** هەروەك ڕوونە، بوونی تێگەیشتن و پەیوەندیی باش لە نێوان عێراق و ئێراندا لە بەرژەوەندیی هەردوو لادایە، هەر لەم ڕوانگەوە و لە سەرەتاوە دەمانەوێت بپرسین: ئێوە چۆن لە پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق دەڕوانن؟ ئایا پەیوەندییەکی هاوسەنگە، یان زیاتر لە بەرژەوەندیی لایەنێکیاندایە؟ ئایا هێزی دیکە هەن کە کاریگەرییان لەسەر ئەم پەیوەندییانە هەبێت؟**

- بە تێڕوانینی من پەیوەندییەکان ئیدارەدراون، بەڵام لە هەمان کاتدا بارگرژیشیان تێدایە، هۆکارەکەشی پەیوەندی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە تێوەگلانی ئەمریکا لەم پەیوەندییانەدا (نێوان عێراق و ئێران)، زۆر هاوکار و یارمەتیدەر نەبووە. هەرچەندە تێوەگلانی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کێشەی دروست نەکردووە، بەڵکو ناڕاستەوخۆ زەمینەی دروستکردنی کێشەی خوڵقاندووە. بۆ نموونە، سەپاندنی کۆمەڵێك سزای ئابووری و دارایی لەلایەن ئەمریکاوە لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کێشە و گیروگرفتی لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێراندا دروست کردووە.

*** بەڵام دەوترێت کە ئێران کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە لە عێراقدا، بەتایبەتی لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیدا، تا چەند ئێوە لەگەڵ ئەمەدا هاوڕان؟**

- من تا ڕاددەیەك هاوڕام. دواتر نابێت ئێمە ئەو ڕاستییە نادیدە بگرین، کە پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەڵکشان و داکشان و هەوراز و نشێوی

**دروستبوونی بزووتنەوە و تەوژمێکی شیعە لە عێراق، کە کەمتر هاوتەریب بوون لەگەڵ ئێراندا، بووە هۆکاری ئەوەی ئێران هەندێ لە دەستڕۆیشتوویی خۆی لەو وڵاتە لەدەست بدات**

**هێڵی سووری ئێران ئەوەیە کە هیچ هێزێکی ناوچەکە پشتیوانی لەو هێزانە نەکەن کە دەیانەوێت دەسەڵات لە ئێراندا بڕووخێنن**

**ئێران هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ ئەو هێزانە هەیە کە لەناو کوردستانەوە کار لە دژی ئێران دەکەن**

**پێویستە خاکی کوردستان لە ژێر کۆنتڕۆڵ و سیاسەتی خۆیدا بێت، واتە ئەو سیاسەتەی تێدا پەیڕەو بکرێت کە خۆی داڕێژەر و دیزاینەری بێت**

تێکەوتووە، کە ئێمە دەزانین لە سەروەختی دەسەڵاتی سەدام حوسێندا، جەنگ بەرپا بوو و هەشت ساڵی خایاند، دواتر ماوەیەك هێمنی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هاتەئاراوە، پاشان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا عێراقی داگیر کرد و چەندین کێشە و تەنگژەی دروست کرد.

*** باسی ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەدام و داگیرکردنی عێراقتان کرد لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. چۆن پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران هەڵدەسەنگێنن لە دوای ئەم داگیرکارییەوە و، ئایا بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان لە بەرژەوەندی هەردوولادا بووە و چۆن لە ئاسۆی پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە دەڕوانن؟**

- ئاشکرایە کە دوای داگیرکردنی عێراق، ئەوا بۆ ماوەی چەند ساڵێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆنتڕۆڵی دۆخی عێراقی کردبوو، لەو کاتەدا ئێران ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی هەبوو لە عێراقدا. پاشان ئەم هەلومەرجە گۆڕانکاری بەسەردا هات، واتە دوای ئەوەی خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووبەڕووی گوشار و بەرهەڵستیی خەڵکی عێراق بووەوە و لە کۆتاییدا ناچار بوو ئەو وڵاتە جێبهێڵێت. ئەوە بوو کە دۆخێك دروست بوو کە پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق بەرەوپێش چوون، دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێرانیش لەو وڵاتەدا بەرەو هەڵکشان چوو، بە چەشنێك کە ئێران توانیویەتی وەکیلی خۆی لە عێراقدا دروست بکات. بەڵام دواتر دوو پێشهات و پەرەسەندن ڕوویان دا، یەکەمیان دروستبوونی بزووتنەوە و تەوژمێکی شیعە لە عێراق، کە کەمتر هاوتەریب بوون لەگەڵ ئێراندا، بووە هۆکاری ئەوەی ئێران هەندێ لە دەستڕۆیشتوویی خۆی لەو وڵاتە لەدەست بدات. دواتر داعش سەریهەڵدا و دروست بوو، ئەمەش بارێکی خوڵقاند کە ئێران دووبارە برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بداتەوە، چونکە ئێران دەستیکرد بە شەڕکردن لە دژی داعش، مەبەستم هاوکاری و پاڵپشتیی ئێران بوو بۆ عێراقییەکان بۆ ئەوەی شەڕ لە دژی داعش بکەن. بە هەرحاڵ جارێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەر هەلومەرجەکەدا هاتەوە و ئەمریکییەکان گەڕانەوە و فشاریان لەسەر حکومەتی عێراق دروست کرد، بۆ ئەوەی، یان وەکیلەکانی ئێران هەڵبوەشێننەوە، یان بیانخەنە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیان، لە دەرئەنجامدا جارێکی دیکە ئێران بەشێك لە دەستڕۆیشتوویی خۆی لە دەست دایەوە، بەتایبەتی لە ئاست حەشدی شەعبیدا، چونکە بەشێکی حەشدی شەعبی تێکەڵی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان کرانەوە. هەر چۆنێك بێت، ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی ئیسرائیل هێرشی کردە سەر کەرتی غەززە.

*** لەم چەند ڕۆژەی دواییدا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی ئێرانی کردو لەسەر ئاستێکی باڵا پێشوازی لێکرا و چەندین کۆبوونەوە و دیداری گرنگی ئەنجام دا، بەرپرسە باڵاکانی ئێران و تەنانەت ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتەش، ئەم سەردانەیان بە وەرچەرخان و پێشهاتێکی زۆر ئەرێنی لەقەڵەم دا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و خاوکردنەوەی گرژییەکان، ئێوە چۆن لە سەنگی ئەم سەردانە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە سەردانێکی گرنگ بوو. ئێمە دەزانین کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی گرنگە و لە ماوەی ڕابردوودا ئێران هەموو هەوڵێکی داوە کە بارودۆخەکە لەسەر هەموو ئاستەکان خاو بکاتەوە و ڕێگری لە هەڵکشانی گرژییەکان بکرێت. من پێم وایە هێڵی سووری ئێران ئەوەیە کە هیچ هێزێکی ناوچەکە پشتیوانی لەو هێزانە نەکەن کە دەیانەوێت دەسەڵات لە ئێراندا بڕووخێنن. منیش پێم وایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم چەند مانگەی ڕابردودا هاوکار بوون بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن، هێزی لەم چەشنە لە خاکی هەرێمەکەوە کارەکانیان ئەنجام بدەن. بە هەر حاڵ من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کێشەیەکی ڕاستەوخۆ نییە لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو کێشەکە ناڕاستەوخۆیە و لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە هێزی دیکە هەن و دەیانەوێت لە هەرێمی کوردستانەوە کار بۆ زیانگەیاندن بە ئێران بکەن، کە ئەمەش کارێکە ئێران ناتوانێت چاوپۆشی لێبکات. کەواتە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر



بە وریاییەوە هەنگاو هەڵبگرێت، چونکە ئێران هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ ئەو هێزانە هەیە کە لە ناو کوردستانەوە کار لە دژی ئێران دەکەن. کەواتە بە بۆچوونی من سەردانەکەی بارزانی بۆ ئێران پتر جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەم پرسە سیاسییانە و لەسەر پرسی سنوورەکان. دواتر ئێمە دەزانین کە پەیوەندییەکی چڕی ئابووری لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستاندا هەیە، و چەندین کاڵا و کەلوپەل ئاڵوگۆڕ دەکرێن لە نێوان ئەم دوو دراوسێیەدا، بواری بازرگانییش باشتر دەبووژێتەوە، ئەگەر ئاشتی و سەقامگیریی زیاتر باڵ بکێشێت بەسەر ئەم ناوچەیەدا. کەواتە سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەردانێکی گرنگ بوو و دڵنیام تێگەیشتنی باشی لێدەکەوێتەوە لەسەر پرسە سیاسییەکان و بە ئومێدی ئەوەی ئەمەش ببێتە هۆی بەرفراوانبوونی پەیوەندییە ئابوورییەکانیش.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین ئەمە سەردانێکی سەرکەوتوو بوو، بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان و کەمکردنەوەی بارگرژییەکان، کە باس لەوە دەکرێت کە ئەم سەردانە مێژوویی بوو و گەشبینییەکی باشی بە دوای خۆیدا هێنا؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە سەردانەکەی بەڕێز بارزانی هاوکار دەبێت لە خاوکردنەوەی گرژییەکان. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هێزەکانی پشت پەردە (ئەمریکا و ئیسرائیل و چەند هێزێکی دیکە) نایانەوێت پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێراندا هەبێت، ئەم هێزانەش هەموو شتێك دەکەن کە لە دەستیان بێت بۆ دوورخستنەوەی ئەم دوولایەنە لە یەکتری و زیادکردنی دوژمنایەتی لە نێوانیاندا. کەواتە پێم وایە باشترین ڕێگا چارە، ئەوەیە کە ئەم دوو لایەنە (کوردستان و ئێران) پێکەوە کار بکەن و زۆر وریا بن. پێویستە خاکی کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵ و سیاسەتی خۆیدا بێت، واتە ئەو سیاسەتەی تێدا پەیڕەو بکرێت کە خۆی داڕێژەر و دیزاینەری بێت.

**سەردانەکەی بەڕێز بارزانی هاوکار دەبێت لە خاوکردنەوەی گرژییەکان. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هێزەکانی پشت پەردە (ئەمریکا و ئیسرائیل و چەند هێزێکی دیکە) نایانەوێت پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێراندا هەبێت**



**هیمداد سەباح بیلال**
**سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# هەڵویستی جەنابی سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەعی هەرێمی کوردستان لەسەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی زۆر بەرز و گرنگ و بە جەسارەت بوو

# هاتنی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ هەولێر ئەوەمان پێ دەڵێت، ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ بەغدا کراون، هەرێمی کوردستانیش تێدا بەشدارە و بەشێکە لەو ڕێککەوتنانە

**بۆ ئەوەی بزانین هۆکار چی بوو کە کورسیی کۆتا بووە خاڵی ناکۆك و ململانێ لە ناو پەرلەمان و سکاڵای لەسەر تۆمارکرا و پێکهاتەکان چۆن تەماشای هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی دەکەن، لەوەی قبووڵیان نییە هەڵبژاردن بە بێ پێکهاتەکان بکرێت، لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ هیمداد سەباح بیلال سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ساز دا.**

*** بۆچی کورسیی کۆتاکان بووە خاڵی ناکۆکی لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، وەك پەرلەمانتاری ئەو خولەی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی، ئەو هۆکارانە چی بوون کە لایەنێکی سیاسیی کوردی دژی کورسیی کۆتاکان پرسەکەی بردە دادگای فیدراڵیی عێراق؟ ئایا ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی تاچەند مەترسی لەسەر پێکەوەژیان لە کوردستان دروست دەکات؟**

- ئەم بابەتە زۆر گرنگ و هەستیارە، پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بە کوردو تورکمان و کلد و ئاشوری و ئەرمەنی و سریانی و چەندین ئایین و ئایینزاش ئەو فرە ڕەنگ و فرە دەنگییەی کە هەرێمی کوردستانی جوانکردووە و کورسیی کۆتاکانیش کە بۆ پێکهاتەکان دانراوە سەرەتا لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ بەپێی بڕیاری سیاسی پێنج کورسیی بۆ کریستیانەکان تەرخانکرا لە پاشان لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە بەپێی یاسا ئەو کورسییانە بوونە یانزە کورسی کە پێنج کورسیی بۆ پێکهاتە و نەتەوەی تورکمان و یەك کورسییش بۆ ئەرمەنی زیاد کرا، ئەمەش وای کرد، هەموو پێکهاتەکانی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵ یەکتر دەژین، لە یاسادانان و چارەنووسیشیان لەو هەرێمەدا ببێتە یەك و، ئەو کورسیی کۆتایانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بەوپێشەوەچوون و بەرجەستە و گەشەکردنی پێکەوەژیان هەبوو و سەرنجی هەموو وڵاتانی ڕاکێشا، بەڵام لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە ناو پەرلەماندا کێشە لە نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکان، بەتایبەتی لە نێوان یەکێتی و پارتی دەستی پێ کرد، هەر چەندە ئێمە کێشەکە بە موزایەدەی سیاسیی لایەنێك لە لایەنەکانی ناو پەرلەمانی دەزانین، ئەگەرچی لە خولی پێنجەمی پەرلەماندا ئەو ناکۆکی و ململانێیەی لە نێوان هەردوو لایەن و حزبی گەورە کە یەکێتی و پارتییە زیاتر گەورە بوو، ئەم ناکۆکییەش زیاتر بۆ نەبوونی دەستووری هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر دەستوور نەبێت، ئەوە ئالییەتێکیش نابێت کارەکان ڕێك بخات و کێشە و ناکۆکییەکانیش بەپێی یاسا و ڕێنمایی چارەسەر بکات، هەر بۆیە کورسیی پێکهاتەکان زەق بووەوە و بووە خاڵی دیاری ناکۆکییەکە، چونکە ئێمە وەکو پێکهاتەکان بەگشتی و تورکمان بەتایبەتی بەپێی ئەو بەرژەوەندییانەی هەمانبوو، بینیمان، ئەو لایەنەی کە لە هەموو بابەت و ماف و بەرژەوەندییەکماندا تاکە فراکسیۆن بوو بەرگری و داکۆکی لێ دەکردین، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەر ئەمەش وای کرد پێهکاتەکان هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی ببەستین، ئەمەش عورف و کارێکی گونجاوە و هەر وەکو ئەو هاوپەیمانییە بوو کە لە نێوان

**ئەو کورسیی کۆتایانە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەوپێشەوەچوون و بەرجەستە و گەشەکردنی پێکەوەژیان هەبوو و سەرنجی هەموو وڵاتانی ڕاکێشا**

**ئەو لایەنەی کە لە هەموو بابەت و ماف و بەرژەوەندییەکماندا تاکە فراکسیۆن بوو بەرگری و داکۆکی لێ دەکردین، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەر ئەمەش وای کرد پێهکاتەکان هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی ببەستین**

پارتی و یەکێتی و گۆڕاندا کراوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە لەو ململانێ سیاسییەی لە ناو پەرلەمان دروست بوو، ئەوە نابێت هۆکار و کێشەکان هەر هەمووی بخەینەسەر نەتەوەی کورد و لایەنە کوردییەکان، بەڵکو ئێمەش وەکو پێکهاتەکان بەگشتی نەمانتوانی تەوازون لە نێوان لایەنە کوردییەکاندا ڕابگرین، هەر چەندە ئێمە وەکو فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی هەوڵی خۆمان دا بۆ چارەسەر و کەمکردنەوەی کێشەکە، بەڵام ئەو لایەنەی کە نەیدەویست هەڵبژاردن بکرێت، ئەوە کورسیی کۆتایان زەق کردەوە، لە پاشان نەدەبوو کێشە و گرفتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کێشەی ناو پەرلەمان ببردرێتە دادگای فیدراڵی کە دیتمان لایەنێکی کوردستانی کورسیی کۆتاکانی کردە سکاڵا و لە دادگای فیدراڵی تۆماری کرد، کە هەر ئەم سکاڵایەش بووە هۆی ئەوەی کورسیی کۆتاکان نەمێنێت لە پەرلەمانی کوردستاندا.

لێرەدا لەو دەرفەتەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم، کە زۆر کەس و لایەن دەیانگوت ئەگەر نەوتی کوردستان ڕادەستی عێراق بکرێت، ئەوە بەردەوام و بە ڕێکوپێکی بودجە و مووچەمان بۆ دێت، ئەگەرچی دیتمان هەرێمی کوردستان هەموو ئەو داواکارییانەی جێبەجێ کرد، کەچی ئێستا زۆر لە پێشتر بارودۆخی کوردستان خراپترە و نە بودجە و نە مووچە دەنێرن و ناهێڵدرێت نەوتەکەش بڕوات. بۆیە پێویستە خەڵکی ئاسایی و سیاسییەکانیشمان بزانن مەبەستی هەر هەنگاوێکی حکومەتی عێراق بریتییە لە لاوازکردنی قەوارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیەش ئەو بڕیارەی داگای فیدراڵی داویەتی لەسەر نەمانی کورسیی کۆتاکان، نە یاساییە و نە دەستوورییە، تەنیا ویستیان کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان دروست بکەن. من لێرەدا پێیان دەڵێم بەوانەی سکاڵایان کرد و بە دادگای فیدراڵییش بە هیچ جۆر و ڕێگەیەک ناتوانن پێکەوەژیان لە کوردستان تێک بدەن. جەنابی سەرۆک بارزانی، کە کەسایەتییەکی بارز و سەرکردەیەکی سیاسیی کاریزمای کوردستانییە، قەت ناهێڵێت پێکهاتەکانی کوردستان لە ماف و بەرژەوەندییەکانیان بێبەش بن. لەلایەکی دیکە چۆن دەبێت لە کوردستان سیستمی دیموکراسی و پەرلەمانی هەبێت، بەڵام چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزا و پێکهاتە نوێنەریان لە پەرلەمانەکەدا نەبن؟

*** ئێستا و دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، کورسیی کۆتاکان ڕەت کراونەتەوە و تورکمانەکانیش بەشداریکردنیان لە پەرلەمانی کوردستان نامێنێت. ئایا ئێوە وەك تورکمان و کلد و ئاشووری و سریان و ئەرمەن، هەوڵەکانتان بە کوێ گەیشت بۆ ئەوەی کورسیی کۆتاکان بگێڕنەوە؟**

- لەو کاتەی دادگای فیدراڵی ئەو بڕیارەی داوە، لەلایەن پێکهاتەکانەوە هەوڵێکی زۆر دراوە و چەندین کۆبوونەوە و سیمیناری تایبەتی لەسەر ئەو بابەتە ئەنجام دراوە و، بە نووسراو و ڕاپۆرت دەنگی خۆمان گەیاندووەتە هەموو کونسوولییە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و یۆئێن و چەندین شوێنی پێویست، هاوکات لەگەڵ پارت و لایەنەکانی کوردستان کۆبوونەوە و قسەمان کردووە و دەنگمان گەیاندووەتە دادگای فیدراڵیی عێراق و شکایەت و دەنگی ناڕەزاتی خۆمان گەیاندووەتە بەغدا، ئێمە وەکو پێکهاتەکان بەتایبەتی تورکمان دەستخۆشی لە حکومەتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، کە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریان بۆ گەڕانەوەی کورسیی کۆتاکان هەیە و بە هیچ جۆرێکیش هەڵبژاردنێك ناکرێت ئەگەر هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە تێیدا بەشدار نەبن.

*** لە ناو تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا تەنیا سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی توندیان لەسەر ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتاکان وەرگرت و، ڕایانگەیاند ئەگەر کورسیی کۆتاکان نەمێنن، ئەوا پارتییش لە هەڵبژاردنەکان بەشداری ناکات و بایکۆتی دەکات. ئێوە وەك تورکمان چۆن سەیری ئەم هەڵوێست و پشتگیرییەی سەرۆك بارزانی دەکەن؟**

- زۆر بە دڵخۆشییەوە پێشوازی لەو بڕیارە و لەو هەڵوێستە و لەو هەڵسوکەوتەی پارتی

**ئێمە وەکو فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی هەوڵی خۆمان دا بۆ چارەسەر و کەمکردنەوەی کێشەکە، بەڵام ئەو لایەنەی کە نەیدەویست هەڵبژاردن بکرێت، ئەوە کورسیی کۆتایان زەق کردەوە**

**زۆر کەس و لایەن دەیانگوت ئەگەر نەوتی کوردستان ڕادەستی عێراق بکرێت، ئەوە بەردەوام و بە ڕێکوپێکی بودجە و مووچەمان بۆ دێت، ئەگەرچی دیتمان هەرێمی کوردستان هەموو ئەو داواکارییانەی جێبەجێ کرد، کەچی ئێستا زۆر لە پێشتر بارودۆخی کوردستان خراپترە و نە بودجە و نە مووچە دەنێرن و ناهێڵدرێت نەوتەکەش بڕوات**

**ئەو بڕیارەی داگای فیدراڵی داویەتی لەسەر نەمانی کورسیی کۆتاکان، نە یاساییە و نە دەستوورییە، تەنیا ویستیان کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان دروست بکەن**

دیموکراتی کوردستان و بەتایبەتی هەڵوێست و پێداگریی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین، کە ئێمە وەکو مەرجەعێکی هەرێمی کوردستان دەیبینین و دەبێت هەموو دنیا بزانێت، تاکو ئێستا پارتی تاکە لایەن و حزبێکە و جەنابی سەرۆک بارزانی تاکە سەرکردە و پێشەوایە کە بە ڕوون و ئاشکرا و بە جەسارەتەوە لە دژی نەمانی کورسیی کۆتاکان ڕاوەستاون، پێداگریشیان لەوە کردووە، کە هەڵبژاردن ناکرێت و پارتی بەشدار نابێت بێ پێکهاتەکان و گەڕانەوەی ئەو یانزە کورسییەی کۆتا کە هەقێکی شەرعیی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانە کە بەپێی یاسا لە پەرلەمانی کوردستان ڕێک خراوە.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان و پێکهاتەکان زۆرینەن لە پەرلەمانی کوردستان، ئایا ئەگەر وەک بڕیارتان داوە بەشداریی هەڵبژاردن نەکەن، بەڕای ئێوە هەڵبژاردن لە کوردستان دەکرێت؟**

- ئێمە و پارتی و زۆربەی لایەنەکان لەگەڵ ئەوەین هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بەڵام هەڵبژارنەکە بە بەشداریی هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت، ئێمە و پارتیش لەگەڵ ئەوەین کە ناکرێت پێکهاتەکانی کوردستان لە هەڵبژاردن بەشدار نەبن، هەر چەندە ئێمە وەکو بەرەی تورکمانی لە ٦/١٠یان هەر کاتێک بێت بەشداریی هەڵبژاردنی کوردستان وەکو نەتەوەی تورکمان دەکەین، بەڵام لە کاتێکدا پارتی بەشدار نەبێت، کە لایەنێکی زۆرینەیە و جەماوەرێکی بەرچاوی هەیە، ئەوە هەڵبژاردنەکە ناکرێت و بشکرێت سەرکەوتوو نابێت، چونکە بە لایەنی کەمەوە دوو پارێزگای وەکو هەولێر و دهۆک لە هەڵبژارنەکەدا بەشدار نابن.

*** لە دوای ١٣ ساڵ جارێکی دیکە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەردانی بەغدا و هەولێری کرد، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە کە سەرۆک کۆماری تورکیا بە مەبەستی ئەوەی کە پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەبێت، هاتە هەولێر، ئایا ڕەنگدانەوەی ئەم سەردانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- عێراق و تورکیا بە هەموو پێکهاتەکانەوە، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی مێژوویی و کەلتووری و کۆمەڵایەتیی یەکجار بەهێزیان لە نێواندا هەیە. هەروەها لە دوای ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بازرگانییش لە نێوان تورکیا و عێراق و بەتایبەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان گەشەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی بە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان بووە هەرێمێکی فیدراڵیی فەرمی و سنوورێکی زۆریشی لەگەڵ تورکیا هەیە. بۆیە پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر باش و بەهێزە و قەبارەی بازرگانی ساڵ لە دوای ساڵ لە هەر بارودۆخێکدا بێت، زۆر و جێگەی گرنگیپێدانە و لەلای جەنابی سەرۆک کۆماری تورکیاش هەرێمی کوردستان جێگە و گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و هەر کەسێکی دیکەش ببێتە سەرۆک کۆمار لە تورکیا و ڕەجەب تەیب ئەردۆگانیش بگۆڕێت، ئەو پەیوەندییە باش و سەرکەوتوو و بەهێزە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەمێنێت. چون بەغدا چۆن پایتەختی عێراقی فیدراڵە، هەولێریش پایتەختی سیاسی و بازرگانی و پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستانی فیدراڵە، بۆیە گرنگیی زۆر و تایبەتی خۆی لەلای تورکیا هەیە. هاوکات هاتنی سەرۆک کۆماری تورکیا ئەوەمان پێ دەڵێت، ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ بەغدا کراوە، ئەوە هەرێمی کوردستانیش تێیدا بەشدارە و بەشێکە لەو ڕێککەوتنانە.

*** تا چەند پرسی نەمانی کۆتای تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان جێگەی بایەخی سەرۆککۆماری تورکیا بوو؟ هێندەی ئێوە ئاگادارن، ئایا ئەم پرسەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقی باس کردووە؟**

- ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی عێراق بە هەقیقەت جێگەی نیگەرانیی ئەوانیش بووە، تورکیاش وەکو وڵاتێکی دراوسێ و نزیک و پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و نزیکی لەگەڵ نەتەوەی تورکمان هەیە، زۆر نیگەرانە بەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی عێراق لەسەر نەهێشتنی کورسیی کۆتاکان، بە تەئکید ئەو پرسەشی لە ڕێگەی باڵیۆزخانە و ڕێگەی دیکەی دیپلۆماسییەوە گەیاندووەتە بەرپرسانی عێراق، لە سەردانەکەشیدا سەرۆک کۆماری تورکیا لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق و حکومەتی سوودانی باسی ئەم پرسەی کردووە.

**جەنابی سەرۆک بارزانی، کە کەسایەتییەکی بارز و سەرکردەیەکی سیاسیی کاریزمای کوردستانییە، قەت ناهێڵێت پێکهاتەکانی کوردستان لە ماف و بەرژەوەندییەکانیان بێبەش بن**

**ئێمە وەکو پێکهاتەکان بەتایبەتی تورکمان دەستخۆشی لە حکومەتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، کە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریان بۆ گەڕانەوەی کورسیی کۆتاکان هەیە**

**هەر کەسێکی دیکەش ببێتە سەرۆک کۆمار لە تورکیا و ڕەجەب تەیب ئەردۆگانیش بگۆڕێت، ئەو پەیوەندییە باش و سەرکەوتوو و بەهێزە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەمێنێت**



## شێخ زێدۆ باعەدرێ

کەسایەتیی ناسراوی کوردی ئێزدی بۆ گوڵان:

# کوردبوون ناسنامەیەکی پیرۆزە لای کوردانی ئێزدی، بەداخەوە لە عێراقدا کار بۆ نانەوەی جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان کوردانی ئێزدیدا دەکرێت

**لە مێژوودا زیاتر لە ٧٠ جار هێرش کراوەتە سەر کوردانی ئێزدی و تەعریب و تەرحیل و داگیرکردنی خاکەکەیان جێبەجێ کراوە، جینۆساید و بردنی ژن و کچی کوردانی ئێزدییش لەسەر دەستی داعش تەنیا لە بەر ئایینەکەیان و کوردبوونیان بووە. هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و ئازادکردنی خاکەکەیان و گەڕانەوەی کچانی کوردی ئێزدی لەژێر دەستی توندڕەوە داعشەکان، بە وەرچەرخانێکی مێژوویی دادەنرێت، بەوەی کوردانی ئێزدی زیاتر سوور بن لەسەر کوردبوونیان. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ شێخ زێدۆ باعەدرێ کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردانی ئێزدی ساز دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە پێناو جێبەجێکرنی پرۆسەی تەعریب و تەرحیل و داگیرکردنی خاکی کوردستان، پیلانێکی تۆکمەیان جێبەجێ کردووە، بۆ ئەوەی کوردی ئێزدی لە کوردبوونیان دوور بخەنەوە و خاکەکەیان داگیر بکەن. تاچەند ئەم پیلانە دژ بە کوردی ئێزدی کاریگەریی خراپی لەسەر بەجێهشتوون؟**

- سەرەتا سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم، کە لە ڕووماڵکردنی شەڕی داعش و ئاوارەبوونی کوردانی ئێزدیدا ڕۆڵێکی باڵای گێڕا و لەگەڵ ئازاری کوردانی ئێزدیدا بوون، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەشتان، سەرەتا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دووری کوردانی ئێزدی، هەر لە چیاکانی کوردستانەوە کە شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤی کۆن بووە و بەرەو پانتایی دەشتەکان کۆچیان کردووە، تاوەکو ناوچەی کوردانی ئێزدی کە پەرستگەی کۆنی لالش و کانی سپی و دەیان شوێنەواری کۆنی کوردانی ئێزدی ڕەسەنایەتی و قووڵیی بیر و ئایینی کوردانی ئێزدی دەردەخەن، بەمەش کورد بەگشتی و کوردانی ئێزدی بەتایبەتی خاوەنی ڕەسەنی ئەم خاکەن، بەداخەوە زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە بە هۆکاری ئایینی و کوردبوونمان زوڵممان لێ دەکرێت و ٧٤ هەڵمەتی کۆمەڵکوژی و فەرمانی کۆکوژییان لەسەر جێبەجێ کردووین. کوردانی ئێزدی لە سەرجەم سەردەمەکانی عەباسی و تاوەکو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی فارسی لە قۆناغەکانی میر داسنییەوە ڕووبەڕووی هەڵمەتی دڕندەیی ئەنفال و فەرمانەکانی لەناوبردن بوونەتەوە، ئەمەش لەبەر کوردبوون و ئایینەکەشیان بووە، بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور، کە لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق چەندین جینۆساید بەرانبەرمان جێبەجێ کراون. شەڕی تەعریب لە ناوچەی کوردانی ئێزدی بە ناشیرینترین شێوە جێبەجێ کراوە، بەتایبەتی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا کوردانی ئێزدی لەسەر گوندەکانیان تەرحیل کران و گوندنشینەکانمان خرانە ناو ئۆردوگا زۆرەملێکانەوە و خاکەکەیان بەسەر هۆزە عەرەبە هاوردەکاندا دابەش کرد، بەتایبەتی لە ناوچەی باسکی سەر بە شێخان، تەنانەت ناوی گوندە کوردەکانیان بە ناوی عەرەبی گۆڕی. لەو ناوچەیە ١٤ ئۆردوگای زۆرەملێ دروست کران و ٢٠٠ گوند تەعریب کران و ناوی ئیسلامی و عەرەبییان لێ نرا، ناوی کۆمەڵگەی دهۆلایان کردە تەئمیم و تەل بەنات بۆ قادسییە و زۆر ئافا بۆ وەلید و سنوێ بۆ شومال و دوو گرێ بۆ حەتیین و شاریا بۆ ئەبوفیراس و خانەسۆر بۆ عرووبە. لە بیرمە عێزەت دووری کاتێك وەڵامی سلێمان عەبوو کریت دوومائی دایەوە، کە گوندەکانمان بۆ دەدەنە عەرەبەکان، پێی

**سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم، کە لە ڕووماڵکردنی شەڕی داعش و ئاوارەبوونی کوردانی ئێزدیدا ڕۆڵێکی باڵای گێڕا و لەگەڵ ئازاری کوردانی ئێزیدا بوون**

**زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە بە هۆکاری ئایینی و کوردبوونمان زوڵمان لێ دەکرێت و ٧٤ هەڵمەتی کۆمەڵکوژی و فەرمانی کۆکوژییان لەسەر جێبەجێ کردووین**

**لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا کوردانی ئێزدی لەسەر گوندەکانیان تەرحیل کران و گوندنشینەکانمان خرانە ناو ئۆردوگا زۆرەملێکانەوە و خاکەکەیان بەسەر هۆزە عەرەبە هاوردەکاندا دابەش کرد**

**لە هێرشی داعشدا بۆ یەکەمین جار بە ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری و ڕێگری لە کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی کرا و چیای شنگال و ناوچەکەیان ئازاد کرد**

**ئێمەی کوردانی ئێزدی وتە بەناوبانگەکەی سەرۆک بارزانی لە یاد ناکەین کە گوتی: «تا شنگال ئازاد نەکەم، ناگەڕێمەوە»**

**مەلا و مامۆستایانی ئایینی کوشتنی کوردی ئێزدییان حەرام کرد و بەرگرییان بە واجبێکی ئایینی و نەتەوەیی دانا و مزگەوت و قوتابخانەکانیان لە بەردەم ئاوارەکانمان واڵا کرد**

گوت: گوندەکانتان لەگەڵ بارزانی ڕۆیشت، تەنانەت لە سەرژمێریی ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٨٧ و ١٩٩٧ ناسنامەی کوردانی ئێزدییان گۆڕی بە ناسنامەی عەرەبی و بە عەرەبیان لە قەڵەم داین، ئەو سەردەمە ڕۆڵی ئازایانەی میر تەحسین عەلی بەگ و بابا شێخ حەجی ئیسماعیل لە ڕەتکردنەوەی تەعریب دیار و بەر چاو بوو، ئەم سیاسەتەش تەنیا لەپێناو هێرشکردنە سەر کورد و کوردستان بوو، چونکە ناوچەکانی کوردانی ئێزدی وەکو ساتری بەرەی پێشەوەی کورد بووە بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنان، بە شێوەیەکی گشتی دوای پیلانە شوومەکەی ڕێککەوتنی جەزائیر، هەڵمەتی تەعریب و کوشتن و تەرحیلی کوردی ئێزدی زیاتر بوو.

*** ئەگەر باسی دواجینۆسایدی کوردانی ئێزدی بکەین لەسەر دەستی داعش، ئایا ئەمە تاچەند درێژکراوەی ئەنفال و فەرمانەکانی پێشوو بووە؟**

- ئەمە پرسیارە گرنگ و هەستیارەکەیە، کاتێك لە ٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ داعشی تیرۆریست کوردی ئێزدییان جینۆساید کرد و ئافرەتەکانیان وەکو بارمتەی شەڕ و سەبایە ڕفاند، هەر هەمان نەوە و عەقڵییەتی ئەو توندڕەو و دەمارگیرانەی دژی کورد بوون کە لە پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدی کورددا بەشدار بوون و دەستیان بە خوێنی کورد سوور بوو، هاتن بە پرۆسەیەك ناوچەکانی کوردانی ئێزدییان دابڕی، بە هێنانی گوندی گەورەی هۆزە عەرەبەکان و تۆپۆگرافیای ناوچەکەیان گۆڕی، لە هێرشی داعشدا بۆ یەکەمین جار بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری و ڕێگری لە کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی کرا و چیای شنگال و ناوچەکەیان ئازاد کرد. ئێمەی کوردانی ئێزدی وتە بەناوبانگەکەی سەرۆك بارزانی لە یاد ناکەین کە گوتی: «تا شنگال ئازاد نەکەم، ناگەڕێمەوە». ئەوە بوو خۆی و برا و کوڕەکانی ٩٠ ڕۆژ لە سحێلا مانەوە و چیای شنگال و دواتر شنگالیان ئازاد کرد و ئەفسانەی تۆقێنەری داعشیان تێك شکاند. ئەم فەرمانەی کۆمەڵکوژیی ٧٤ ـەمین بۆ ئێمە جیاواز بوو، بەوەی کورد بە هەموو پێکهاتە و ناوچەکانیەوە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی بارزانیدا بەرگرییان لێ کردین و مەلا و مامۆستایانی ئایینی کوشتنی کوردی ئێزدییان حەرام کرد و بەرگرییان بە واجبێکی ئایینی و نەتەوەیی دانا و مزگەوت و قوتابخانەکانیان لە بەردەم ئاوارەکانمان واڵا کرد.

*** لە عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دوای جینۆسایدی کوردانی ئێزدی لەسەر دەستی داعش، حکومەتی عێراق تا چەند هاوکاریی کردوون، تا کوردانی ئێزدی بتوانن بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بگەڕێنەوە؟**

- بەرپرسیارێتیی تەواوی پاراستنی کوردانی ئێزدی لە شنگال دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی عێراق کە ناوچەکانیان لەژێر ئیدارەی ئەواندا بووە. لە دوای جینۆساید و کۆڕەوەکەی کوردانی ئێزدی بۆ هەرێمی کوردستان، سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەکانی دەروازەکانیان واڵا کرد و بە درێژایی ئەو ساڵانە لە کەمپەکاندا هاوکاری و یارمەتییان پێشکەش کردین، وەزارەتی کۆچ و دامەزراوەکانی دیکەی عێراق هاوکارییان نەکردین و وەکو هاووڵاتییەکی عێراقی سەیریان نەکردین، دامەزراوەکانی عێراق هەمان عەقڵییەتی دەمارگیری و توندڕەوی و ڕەتکردنەوەی کوردیان هەیە، هاوشێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوییەکان دژایەتی کوردی ئێزدیان کردووە. هێرشەکانی سەر ئیمارەتەکانی کوردانی ئێزدی سەرەتا بە ناوی ئایین بووە و زۆرجار لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە کوردی موسڵمان شەڕی کوردی ئێزدییان کردووە، بەڵام کورد لەم قەتڵوعام و هێرشانە بێبەرییە، چونکە کورد حوکمڕان نەبووە، من لە دوو پەرتووکمدا بە ناوی (الكورد الايزيديون- بين كماشة الفرمانات والمادة ١٤٠ من الدستور العراقي و نهج بارزان تجاه المكونات الكوردستانية) و لە گۆڤاری لارش کە وەکو بەڕێوەبەری نووسین کارم دەکرد، ئاماژەم بە هەموو ئەم فەرمان و جینۆساید و ڕاستییانە بە دیکۆمێنت و بەڵگەنامەوە کردووە، کە لە ٧٢ فەرمان بۆ ٧٤ فەرمان لە دژی کوردانی ئێزدی زیادی کردووە، لە هێرشی ٧٣دا چوار ئۆتۆمبێلی گەورەی بارهەڵگر و تەنکەرێکی گەورە لەژێر دەسەڵاتی

هۆزە عەرەبەکان هاتن و لە ناو ئۆردوگای کوردانی ئێزدیدا تەقیندانەوە و ٧٩٦ شەهید و ١٥٦٢ بریندارى لێ کەوتەوە. لە فەرمانی ١٧٤دا کە لە دژی کوردی ئێزدی ئەنجام درا، پێشمەرگەکانی کوردستان لەژێر سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی لە خانەقینەوە تاوەکو زاخۆ لە سەنگەردا بوون لەگەڵ ئێمە، من لە سەنگەرەکانی پێشەوە بووم کە زۆر شەهیدمان هەبوو لە کوردە موسڵمانەکان، جێگەی داخە ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ڕێگەی هەندێك جاش و خۆفرۆشەوە حکومەتی عێراق وەکو عەقڵییەتی پێشوو کار لەسەر سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونی ئێزدییەکان دەکات، کە پەکەکە و حەشدی شەعبی ئەم کارە بەڕێوە دەبەن، هەربۆیە نایانەوێت ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ بکەن و هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراق پارێزگاری لەم ناوچە ستراتیژییە بکات.

*** کاتێك لە شەڕی داعش بوویت، سەرۆك بارزانی سەرپەرشتیی ڕزگارکردنی چیای شنگال و شاری شنگال و تەواوی ئۆردوگاکانی دیکەی کوردانی ئێزدی کرد، ئایا ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی لای ئێوەی کوردی ئێزدی چۆنە؟**

- سەرۆك مەسعود بارزانی هەڵگری فکر و بیروباوەڕی مەلا مستەفا بارزانی سەرکردەی گەورەی کوردە و، پەیامی کوردایەتی و دادپەروەریی نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی جێبەجێ کردووە و، لەسەر ڕێچکەی عەقیدەی بارزان ڕۆیشتووە، کە تەنانەت ڕێز لە ژینگە و ئاژەڵ و باڵندەش دەگرن. مەلا مستەفا بارزانی ڕۆڵی هەبوو لە هەڵگرتنی زۆر نەریتی خراپی کۆمەڵایەتی وەك بەزۆر بەشوودان و گەورە بە بچووك، بۆیە من لە کتێبەکەمدا ئاماژەم بەوە کردووە و سەلماندوومە کە چۆن مەسیحییەکان بە تەواوی نەتەوەکانی کلدان و ئاشوور و سریان و ئەرمەنەوە ڕێزیان لە مەلا مستەفا بارزانی گرتووە و کوردە موسڵمانەکانیش بە کوردی فەیلی و شەبەك و سوننەوە، بە هەمان شێوە ئایینەکانی دیکەی کاکەیی و ئێمەی کوردی ئێزدیش کە بارزانی گەڕاپەوە لە سۆڤێت لە ساڵی ١٩٥٨ پێشوازی و پاڵپشتی شۆڕشەکەمان کرد و لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ چەندین میر و سەرکردەمان لەگەڵیدا پێشمەرگە بوون، میان خاتوون میری ئێزدییەکان فەرمانێکی پادشایەتیی ڕەت کردووەتەوە بۆ پرچەککردنی کوردی ئێزدی دژی بارزانی، ئەمەشی بە پاساوی ئەوە کردووە کە ئایین و دابونەریتی کوردی ئێزدی ڕێگە بە شەڕ نادات، بە سەدان ناو و کەسایەتیی کوردی ئێزدی وەکو تەحسین بەگ و باباشێخ و شێخ حەیدەر و شێخ میرزا بیبانی و چەندینی دیکە لە ناو شۆڕشدا بوون، مەلا مستەفا بارزانی تەنیا موڵکی پارتی و کورد نییە، بەڵکو موڵکی هەموو کەسێکی کوردستانی و مەزلوومە.

ڕێزی ئێمەش بۆ سەرۆك بارزانی هەر لەم فیکر و عەقیدەیەی بارزانەوە سەرچاوەی گرتووە. لە ساڵی ١٩٩١ لە چاوپێکەوتنێکی سەرۆك بارزانیدا پێی گوتین: «من زۆر شانازی بە دروشمێکی کوردی ئێزدییەوە دەکەم کە دەیانگوت: ئێمە کوردی ئێزدین پێشمەرگەی بارزانین» ئەم دروشمە لە شۆڕشی ئەیلوولدا زۆر ناسراو بوو، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر مافی پێکهاتەکان و گەلی کورد و لە ناویشیاندا کوردانی ئێزدی کردووە و، لە دەستووردا جێگیری کرد. عەقیدەی بارزانی بڕوای بە پێکەوەژیان و ئاشتی و خۆشگوزەرانی هەیە و ڕێز لە کەلتوور و نەریت و ئایین و بۆنەکانی هەموو ئایینزاکان دەگرێت، بە پێچەوانەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق کە ڕۆژێك دەیانەوێت ئێزدی لە کورد جیا بکەنەوە و ڕۆژێکی دیکە خیانەت و خۆفرۆش و حەشدی ئێزدیمان بۆ دادەنێن و ڕۆژێکی دیکە ماددەی ١٤٠ی دەستووری جێبەجێ ناکەن و پشتیان لە ڕێککەوتنی شنگال کردووە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان. من تەنیا پرسیارێك لە پەکەکە و حەشدی شەعبی دەکەم و دەڵێم: قەد پرسیارتان کردووە، بۆچی کوردانی ئێزدی ژیانی ناو کەمپەکان بە گەرما و سەرما هەڵدەبژێرن، بەڵام تا پێشمەرگەکانی بارزانی نەیانپارێزێت، ناگەڕێنەوە بۆ شنگال؟.

**دامەزراوەکانی عێراق هەمان عەقڵییەتی دەمارگیری و توندڕەوی و ڕەتکردنەوەی کوردیان هەیە، هاوشێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوییەکان دژایەتی کوردی ئێزدیان کردووە**

**حکومەتی عێراق وەکو عەقڵییەتی پێشوو کار لەسەر سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونی ئێزدییەکان دەکات، کە پەکەکە و حەشدی شەعبی ئەم کارە بەڕێوە دەبەن**

**میان خاتوون میری ئێزدییەکان فەرمانێکی پادشایەتیی ڕەت کردووەتەوە بۆ پرچەککردنی کوردی ئێزدی دژی بارزانی، ئەمەشی بە پاساوی ئەوە کردووە کە ئایین و دابونەریتی کوردی ئێزدی ڕێگە بە شەڕ نادات**

**عەقیدەی بارزانی بڕوای بە پێکەوەژیان و ئاشتی و خۆشگوزەرانی هەیە و ڕێز لە کەلتوور و نەریت و ئایین و بۆنەکانی هەموو ئایینزاکان دەگرێت**

نەجم عەبد موراد

ناسراو بە ئەبو شیرین فەیلی بۆ گوڵان:

# کوردانی فەیلی مەلا مستەفا بارزانییان خۆش دەویست و پاڵپشتیی شۆڕشی ئەیلوولیان دەکرد



**لەناو پایتەختی سیاسیی کوردستاندا پێویستە مۆزەخانە و مۆنۆمێنت و سەنتەری جینۆسایدی کوردانی فەیلی دابمەزرێت**

**کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی و بەزۆرەملێ ڕاگواستنیان بۆ ئێران، تاکو ئەمڕۆی لەگەڵدا بێت، شوێنەوارەکانی بەسەر پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردی باشووری عێراقەوە ماوە. ئەوان لەبەر کوردبوونیان ڕووبەڕووی دڕندەترین جینۆساید بوونەوە و حکومەتی نوێی عێراقیش هەرچەندە لە پەرلەمان و دادگای تاوانەکان، ددانی بە جینۆسایدەکەدا ناوە، بەڵام لە ڕووی قەرەبووکردنەوە و گەڕانەوەی پێگەی ڕاستەقینەی کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا هەنگاوی پراکتیکی نەناوە. بۆ قسەکردن لەسەر جینۆسایدی کوردانی فەیلی و ڕۆڵی کوردانی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلوول، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ نەجم عەبد موراد، ناسراو بە ئەبو شیرین فەیلی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردانی فەیلی ساز دا.**

*** بەو پێیەی باوکتان لە شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگەی مەلا مستەفا بارزانی بووە و خۆت هەڵگری مەدالیای بارزانیت، دەکرێت پرسیارەکەمان لەوەوە دەست پێبکەین، ڕۆڵی کوردانی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی چۆن بوو؟**

- فەیلییەکان کوردی ڕەسەن و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزن بۆ نەتەوەکەیان، ئەوان لە سەنگەری پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی هێرش و پەلاماردانەکانی شۆڤێنییەکانی دژ بە کورد بوون. کوردانی فەیلی بە مەزهەب شیعەن و ئینکاری شیعەبوون و ڕێزگرتنیان بۆ مەزهەبەکەیان ناکەن، بەڵام هەرگیز ئەمە لەسەر حیسابی نەتەوەکەیان نەبووە. جینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی و داگیرکردنی ماڵ و حاڵیان و بە زۆر ڕاپێچکردنی خێزانەکان بۆ ئێران و لێسەندنەوەی ناسنامە و ڕەگەزنامە و بگرە داگیرکردنی خاک و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانیان و دەیان تاوانی دیکەی دژ بە مرۆڤایەتی، تەنیا لەبەر کوردبوون و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتیکردنی سەرۆکی گەورەی مێژوویی کورد ژەنەڕاڵ مەلا مستەفا بارزانی بووە.

هەر سەبارەت بە ڕاپێچکردنی خێزانەکانی فەیلی بۆ ئێران، هەندێک سەرچاوە ئەم شاڵاوەی ڕاپێچکردنە بە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەس دادەنێن، ئەمە وێرای دەستگیرکردن و بێسەروشوێنکردنی هەزاران گەنج و لاو، بەمەش دەرکردن و بەزۆرەملێ ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران بە دوو مەبەست بوو، بەوەی کوردن و شیعەن و لەناو جەرگەی بەغدا ژمارەیان زۆر بوو، بەتایبەتی کە هەموویان ئەو سەردەمە لەسەر ڕێبازی بارزانی و پارتی بوون و ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلییش لەسەرکردایەتیی پارتی بوون. کوردانی فەیلی لە ساڵی ١٩٦٣ ئێزگەی دەنگی کوردستانیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی دابین کرد، هەر لەو ساڵەشدا کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی دەستی پێکرد، لە حەفتاکانیش بەردەوام بوو تاوەکو لە ساڵی ١٩٨٠ کاتێك سەدام وتی: «دەبێت ئەم توێژە لە عێراق ڕیشەکێش بکرێن». ئەوە بوو بە دڕندەترین شێوە تاوانەکانی بەعس دژی کوردی فەیلی ئەنجام دران، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوان هەر لەسەر ڕێبازی بارزانی مانەوە، تەنانەت زۆربەی بەرپرسانی وەکو ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و تەنانەت سکرتێری پارتی حەبیب محەمەد کەریم بوو. لەبیرمە کاتێك مەلا مستەفا بارزانی لە سۆڤێتی پێشوو گەڕایەوە، کوردانی فەیلی لە بەندەری بەسرا ئۆتۆمبێلەکەیان هەڵگرت و تاوەکو بەغداش لە پێشوازیدا بوون. لە کاتی واژووکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداریش لە ڕێپێوانە گەورەکەدا و بۆ پاڵپشتیی ڕێککەوتننامەکە کوردانی فەیلی لە پێشەنگی ڕێپێوانەکە بوون.

ئەو سەردەمە گەورەترین لقەکانی پارتی

**کوردە فەیلییەکان بە مەزهەب شیعەن و ئینکاری شیعەبوون و ڕێزگرتنیان بۆ مەزهەبەکەیان ناکەن، بەڵام هەرگیز ئەمە لەسەر حیسابی نەتەوەکەیان نەبووە**

**ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی لەسەرکردایەتیی پارتی بوون. کوردانی فەیلی لە ساڵی ١٩٦٣ ئێزگەی دەنگی کوردستانیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی دابین کرد**

**لەبیرمە کاتێک مەلا مستەفا بارزانی لە سۆڤێتی پێشوو گەڕایەوە، کوردانی فەیلی لە بەندەری بەسرا ئۆتۆمبێلەکەیان هەڵگرت**

**گەورەترین لقەکانی پارتی لقی بەغدا بوو کە بە هەزاران کوردی فەیلی ئەندامی ئەو لقە بوون و سێ ناوچەی گەورەشی لە بەغدا و کوت و خانەقین هەبوو**

**ئەو کوردە فەیلییەی پارتییش نەبوو، دڵسۆزی مەلا مستەفا بارزانی بوو. لە ساڵانی شەستەکانەوە لەناو ماڵی کوردانی فەیلی وێنەی مەلا مستەفا بارزانی هەڵدەواسرا**

**مەلا مستەفا بارزانی، تەنیا سەرکردەیەکی گەورەی کورد نەبوو، بەڵکو سەرکردەی هەموو نەتەوە و ئایین وئایینزاکان و پێکهاتەکانی کوردستان بوو**

**تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییە بە دوور و نزیك پەیوەندی بە کوردانی فەیلییەوە نەبوو، ئەوە سیناریۆیەکی موخابەراتی بەعس بوو بۆ لەناوبردنی کوردانی فەیلی و دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران**

لقی بەغدا بوو کە بە هەزاران کوردی فەیلی ئەندامی ئەو لقە بوون و سێ ناوچەی گەورەشی لە بەغدا و کوت و خانەقین هەبوو. ئەمە هۆکاری ئەوە بوو کە هەڵمەتی دەستگیرکردن و ئازاردانی کوردانی فەیلی بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو دەستی پێکرد، پێشتریش لە حەفتاکانەوە ئەم ڕەشبگیرییەیان ئەنجامدابوو. پیاوانی موخابەراتی بەعس لەم پەیوەندییە بەهێزەی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و کوردانی فەیلی و بوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆری کوردی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا ترسیان لێ نیشت. ڕاستییەکە ئەوەیە ئەو کوردە فەیلییەی پارتییش نەبوو، دڵسۆزی مەلا مستەفا بارزانی بوو. لە ساڵانی شەستەکانەوە لەناو ماڵی کوردانی فەیلی وێنەی مەلا مستەفا بارزانی هەڵدەواسرا. نەجم عەبد مورادی باوکم لە ساڵی ١٩٥٣وە پارتییە و لە ساڵانی شەستەکان بەرپرسی هێڵی کرێکاران بوو، لە ساڵی ١٩٦٨ دەستگیر کرا و لە کاتی دانوستان و شاندی دانوستانکار باوکم و عەزیز پشتیوان ئازاد کران. ئەو دەمە دەیانگوت ماڵی مەلا مستەفا بارزانی کراوەتەوە بۆ ئاشتی.

*** ئەم گرنگییەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ کوردانی فەیلی لە چییەوە هاتووە؟ ئایا خۆشەویستیی کوردانی فەیلی بۆ مەلا مستەفا بارزانی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- مەلا مستەفا بارزانی، تەنیا سەرکردەیەکی گەورەی کورد نەبوو، بەڵکو سەرکردەی هەموو نەتەوە و ئایین وئایینزاکان و پێکهاتەکانی کوردستان بوو. لای هەموو کەسێکی مەزڵووم خۆشەویست بوو. دادپەروەری و خەباتکردنی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد و سازش نەکردن لەسەر مافەکانمان، وای لە کوردانی فەیلی کرد، لە دەوری ئەم سەرکردەیە کۆ ببنەوە و بە خوێن و پارە پاڵپشتی بکەن. مەلا مستەفا بارزانی جیاوازی لە نێوان کورد و هیچ نەتەوە و ئایینزایەك نەدەکرد. لەبەر لێهاتوویی کوردانی فەیلی و بوونیان لەناو جەرگەی پایتەختی عێراق، بارزانی زۆربەی بەرپرسیارێتی خستەسەر شانی کوردانی فەیلی، ئەوە بوو جگە لە سکرتێری حزبەکە، یەدوڵڵا فەیلی و جەلیل فەیلی قیادەی پارتی بوون و بەرپرسی قوتابیان عادل موراد و بەرپرسی ئافرەتان و دەیان سەرکردەی دیکەی پارتی کوردانی فەیلی بوون. کوردانی فەیلی بە دەیان شەهید و قوربانییان لە شۆڕشی ئەیلوول بەخشیوەتە کوردستان، ئەم هەڵوێستەی کوردانی فەیلی بۆ مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول وای کرد، پیاوانی ڕژێم و موخابەراتی بەعس خۆیان بۆ سیناریۆیەك ئامادە بکەن، تاوەکو شاڵاوە دڕندەکەیان دەست پێبکەن.

*** مەبەستت لە سیناریۆ تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییەی بەغدا بوو، کە کوردانی فەیلییان تۆمەتبار کرد و سەرەتایەکیش بوو بۆ دەستپێکردنی شاڵاوە گەورەکەی بەزۆر ڕاپێچکردنی خێزانە کوردە فەیلییەکان بۆ ئێران؟**

- بەڵێ، تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییە بە دوور و نزیك پەیوەندی بە کوردانی فەیلییەوە نەبوو، ئەوە سیناریۆیەکی موخابەراتی بەعس بوو بۆ لەناوبردنی کوردانی فەیلی و دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران. ئەوان پێشتر پێویستیان بەوە بوو کورد لە بەغدا دوور بخەنەوە، بە پاساوی پاڵپشتیکردنی شۆڕش و کوردبوونیان، ئەوە بوو سەرەتا بازرگانە کوردەکانی فەیلیان لە شۆڕجە و بەغدا لە هۆڵێکدا کۆکردەوە و دەستبەسەر کران و ڕەگەزنامە و مۆڵەتی بازرگانیان لێ سەندرایەوە و ڕاپێچی سەر سنووری ئێران کران و، دواتر خێزانەکانیشیان دەربەدەر کران و ماڵ وموڵکیان دەستبەسەر کرا و درایە پیاوانی ڕژێمی بەعس و دواتر فرۆشتن و کڕین و فرۆشتنی زۆری پێوەکرا. تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییە سیناریۆ بوو، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك ماڵ و کەسایەتیی کوردی فەیلی لەناو بەرن و هەمووشیان لە سێدارە دران. هەر لەو ساڵەدا زیاتر لە ٢٢ هەزار گەنجی کوردی فەیلی بێسەروشوێن کران و ڕوفاتیان تا ئێستاش دیار نییە. من کاتێك لە ٢٠٠٣ لە بەغدا بووم لە لق، سەرۆك بارزانی بەدواداچوونی بۆ ڕوفاتەکان کرد و ئەوەی بۆ دەرکەوت، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری بارزانییەکاندا تاقیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر کراوە.

*** لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە**

**٢٠٠٣، پەرلەمانی عێراق و دادگای تاوانەکان ددانی بە جینۆسایدی کوردانی فەیلی ناوە، ئەی بۆچی نەتوانرا کوردانی فەیلی پێگە و مەکانەتی خۆیان پێ بدرێتەوە؟**

- با لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا کەمێك ڕاستگۆ بین. حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەرانبەر دۆسیێ بێسەروشوێنەکانی کوردانی فەیلی و قەرەبووکردنەوەی کوردانی فەیلی کەمتەرخەم بوون. ددانپێدانان بە جینۆسایدی کوردانی فەیلی و دەستگیرکردن و دادگاییکردنی سەدام و سەرانی بەعس کافی نییە بۆ گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی. یەکێك لە خەسڵەتەکانی بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی ئەوەیە، توخمی زەمەن و کات گرنگ نییە بۆ هەڵدانەوەی تاوانەکە و ئاراستەکردنی تۆمەت بۆ تۆمەتباران و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان، جێگای داخە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، نەك هەر کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلییان فەرامۆش کرد، بەڵکو کاریان بۆ ئەوە کرد، کوردی فەیلی جیاواز بکەن لە نەتەوەی کورد و هەرچی ماف و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بوون، تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بوو. ئێمە کە بە خانەوادەوە ئاوارەی ئێران بووین، لەوێش وەکو عێراقی و عەرەب مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین و لە زۆر ماف بێبەش بووین. ئێمە لە ئێران مافی کڕین و فرۆشتنمان نەبوو، هەر خۆی لەو سەردەمەدا واتا لە ساڵانی هەشتاکاندا ئابووریی ئێران لە بارودۆخێکی باشدا نەبوو.

*** ئاماژەت بەوە کرد کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی پەراوێز خراوە، تەنانەت لە ئێستادا وێڕای ئەو ژمارە زۆرەی کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا، کەچی ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە لە بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کورد لە دوای ڕاپەرین و ڕووخانی ڕژێمی بەعس گرنگییەکی ئەوتۆی بە کوردانی فەیلی نەداوە. حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقیش بەردەوام ویستوویانە وەکو لایەنی مەزهەبی کوردی فەیلی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، یان بە واتایەکی دیکە لەناو کۆمەڵگەی عێراقی و حزبە شیعەکان بیانتوێننەوە. ئەوان هەر کوردێکی فەیلی لەگەڵیاندا بێت، کاری بۆ دەکەن و ئەوەی لە گەڵیاندا نەبێت، کاری بۆ ناکەن، بەڵام تەنانەت لەناو ڕەگەزنامەی عێراقیدا هێشتا ڕەگەزنامەکانمان نووسراوە «التبعیة الایرانیة»، تەنانەت لە بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوەکانی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستانیش هەمان مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، واتە وەکو هاووڵاتییەکی بیانی مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن.

سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی داوای دامەزراندنی سەنتەرێکی بۆ دیراسات و کاروباری کوردانی فەیلی کرد کەچی تاکو ئێستا ئەو سەنتەرە دانەمەزراوە. لە بەغدا بە سەدان کوردی فەیلی موڵك و خانوویان دەستی بەسەردا گیراوە و کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە، کەچی ئێمەیان بردووەتە دادگایەکی پڕووکێنەرو بێ ئەنجام بە ناوی «نزاع الملكیة» و بە ڕاددەیەك بێ هیوا بووین، زۆر لەو خاوەن موڵك و خانووانە لە عێراق و ئێران و وڵاتانی بیانی مردن، ئیتر کوڕ و کچیان چییان بۆ دەکرێت. من هیوام بە سەرۆك بارزانی و خانەوادەی مەلا مستەفا بارزانی زۆرە کە بەردەوام گرنگییان بە کوردانی فەیلی داوە، بەڵام لایەنی دیکە و لەناو دامەزراوەکانی حکومەت کەمتەرخەمییان لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی هەیە و وەکو بیانی مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن. بۆ نموونە لە مامەڵەیەکی ئاساییدا چەندین بەڵگەنامە و پشتگیری و کاروباری سەیرمان لێ داوا دەکەن، سەبارەت بە داواکارییەکانمان زۆر پێویستە لەناو جەرگەی پایتەختی هەرێمی کوردستان لە هەولێر کە پایتەختی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستانە، سەنتەرێك بۆ کوردانی فەیلی دابمەزرێنرێت و کار بۆ دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی شەهیدانی کوردی فەیلی بکات، کە مۆرکی کوردبوونیانی پێوەدیار بێت و لە ناوەندێکیشدا وێنە و بەڵگەنامە و پەرتووك و تەنانەت دیکۆمێنتەکان کۆبکرێتەوە، تاوەکو نیشانی بیانییەکانی بدەین، کە کورد چەند جار جینۆساید کراوە.

**سەرۆک بارزانی بەدواداچوونی بۆ ڕوفاتی فەیلییەکان کرد و ئەوەی بۆ دەرکەوت، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری بارزانییەکاندا تاقیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر کراوە**

**تەنانەت لەناو ڕەگەزنامەی عێراقیدا هێشتا ڕەگەزنامەکانمان نووسراوە «التبعیة الایرانیة»، تەنانەت لە بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوەکانی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستانیش هەمان مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن**

**سەرۆک بارزانی لە کۆنفرانسی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی داوای دامەزراندنی سەنتەرێکی بۆ دیراسات و کاروباری کوردانی فەیلی کرد کەچی تاکو ئێستا ئەو سەنتەرە دانەمەزراوە**

**هیوام بە سەرۆک بارزانی و خانەوادەی مەلا مستەفا بارزانی زۆرە کە بەردەوام گرنگییان بە کوردانی فەیلی داوە، بەڵام لایەنی دیکە و لەناو دامەزراوەکانی حکومەت کەمتەرخەمییان لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی هەیە و وەکو بیانی مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن**

# ڕۆڵی ڕۆشنبیری کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئالنگارییانەی ڕوو لە هەرێم دەکەن





**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ناتوانرێت تەنیا لە ڕێی ئاستی زانیاری و زانست و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارەزاییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆشنبیری هۆشیار و نیشتمانپەروەر بکرێت، بەڵکو دەبێت لە ڕێی ئەرك و کردەوە و ئاستی گوزارشتکردن لە ویژدانی گەل و هەڵوێستی بوێرانەی لە بەرگریکردن لە نیشتمان و قوربانیدانەوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆشنبیر بکەین، چونکە کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆشنبیرێکی ڕاڕای ناوێت کە لە هەمبەر ڕووداو و ئالنگارییەکاندا هەڵوێستێکی ڕوونی نەبێت، یان وەلای دوولایەنەی هەبێت، یان هەلپەرست بێت، بەڵکو کۆمەڵگە پێویستی بە ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەری ڕاستگۆ هەیە، کە هەمیشە لە پاڵ گەلەکەیدا بوەستێت و بە هەموو توانایەکیەوە دوور لە بەرژەوەندیی تایبەت داکۆکی لە مافە ڕەواکانی بکات.

**کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆشنبیرێکی ڕاڕای ناوێت کە لە هەمبەر ڕووداو و ئالنگارییەکاندا هەڵوێستێکی ڕوونی نەبێت، یان وەلای دوولایەنەی هەبێت، یان هەلپەرست بێت**



بەڵێ، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، ڕۆشنبیر ڕۆڵی خۆی پشتگوێ نەخات، یان تەنیا خۆی بە قسەی لابەلا و بێسوود خەریك نەکات، یان کاتێ چاودێریی هۆکار و ئالنگارییەکان بکات، کە یەخەی قەوارەی هەرێمی کوردستانیان گرتووە، تەنیا بەرپرسیارێتییەکە بخاتە ئەستۆی دامەزراوەکانی هەرێم، واتا دوورەپەرێز نەبێت لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ هەموو ئاریشە و مەترسییە ڕاستەقینەکانی ناوخۆ و دەرەوە، بەڵکو پێویستە کاری جددی بۆ دەستگرتنی نەوەیەکی نیشتمانپەروەر بکات، کە خۆشەویستیی وڵات بکاتە دروشم و کردار، هاوکات هانی چەسپاندنی ناسنامەی کوردستانی بدات، لە هەمان کاتدا ئینتیمای بۆ گەل و نیشتمان هەبێت، هەموو هەوڵ و تەقەللایەك بخاتە گەڕ بۆ بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆ، هەروەها ناکۆکییە حزبییەکان وەلا بنێت، بوێرانە ڕووبەڕووی سەرکردە سیاسییەکان ببێتەوە و هانیان بدات بەرەو گرتنەبەری هەڵوێستی یەکگرتووی نیشتمانی بۆ خزمەتی گەلی کوردستان.

ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییە سەختەکاندایە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە پاڵپشتی لە هەڵوێستی سەرکردایەتیی سیاسی بکەین، تا هەوڵ بدات بۆ کۆتاییهێنان بەو مەترسییانەی بەرۆکی هەرێمیان گرتووە، لە هەمان کاتدا هەوڵ بدرێت، لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکان هەڵبدەینەوە، چ لەگەڵ بەغدا، یان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، بۆیە پێویستە ستایشی ڕۆڵی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین لە بەتینکردنی پەیوەندیی ئاشتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا، کە خزمەت بە بەرژەوەندیی گەلەکەمان دەکات. لێرەدا دیسان پێویستە هەڵوێستی ڕۆشنبیری کوردستان ڕوون و ڕاشکاو بێت، کە یان دەبێت لەگەڵ گەل و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی بێت، یانیش خەریکی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی بێت و لە هەموو پرس و کێشەکانی گەلەکەیدا خۆی بە دوور بگرێت.

گرنگترین ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی هەرێم دەبنەوە، بریتین لە نەبوونی دیدگەیەکی ستراتیژیی یەکگرتوو لای سەرکردایەتییە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە لە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکانی ئێستا و ئایندەدا. بێگومان نەبوونی ئەو دیدگەیە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئیرادەی سیاسی، لێرەدا ڕۆڵی ڕۆشنبیری کوردستانی و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان و زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی سیاسی لە بواری دارشتنی ستراتیژییەتێکی ڕوون و ئاشکرا، کە هەموو ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت، هەروەها لە ڕووی چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە پێشبینیکراوەکان، یان ئەوانەی پێشبینی ناکرێن، دیار دەبێت.

لەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی گەلی کوردستان دەبنەوە، بریتین لەو هەوڵانەی هەندێ لایەن دەستیان داوەتێ، لەوانە سوپا ئەلەکترۆنییەکان لە شێواندنی توانای سەرکردایەتیی سیاسی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا، هەروەها تۆمەت بۆ هەڵبەستن، دوا جار پیشاندانی وێنەیەکی تەڵخ و ساختە لەبارەی لاوازیی کۆمەڵگەی کوردستانی، کە گوایە لە ڕووی فیکر و شارستانییەوە دواکەوتووە، یان کۆمەڵگەیەکە بە توندوتیژی و پەرگیری ناسراوە، دوا جار هەوڵ دەدرێت مێژوو و کەلتوورەکەی بشێوێنن، بە مەرامی کۆنترۆڵکردنی و بێبەشکردنی لە مافە ڕەواکانی، بە پاساوی ئەوەی کورد برایە، بەڵام لە پلەی دووەمدایە، یان بە بیانووی پێکەوەژیانی برایانە، لە ڕابردوودا ئەو ئالنگارییانە فاکتەرێك بوون کە هانی گەلی کوردیان دەدا یەکگرتوو بن و ڕیزەکانیان ڕێك بخەن و ئینتیما و دڵسۆزییان بەهێز بکەن، هەروەها شانازی بە ناسنامەی خۆیانەوە بکەن، بەڵام بێباکیی ساڵانی ڕابردوو لەلایەن هەندێ لە سەرکردە سیاسی و حکومییەکان و سەرقاڵییان بە ناکۆکییەکانیان و تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، یان نەگرتنەبەری ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو و لاوازیی هاریکاریی نەتەوەیی، دیسان بێهێزیی ناسنامەیەکی یەکگرتووی کەلتووری لە زمان و کەلەپووردا، جگە لە کەمتەرخەمیی گرنگیدان بە مێژووی گەلەکەمان و سەرکردایەتییە خەباتگێڕەکەی، هاوکات لەبیرکردنی قوربانیدانی گەل و پەندوەرنەگرتن لە ئەزموونی خوێناوی و ئەو کارەساتانەی بەسەر میللەتەکەماندا هاتوون، چ لە هەڵەبجە، یان پرۆسەکانی ئەنفال و مەینەتییەکانی شەڕی ناوخۆ، ئەمانە هەموویان بوونە هۆی لاوازیی ڕووبەڕووبوونەوە و پابەندنەبوون بە ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەوە، سەرەنجام دووفاقییەك دێتە ئاراوە لە مامەڵەکردندا، تەنانەت لەگەڵ ئەوانەی هەمیشە دەیانەوێت ناسنامەی گەلی کورد

**ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییە سەختەکاندایە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە پاڵپشتی لە هەڵوێستی سەرکردایەتیی سیاسی بکەین**

**پێویستە ستایشی ڕۆڵی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین لە بەتینکردنی پەیوەندیی ئاشتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا، کە خزمەت بە بەرژەوەندیی گەلەکەمان دەکات**

**گرنگترین ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی هەرێم دەبنەوە، بریتین لە نەبوونی دیدگەیەکی ستراتیژیی یەکگرتوو لای سەرکردایەتییە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە**

پەراوێز بخەن و ڕۆڵی دامەزراوەکانی هەرێم کەم بکەنەوە، لە کۆتاییدا مافە دەستوورییە ڕەواکانی گەلەکەمان زەوت بکەن.

ئەو ئالنگارییانە لە چینی ڕۆشنبیرانی پێشەنگی کوردستان دەخوازن کە دوور بکەونەوە لە مامەڵەکردنی دووفاقییانە لەگەڵ ئالنگاری و مەترسییەکاندا، هەروەها دەبێت هەمیشە کاربکەن بۆ گەشەکردنی ئینتیمای نەتەوەیی و پابەندبوون بە ناسنامەی کوردستانییەوە. پێویستە ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد لە هەمبەر ڕووداوەکان نەرێنی نەبێت، بەڵکو لەسەر پێشەنگی ڕۆشنبیر پێویستە مامەڵە لەگەڵ هەلومەرج و دۆخەکاندا بکەن، بێ گوێدانە بیروباوەڕی سیاسی، یان ئینتیمای فیکری، یان ئایینی، دەبێت زۆر بە قووڵی و وردبینییەوە ئالنگارییەکان شرۆڤە بکەن و لە هۆکار و پاساوەکانیان بکۆڵنەوە، دوا جار لە دۆزینەوەی چارەسەری کردارەکیدا بەشدار بن، تەنیا بە ئاماژە، یان دووربەدوور نەڕواننە مەترسییەکان یان دەستنیشانکردنی دەرد و دیاردە نەرێنییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گەندەڵی، بێ ئەوەی هیچ چارەسەرێك بخەنە ڕوو.

پێویستە شرۆڤەکردنی ئالنگارییەکانی ئێستا و ئایندە لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی مێژووی گەلی کورددا ئەنجام بدرێت، نەك وەك شانازی و پێداهەڵگوتن بە ڕابردوو، بەڵکو بۆ ئەوەی زیاتر لە پێکهاتە و بنەماکانی بارودۆخەکەی ئێستا تێبگەین و پەندیان لێ وەربگرین، ئینجا هەرچی لە توانای گەلدا هەبێت، تەرخان بکرێت، بەتایبەتیش نەوەی گەنجان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، نەك تەنیا ڕەخنە لە دامەزراوەکانی حوکمڕانی بگرین و بەس.

من پێموایە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکان بڕوانینە ئەو پرسیارەی بیرمەند و مێژوونووسی فەرەنسی، کە دوای کەوتنی پاریس بە دەستی نازییەکانی ئەڵمان، دەپرسێت: «ئایا مێژوو خیانەتی لێ کردین یان چی؟» مەبەستم لێرەدا ئەوەیە ڕۆشنبیرانی کورد دوور بکەونەوە لە مامەڵەکردنی لێبژارکردن لەگەڵ مێژووی گەلەکەمان، نابێت بە ئارەزووی خۆیان و بەپێی سۆز و حەز و لایەنگری ڕووبەڕووی ڕووداوەکان ببنەوە، لایەنی گەشاوەی مێژوو پیشان بدەن و ئەو بەشەی کە پڕیەتی لە خەم و پەژارە و مەینەتی و کارەسات و هۆکار و پاڵنەرەکانی بخەنە لاوە، چونکە لاپەڕەکانی مێژووی هیچ گەلێك بێ شرۆڤەکردنی واقیعییانە و بێ ڕەخنەگرتنی ڕوون و ڕاشکاو نانووسرێنەوە، نابێت ڕۆڵی قوربانیدەر و سەرکردەی ڕاستەقینە و دڵسۆز نادیدە بگیرێت.

دیارە ڕۆشنبیری کورد ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، تەنیا لە سایەی هەلومەرج و زەمینەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریدا نەبێت، یان ڕزگاری ببێت لە هەژموون و زاڵبوونی فیکری، چونکە ئازادی دابەش نابێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەو ئازادییەدا فرەبەرهەمیی فیکری و داهێنان دێتە کایەوە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی حوکمڕان لە کوردستان گرنگی بە چینی ڕۆشنبیری نیشتمانپەروەر بدات و پاڵپشتیی بکات، ئەویش لە ڕێی پشتگیریی دامەزراوە و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستانەوە، لەگەڵ فەراهەمکردنی ئاستی بژێویی گونجاو بۆ ڕۆشنبیری کوردستانی، تاکو ڕۆڵیان لە گەشەکردن و پەرەپێدانی کەلتووری کوردستانی بەرچاو بێت.

ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە ڕۆڵی هەندێ سەرکردەی ئایینی و کەلتووری و عەلمانی، تەنیا زێدەڕۆییە لە لاساییکردنەوە و پابەندبوونێکی توند بە ڕابردوو، بێ نوێبوونەوە کە لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستییەکاندا بگونجێت، چونکە هەندێ ڕەوتی ڕۆشنبیری و فیکری و ئایینی و داخراو هەن، کە تا ئێستاش لە ڕابردوودا دەژین و لە بازنەیەکی کۆنی نەریتیدا دەخولێنەوە. هەروەها هەندێ ڕەوتی ڕۆشنبیری هەن کە پابەندن بە عەلمانییەت، ئەوانە داوای لاساییکردنەوەی کوێرانەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دەکەن، بێ ئەوەی ڕەچاوی هەلومەرج و داب و نەریتی گەلەکەیان بکەن، لە ڕاستیدا ئەم ڕەوتە فیکرییانە لە کۆتاییدا تەنیا گۆشەگیری و دواکەوتوویان لێ دەکەوێتەوە، بۆیە ئەرکی ڕۆشنبیری پابەندبووی کوردستانییە کە هەمیشە هەوڵ بدات، بە دوای واقیعدا بگەڕێت، شرۆڤەی دۆخەکە بکات، ڕەچاوی بەهاکانی کۆمەڵگەکەی بکات، دژی ستەم و گەندەڵی بوەستێتەوە، هەموو پاساوە بێ بنەماکانی نەیاران تێك بشکێنێت، چونکە پرسی بەرگریکردن لە گەلی کورد پرسێکی هەڵبژاردە و لێگەڕتن نییە، هەروەها داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەل ئەرکی سەرشانی هەموو ڕۆشنبیرانە، بێ ئەوەی تایبەت بێت بە یەکێك، یان توێژێکی دیاریکراوی چینی ڕۆشنبیرانی هۆشیار.

**پێویستە شرۆڤەکردنی ئالنگارییەکانی ئێستا و ئایندە لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی مێژووی گەلی کورددا ئەنجام بدرێت، نەک وەک شانازی و پێداهەڵگوتن بە ڕابردوو**

**لاپەڕەکانی مێژووی هیچ گەلێک بێ شرۆڤەکردنی واقیعییانە و بێ ڕەخنەگرتنی ڕوون و ڕاشکاو نانووسرێنەوە، نابێت ڕۆڵی قوربانیدەر و سەرکردەی ڕاستەقینە و دڵسۆز نادیدە بگیرێت**

**ڕۆڵی هەندێ سەرکردەی ئایینی و کەلتووری و عەلمانی، تەنیا زێدەڕۆییە لە لاساییکردنەوە و پابەندبوونێکی توند بە ڕابردوو، بێ نوێبوونەوە کە لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستییەکاندا بگونجێت**

شەهریار شێخلەر
شارەزا و پسپۆڕی بواری نەوت و گاز بۆ گوڵان:

# ڕاگرتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بڕیار و ئەجیندەی سیاسی لە پشتە

## زیانەکانی عێراق لە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم ١٤ ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە

■

## دیپلۆماسییەتی ژیر و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەتای ڕاگرتنی هێرشەکانە بۆ سەر دامەزراوە نەوتی و گازییەکانی کوردستان



# هەرێمی کوردستان بە لانیکەم لە کێڵگە نوێیەکان مافی خۆیەتی نەوت و گاز دەربهێنێت و هەناردەی بکات

ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، بڕیاری سیاسیی لەپشتە و دانوستان و گفتوگۆکانی ئەم دۆسێیە بۆ دەستپێکردنەوەی، ساڵێکی تێپەڕ کرد، سەرەڕای هەوڵە نێودەوڵەتییەکانیش، بەڵام هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان دەستی پێ نەکردووەتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ شەهریار شێخلەر شارەزا و پسپۆری بواری نەوت و گاز ساز دا، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

*** دوای ئەوەی بەرپرسانی ئەمریکا و سەرۆك کۆماری تورکیا و تەنانەت محەمەد شیاع سوودانی، هەموان هاوڕابوون لەسەر گرنگیی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە، کەچی تاکو ئێستا ئەم دۆسیێیە لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، وەکو شارەزا و پسپۆڕێکی بواری وزە، بەتایبەتی نەوت و گاز، ئایا خوێندنەوەتان بۆ بەردەوامیی ڕاگرتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان چییە؟**

- لای کەس شاراوە نییە کە دۆسیێی نەوت و گاز لە جیهاندا، بەتایبەتی لە عێراقدا، دۆسیێیەکی سیاسییە بە ئیمتیاز، لە مێژوودا نەوت و داهاتەکەی بۆ پتەوکردنی حکومەتی عێراق لە ناوخۆ و دژی خەڵکەکەی بەکار هێنراوە، بۆیە حکومەتی عێراق کە ئێستا بە عەقڵییەتێکی تەواو ناوەندی بەڕێوە دەبرێت و پێی قورسە بنەماکانی فیدراڵیزم قبوول بکات و داهات و هێز لەگەڵ لایەنی دیکە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دابەش بکات، لە پاش ساڵی ٢٠٠٧ و دەستپێکی گەشەی سێکتەری نەوت و گازی کوردستان، بە چەندین شێوازی جیا وەکو ڕەشنووسی تاکلایەنانە بۆ یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و دژایەتی و هەڕەشە لە کۆمپانیا نەوتییەکانی سەرکار لە هەرێمی کوردستان و تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، هەروەها بە بڕینی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵی ڕاگرتن و دواخستنی ئەم سێکتەرەی نەوتی هەرێمی داوە، ئەوە بوو لە دوا هەنگاوەکانی بە بڕیاری دادگای فیدراڵی و دواتر بە سوودوەرگرتن لە بڕیاری دادگای نێوبژیوانیی پاریس، هەوڵی دا، هەناردەکردنی نەوتی کوردستان ڕابگیرێت، بۆیە بە بڕوای من ئەم ڕاگرتنە بڕیارێکی تەواو سیاسییە، نەک ئابووری، یان تەکنیکاڵیی ناو پیشەسازیی نەوت، وەکو ئاماژەیەکیش عێراق ئامادەیە زیانە داراییەکانی ڕاگرتنی نەوتی کوردستان بکات کە ١٤ ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، هەروەها ڕۆژانە خۆی تووشی زیانی ڕاگرتنی نەوت لە بۆریی تورکیاوە دەکات، بە ڕادەیەك دوای چەند مانگێکی دیکە بەرانبەر بەو پارەیەی دادگەی پاریس، دەبێت عێراق قەرەبووی زیانی تورکیا بدات، بۆیە ئەوان بەو عەقڵییەتە مەرکەزییەی خۆیان حەزیان لێیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبری ئابووریی سەربەخۆ و داهاتی نەوت، بەردەوام پەیوەست بن بە بودجە و مووچەی دابینکراو لەلایەن بەغداوە، واتا بەغدا ئامادەیە تەنانەت سازش بنوێنێت بەرانبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی مووچە بەبێ بەرانبەر نەوت، نەوەکو لەژێر فشاری دەرەکیدا، بەتایبەتی ئەمریکا کە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دەستی پێ بکاتەوە. ئەمە ڕاستی و دروستیی بابەتەکەیە. خۆ هێرشەکانی کاتیوشا و ڕۆکێت و درۆنی بۆمبڕێژکراو بۆ سەر کۆمپانیای کار لە کەورگۆسک و لەم دواییەشدا بۆ سەر کێڵگەکانی گاز لە کۆرمۆڕ، هەر لەم چوارچێوەیەدا دێت. ڕاستە ئەم هێرشانە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە ئاراستە ناکرێت، بەڵام لەناو جەرگە و لەژێر دەسەڵاتی ناوچەکانی سوپای عێراق و میلیشیاتە چەکدارەکانی بەرەی موقاوەمەی ناو حەشدی شەعبییەوە ئاراستە دەکرێت و تا ئێستاش چاوپۆشی لە بکەرەکانی کراوە.

*** بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا بە بڕبڕەی پشتی ئابووریی هەرێم و تەنانەت بابەتی دابینکردنی سووتەمەنی و نەوت و گاز و بەنزین و بەکارخستنی کارگە پیشەسازییە گەورەکان و بەشێکی گرنگ و گەورەی داهات دادەنرێت، ئیتر چۆن ئێمە ڕازی بین بە مامەڵەیەکی لەم چەشنە؟**

- من لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام. لەساڵی ٢٠٠٧ـەوە نەوت و دواتر گاز بە بڕبڕەی پشتی ئابووریی هەرێمی کوردستان دادەنرێت و، تەنانەت خاڵی بەهێزی پێگەی هەرێمی کوردستانیشە، کاتێك لەساڵی ٢٠١١ گەورە کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکایی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد، کێرڤی سیاسی و ئابووری و ئەمنیی هەرێمی کوردستان زۆر بەرز بووەوە، بە ڕادەیەك لە ئاستی عێراقیش زیاتر بەرز بووەوە، تەنانەت کۆمپانیای وا

**لەساڵی ٢٠٠٧ـەوە نەوت و دواتر گاز بە بڕبڕەی پشتی ئابووریی هەرێمی کوردستان دادەنرێت و، تەنانەت خاڵی بەهێزی پێگەی هەرێمی کوردستانیشە**

**پاش ڕاکێشانی بۆریی کوردستان و دەستپێکی هەناردەی نەوتی کوردستان، هەرێمی کوردستان پێگەی خۆی لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی جێگیر کرد و بە هۆی نەوت و گازەوە وەبەرهێنەران و بزنێسکاران و گەورە کۆمپانیاکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد**

**بە هۆی زیانەکانی کە بەر کەرتی پاڵاوتنی عێراق کەوتبوو، ڕێژەی هەرێمی کوردستان و پاڵاوتگەکانی ناو هەرێم یارمەتیدەری دابینکردنی سووتەمەنی بەگشتی و ئاسایشی وزەی عێراق بوون**

گەورە و گرنگ و براندە جیهانییەکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەوەش هەرێم ناوبانگییەکی گەورەی بەدەستهێنا، چونکە وەبەرهێنەرانی جیهان و دیپلۆماسی و بزنێس و سێکتەرەکانی دیکەی ئابووری بوونی ئەو براند و مارکە و کۆمپانیا گەورانە لە هەرێمی کوردستاندا و هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان، بە متمانە و ژینگەیەکی لەبار دادەنێن. لە ڕاستیدا چەند براندێك هەن وەکو ئیکسۆن مۆبیل و شیڤرۆن و ڕۆیاڵ دۆیتچ شێڵ لە کەرتی نەوت و گاز و، مەکدۆناڵد لە خواردەمەنیدا، کە ڕوو لە هەر جێگایەك ناکەن، تاوەکو هەڵسەنگاندنی تەواویان بۆ نەکردبێت. بوونیان لە هەر وڵاتێك وەکو تەئکیدکردنەوەیەکە بۆ ئەمنییەت و تەندروستی و سەقامگیریی ئیداری و سیاسیی ئەو وڵاتە. ئیکسۆن مۆبیل بڕوای بە هەڵسەنگاندنی خۆیان و متمانەی بە پلانی حکومەتی هەرێم بۆ گەشەپێدانی کەرتی نەوت و گازی کوردستان کرد و ڕووی کردە هەرێمی کوردستان، بەم هەنگاوە و پاش ڕاکێشانی بۆریی کوردستان و دەستپێکی هەناردەی نەوتی کوردستان، هەرێمی کوردستان پێگەی خۆی لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی جێگیر کرد و بە هۆی نەوت و گازەوە وەبەرهێنەران و بزنێسکاران و گەورە کۆمپانیاکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بۆیە ئێستا بە بڕوای من بەغدا ئامادە نییە هاوکاریی ئەم کەرتە بکات، وەکو پاڵپشتییەك بۆ کەرتی نەوت و گازی خۆی، بۆ نموونە بەو جۆرەی پەرەپێدانی بە پاڵاوتگەکانی خۆی کردووە، بەو چەشنە سەیری کەرتی نەوتی کوردستان ناکات، تەنانەت بە بڕیار و ڕاگەیاندنەکانی لە چەند ساڵی دواییدا ڕێگریش بووە لە گەشەی زیاتر و زیانی لێ داوە، لە لایەکی دیکەوە تاکو ساڵی ٢٠١٩ بە هۆی زیانەکانی کە بەر کەرتی پاڵاوتنی عێراق کەوتبوو، ڕێڕەوی هەرێمی کوردستان و پاڵاوگەکانی ناو هەرێم یارمەتیدەری دابینکردنی سووتەمەنی بەگشتی و ئاسایشی وزەی عێراق بوون، بەڵام لە ئێستادا کە بە پاڵپشتیی حکومەتی فیدراڵ و وەبەرهێنانی سەرمایەدارانی عێراق توانی پاڵاوتنی بۆ یەك ملیۆن و ٣٠٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە بەرز بکاتەوە، کەچی ئامادە نییە سووتەمەنی بە نرخی پاڵپشتیکراوی هاووڵاتییەکی عێراق بدرێتە هەرێمی کوردستان، واتە پێیان خۆشە نرخی نەوت و بەنزین و گاز لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەرزانتر بن لەوەی لە هەرێم هەیە، تاوەکو وانیشانی بدەن لەوێ بارودۆخەکە باشترە و لێرە گرانی هەیە، ئەمە لە ناو هیچ عەقڵییەتێکی حوکمڕانیدا جێگەی نابێتەوە.

*** باسی هێرشە درۆنی و موشەکییەکانت کرد بۆ سەر پاڵاوتگە و کێڵگەی کۆرمۆر، کە ئیدانەیەکی نێوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانیی لێکەوتەوە، ئایا وەکو شارەزایەکی نەوت و گاز پاراستنی ئەم کێڵگە نەوتی و گازی و پاڵاوتگە و پیشەسازییانەی نەوت لە ئاسمانەوە چۆن دەکرێت؟**

- نەوت و گاز تێکەڵ بە بەرژەوەندییە ئیقلیمی و سیاسییەکان بووە، بەرژەوەندییە نێوخۆییەکانی حزب و لایەنە سیاسییەکان و گرووپە چەکدارەکانیش لەم بابەتە بە دوور نییە. دیپلۆماسییەتی ژێر و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و تەنانەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەتای ڕاگرتنی ئەم هێرشانەیە، دواتر لە ڕێگەی بەدەستهێنانی کامێرا و چەکی پێشکەوتووی وەکو دژە موشەك بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان و تەنانەت بەدەستهێنانی درۆنی چاودێری، ئەمانە هەمووی گرنگن، چونکە لێدانی پێگەی ستراتیژی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، لێدانی خودی پێگەی هەرێم و لاوازبوونیەتی. هەموومان بینیمان لە یەك هێرشی درۆنیدا چۆن ملیۆنەها کەس بێ کارەبا بوون، تەنانەت مەترسیی قەیرانی گازی ماڵانیش هەبوو، ئەمە وێڕای زیانەکانی ڕاگرتنی هەناردەکردنی گاز لە ناوخۆدا، خۆ ئەم جارە پارێزگاکانی مووسڵ و دیالە و کەرکووکیش لە کارەبادا زیانیان بەرکەوت، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە لە سەرەتای قسەکانمدا کردم، زیانگەیاندن بە هەرێمی کوردستان ئەگەر لەسەر حیسابی ناوەندیش بێت، ئەوان قبووڵیانە، ئەوەتا وەزیری نەوتی عێراقی نامە بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەنووسێت و داوایان لێ دەکات

**نەوت و گاز تێکەڵ بە بەرژەوەندییە ئیقلیمی و سیاسییەکان بووە، بەرژەوەندییە نێوخۆییەکانی حزب و لایەنە سیاسییەکان و گرووپە چەکدارەکانیش لەم بابەتە بە دوور نییە**

**زیانگەیاندن بە هەرێمی کوردستان ئەگەر لەسەر حیسابی ناوەندیش بێت، ئەوان قبووڵیانە، ئەوەتا وەزیری نەوتی عێراقی نامە بۆ کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەنووسێت و داوایان لێ دەکات ئۆفیسەکان لە هەرێم دابخەن**

**لە کاتێکدا عێراق زیاتر لە ١١٠ ساڵە نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، کەچی خاوەنی یاسای نەوت و گاز نییە و بەپێی پلان و بەرژەوەندیی لایەنەکان بەڕێوە دەبرێت**

**لەو ماوە زۆرەی ١٠ ساڵەدا کە عێراق زۆر پێویستی بە کورد و هەرێمی کوردستان بوو، نەمانتوانی فشار بکەین ئەو سکاڵایەی دادگای پاریس هەڵبوەشێنینەوە**

**عێراق بەپێی یاسا نەوت و گاز بەڕێوە ناچێت، بەڵکو بە پێی بۆچوون و بەرژەوەندیی لایەنەکان بەڕێوەی دەبەن**

**لە کەرتی گازدا عێراق ئەوەندە دواکەوتووە، دووەم وڵاتە لە سووتاندنی گازی هاوەڵی نەوتدا و زیاتر لە سعودییە و ئەمریکا و هێندەی رووسیا دەسووتێنێت**

ئۆفیسەکان لە هەرێم دابخەن، بەپێچەوانەوە لە بەغدا مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت .

*** بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق دیارە بە ئیمتیاز بڕیاری سیاسی بووە، بەڵام لەسەر دادگای ناوبژیوانیی پاریس شرۆڤەکردنی تایبەت بە خۆتت هەبووە، دەکرێت ئەمەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟**

- دادگای ناوبژیوانیی پاریس سیاسی نەبووە، ڕاستە دواتر بۆ ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت و زیانگەیاندن بە هەرێمی کوردستان بەکار هات، بەڵام ئەم دادگایە بۆ زیاتر لە١٠ ساڵ دەگەڕێتەوە کە عێراق لە دژی تورکیا لەو دادگایە سکاڵای کردبوو. من لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا سەیری بۆچوون و ڕێڕەوی دادگاکەم دەکرد و چەند جار سکاڵا و وەڵامەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات. جارێکی دیکە بەهۆی گۆڕین، یان کۆچی دوایی لە دادوەر و پارێزەرەکانی لایەنەکان، دواکەوتنی بڕیار لەو جۆرە دۆسیە نێودەوڵەتییانە بابەتێکی نامۆ نییە، بەڵام ئەمە پێچەوانەی دادگای فیدراڵیی عێراقە کە بڕیارێکی سیاسی بوو، وەکو ئەوەی لە تەرجومە ئینگلیزییەکەی دەستووری عێراقدا خوێندوومەتەوە و شرۆڤەم کردووە، بە وەی هەرێمی کوردستان بە لانیکەم لە کێڵگە نوێیەکان مافی خۆیەتی نەوت و گاز دەربهێنێت و هەناردەی بکات، بەشێکی زۆری کێڵگەکانی کوردستان وەك تاوکە و فیشخاپوور و شێخان و ...هتد دەکەونە ناو ئەو دەستەیەوە، لە لایەکی دیکەوە پێم باش بوو، باس لەوەش بکەین، کە بە بڕیاری دادگای فیدراڵی، کوردستان وەك بەشێکی عێراق لە یاسایەکی پێشکەوتووی ژیرانە بێبەش کرا، لە کاتێکدا عێراق زیاتر لە ١١٠ ساڵە نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، کەچی خاوەنی یاسای نەوت و گاز نییە و بەپێی پلان و بەرژەوەندیی لایەنەکان بەڕێوە دەبرێت، بە واتایەکی دیکە، بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی هیچ خزمەتێکی نەکرد و پاشەکشەی بە بەشێکی کەرتی نەوت و گازی عێراقیش کرد، بۆیە گرنگە هەوڵ بدەین و هەرگیز ڕێگە نەدەین، یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بێ گەڕانەوە بۆ مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی عێراقدا ئامادە بکرێت و لە پەرلەماندا تێپەڕێندرێت، کە لە ناو ئەم یاسایەدا جێگەی کراوەتەوە. من شانای بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە دەکەم، بەڵام شانازی بەوەوە ناکەم کە لەو ماوە زۆرەی ١٠ ساڵەدا کە عێراق زۆر پێویستی بە کورد و هەرێمی کوردستان بوو، نەمانتوانی فشار بکەین ئەو سکاڵایەی دادگای پاریس هەڵبوەشێنینەوە، هەڵبەتە پێم باشە ئاماژە بەوەش بکەم، کە لە دادگای پاریسدا بۆ دەرهێنان و گواستنەوە و هەناردەکردن و، تەنانەت فرۆشتنەکەشیدا، دژی مافەکانی هەرێمی کوردستان دەنگ نەدرا و تەنیا بۆ ڕادەستکردنی نەوت بە کەشتییە بارهەڵگرەکانی نەوت دژی تورکیا دەنگ درا، کە ئەمەش بە هۆی هەمواری گرێبەستێکی نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ کرا و پێشتر ئەو خاڵە لەو گرێبەستەدا نەبووە کە دەڵێت ڕادەستکردنی نەوت بە کڕیار دەبێت بەپێی ڕەزامەندی و بڕیاری سۆمۆ بێت، بە پێچەوانەوە بە ناڕاستەوخۆ ددان بەوەدا نراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی یاساییە و بەشێکە لە دەسەڵاتی فیدراڵی عێراق.

*** زۆر جار باس لە شەفافییەت و داهاتی ناوخۆی نەوت دەکرێت، ئایا بارودۆخی شەفافییەت و داهاتی نەوتی عێراق تا چەند کەوتووەتە ژێر چاودێری و بەدواداچوونی دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە؟**

- هەرگیز بە وڵاتێك هەڵمەخەڵەتێن کە لە لووتکەی گەندەڵی و ناشەفافییەتدا بێت، بێت و دوای شەفافییەت لە تۆ بکات، دەزانیت لە غیابی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیدا چ گەندەڵی و بەفیڕۆچوونێکی داهاتی نەوتی لە عێراقدا هەیە؟ عێراق بەپێی یاسا نەوت و گاز بەڕێوە ناچێت، بەڵکو بە پێی بۆچوون و بەرژەوەندیی لایەنەکان بەڕێوەی دەبەن، لە نێوخۆیاندا چەندین دۆسێی گەندەڵی گازئۆیل و نەوت لە بەڕێوەبردنی نەوت و گازی عێراق کراوە، بە ڕاددەیەك تەنیا لەگەڵ یەك کۆمپانیای بەریتانیدا بە نزیکەی یەك ملیار دۆلار غەرامە کراوە، ئەوەش وەکو هۆکارێك بۆ کشانەوەی ئیکسۆن مۆبیل، ئەم کۆمپانیایە لە

گرێبەستێکی ١٢ ملیار دۆلاری کە لەگەڵ عێراق شرۆڤەی دەکات، تەنیا لەبەر ئەوەی ناوبانگی تێك نەچێت، دەکشێتەوە، پاشان کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکانی دیکەش لە عێراق چوونە دەرەوە، ئێستا تەنیا کۆمپانیای ڕووسی و چینی ماون، وەزارەتی نەوتی عێراق گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا کردووە بۆ لێدانی ٩٦ بیر بە ٤٨٠ ملیۆن دۆلار، کە زۆر گرانترە لە نرخی جیهانی، لە کەرتی گازدا عێراق ئەوەندە دواکەوتووە، دووەم وڵاتە لە سووتاندنی گازی هاوەڵی نەوتدا و زیاتر لە سعودییە و ئەمریکا و هێندەی ڕووسیا دەسووتێنێت، لەکاتێکدا یەك لەسەر سێی ئەو وڵاتانە بەرهەم دەهێنێت، عێراق لە ٢٤ هەزار مێگاوات کارەبا تەنیا شەش هەزار مێگاواتی بە گازی سرووشتی بەرهەم دەهێنێت، ئەویش بە گازی هاوردەکراو.

*** لە دوا بەیاننامەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکاندا بە توندی لەسەر بابەتی دژایەتیکردن و دانانی ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم چارەسەرکردنی کێشەکان هاتووە، تەنانەت باس لەو گەندەڵییەش کراوە کە لە وەزارەتی نەوتی عێراقدا هەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند گفتوگۆکانی نێوان وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراق ئومێدبەخشە؟**

- من پێم وایە چارەسەر و بڕیار سیاسییە و پێویستە لەم چوارچێوەیەدا بە دوای چارەسەردا بگەڕێین. پێویست بوو لە سەرەتای گوشاری ئیداری وەزارەتی نەوت و پاش دادگای فیدڕاڵی، ئێمە هاوشێوەی ئەو بەیاننامەیە بەرانبەر داواکاریی ناڕەوای بەغدا بوەستاباین، هەرچەندە ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە بۆ جیهان نیازپاکی و ئامادەیی خۆمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەپێی دەستوور بسەلمێنین، بەڵام لە عێراقدا بە جۆرێکی دیکە وەڵام دراینەوە. بۆیە پێم وایە دەبێت بەرانبەر وەزارەتی نەوتی عێراق زیاتر بگوترێت و کێشەکەش ببردرێتە ئاستی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی دیپلۆماسییش کەیسەکە بەهێزتر بجووڵێندرێت. گرنگە لێرە بەدواوە نەوتی کوردستان بە نیشتمانی بکرێت و لە حزبایەتی و ململانێی حزبەکانی ناو حکومەت و ئۆپۆزسیۆنیش دوور بخرێتەوە. حزبی ئۆپۆزسیۆنی وا هەیە بۆ لێدانی حزبەکانی ناو حکومەت دەچێتە بەغدا و دەڵێت وەرە نەوتی کوردستان ڕادەستی خۆت بکە، یان حزب هەیە لە ناو حکومەتدایە و ٥٠٪ی دەسەڵاتی هەیە، کەچی لێدوانی دژ بە گەشەپێدانی نەوت و بەتایبەتی هەناردەکردنی گازی هەرێمی کوردستان دادات، حزبەکانی کوردستان وایان لێ هاتووە جێگەی شانازییە بۆیان لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کەرتی نەوت و گازی کوردستان بدەن و مەلەفی نەوت ڕادەستی ئەو هەموو گەندەڵکارییەی بەغدا بکەن، ئێ باشە لەگەڵ حکومەت کێشەت هەبێت لەسەر ١٠ بابەتی دیکە دەتوانیت ململانێ بکەیت،

**حزب هەیە لە ناو حکومەتدایە و ٥٠٪ی دەسەڵاتی هەیە، کەچی لێدوانی دژ بە گەشەپێدانی نەوت و بەتایبەتی هەناردەکردنی گازی هەرێمی کوردستان دادات**



فیلم و دیکیۆمێنت هەیە کە دەیانگوت نەوت ڕادەستی بەغدا بکەن، ژیانمان خۆش دەبێت، ئەی بۆچی ئێستا بەرپرسیار نین لە نەهاتن و درەنگ هاتن و کورتهێنانی بودجە؟ مووچە وەردەگرین هەر مووچەیەك بە کۆمەڵێك بیانوو و پاساوەوە دوادەخرێت، یەك گرفتی دارایی و بەهای نەوت دروست ببێت، پێش هەموو کەسێك مووچەکەی فەرمانبەرانی هەرێم دەبڕدرێت. ئەم هەموو جینۆساید و وێرانکردن و دژایەتی و شەهید و قوربانییانەیان لەیاد کردووە و لە هەوڵی ئەوەدان گرنگترین سەرچاوەی هێز و دیپلۆماسی و ئابووریی ئەم هەرێمە ڕادەستی نەیاران بکەن، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە دۆسێی نەوت و گاز لە ململانێی حزبەکانی کوردستان دوور بخرێتەوە.

**دەیانگوت نەوت ڕادەستی بەغدا بکەن، ژیانمان خۆش دەبێت، ئەی بۆچی ئێستا بەرپرسیار نین لە نەهاتن و درەنگ هاتن و کورتهێنانی بودجە؟**



مامۆستا شێخ ڕەشید گەردی بۆ گوڵان:

# ئیسلام بایەخ بە پرسی خاک و نەتەوەکان دەدات، چاکترین کەسیش لای خوا ئەو کەسەیە کە خزمەت بە نەتەوە و وڵاتی خۆی دەکات

**لە دوای ساڵانی پەنجاوە بیر و لایەنی ئیخوان موسلیمین گەیشتە هەرێمی کوردستان و لە ساڵانی هەشتاوە بیر و لایەنی جیهادی دروست بوو. ئەو بیر و هزرانە وایان کرد، ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەدوای ساڵی ١٩٩١ زیاتر دەربکەون، ئەو لایەن و حزبە ئیسلامییە سیاسییانەش بە جۆرێکن کە ڕێز لە نەتەوە و نیشتمان و خاك و پیرۆزییەکانی میللەتەکە ناگرن و، زۆر جار وا دەجووڵێنەوە کە کورد موسڵمان نییە و پێویستە سەرلەنوێ بیانهێننە سەر ئایینی ئیسلام و تەماشای زانا و مێژووی گەلی کوردستان ناکەن، کە چەند خزمەتیان بە ئایینی ئیسلام کردووە. زۆر جاریش لێرە و لەوێ بە ئارەزووی خۆیان و هەر کەسێکیان بێت، فتوا دەدەن. ئەوە و چەندین پرسیاری دیکەمان خستەبەر دیدی مامۆستا شێخ ڕەشید گەردی، کە یەکێکە لەو موفتییانەی کاتێك لە ساڵی (١٩٩٢) لێژنەی باڵای موفتی لە کوردستان دامەزرا، ئەویش یەکێك بوو لەو (١٢) زانایانەی کە بوونە موفتی لە لێژنەکەدا، بەداخەوە لەو لێژنەی فتوایە (١١) زانایان کۆچی دواییان کردووە و لە ئێستادا تەنیا مامۆستا شێخ ڕەشید گەردی لە ژیان ماوە. ئەو زانا و موفتییەش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

* لەدوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ سیاسی و عیبادەت. ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟

- بێگومان پێویستە هەموو کوردی هاوئایین و هاوزمانم بزانن، کە ئیخوان موسلیمین و هەموو پارت و حزبە ئیسلامی و سەلەفی و وەهابی و گرووهەکان تەمسیلی ئیسلام ناکەن، چونکە ئایینی ئیسلام دینە، نەك ئەحزاب و سیاسەت. وەکو خوای گەورە لە قورئان دەفەرموێت: «وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا»، ئەمەش واتە خوا ڕازییە کە ئیسلام بکەیت بە دینی خۆت، هەر بۆیە ئەو دابەشکردن و تەفرەقەی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی و وەهابییەت دژی خودی ئایینی ئیسلامە و هیچ پەیوەندییەکی دوور و نزیکی بە ئایینی ئیسلامەوەی نییە، بەڵکو ئەو گرووپانەی کە هەن، تەنیا مەبەستیان تەعریبە و بەعەرەبکردنی میللەتانی دیکەی غەیرە عەرەبە، هەر بۆیە دینداری لەو گرووپە ئیسلامییە سیاسییانە وەرناگیرێت.

* بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی، بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، هەروەها دەبینین سەرکردەی حزبە ئیسلامییەکان ڕێز لە سروودی ئەی ڕەقیب ناگرن. ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارساتێکی لێدەکەوێتەوە؟

- بەپێچەوانەوەی بیرکردنەوەی حزب و گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە، ئەوا خودی ئیسلام بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوەکان دەدات و لەمبارەوە دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) زۆرن، بێگومان چاکترین کەسیش لای خوا ئەو کەسەیە کە خزمەت بە قەوم و خاك و وڵاتی خۆی دەکات. هەر بۆیە دەپرسین: چۆن دەبێت ئایین ڕێگر بێت لە ئازادی و سەربەخۆیی میللەت و وڵات؟ بێگومان ئایین لەگەڵ ئازادی و سەربەخۆیی و ڕێزگرتنی هەموو پیرۆزییەکانی میللەتانە، ئەگەرچی ئەوان واتە ئیسلامی سیاسی و گرووپەکانیان چاك دەزانن ئەگەر کورد بەرەو هزری ئیسلامی سیاسی بڕوات، ئەوەندەشی هەیە، لەناوی دەبەن و شتێك نامێنێت بە ناوی

**دابەشکردن و تەفرەقەی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی و وەهابییەت دژی خودی ئایینی ئیسلامە و هیچ پەیوەندییەکی دوور و نزیکی بە ئایینی ئیسلامەوەی نییە**

**ئیسلامی سیاسی و گرووپەکانیان چاك دەزانن ئەگەر کورد بەرەو هزری ئیسلامی سیاسی بڕوات، ئەوەندەشی هەیە، لەناوی دەبەن و شتێك نامێنێت بە ناوی کوردستان**



کوردستان. هەر بۆیە داگیرکەرانی کوردستان دەیانەوێت میللەتی کورد بەرەو ئەو ئاقارە ببەن، تاوەکو لەناوی بەرن. ئێستا بەداخەوە هەندێك لە گەنجەکان هەڵگری ئەو ڤایرۆسەن و هەندێکیش سەرقاڵی کاری نەگونجاون، وەك بەکارهێنان و خواردنی ماددەی هۆشبەر و دەرمان، کە هەمووشیان بەرنامەی دوژمنانی میللەتی کوردن. هەر بۆیە دەبێت هوشیار و ئاگادار بین و بزانین هیچ میللەتێك بە هزری توندڕەویی ئایینی ڕزگاری نابێت و، هیچ میللەتێکیش بە کار و کردەوەی خراپ و فەساد ڕزگاری نەبووە. هەروەها دەبێت هەموو دنیا بزانێت کە کێشەی کورد ئایینی نییە بەڵکو نەتەوەییە و لە کاتێکدا بمانەوێت کورد خاك و میللەت و وڵاتی سەلامەت بێت، ئەوە دەبێت لەسەر سوننەیاتی بمێنێت و پەیڕەوی مەزهەبی شافعی و تەسەوف بکات.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسیی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- ئەم پرسیارە زۆر بە کورتی وەڵامەکەی بەو جۆرە دەدەینەوە، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی بەو جۆرە بیر دەکەنەوە، وەڵامەکەش ئەوەیە، کاری بەکرێگیراو ئەوەیە کە مێژووی عولەما و زانا و سەرکردەکانی میللەتی خۆی فەرامۆش بکات و مێژووی نەزان و میللەتانی دیکە لە بەناو زاناکانی عەرەب بڵاو بکاتەوە.

*** حزبە ئیسلامییەکان پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن، وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان ئیسلام بکەنەوە، ڕاشکاوانەتر وەك ئەوەی میللەتی ئێمە موسڵمان نەبوویێت و ئەوان بیانەوێت موسڵمانی بکەن. ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- لێرەدا دەبێت خەڵکی کوردستان هوشیار بکرێتەوە لەو تەعریبە بەناو ئیسلامیی و وەهابییەتەوە، چونکە نابێت ڕێبازە پیرۆزەکەی

دینی ئیسلام وەکو دینداری گوم بکرێت و، شوێنی ئەو ڕێبازە چەواشەکارییە بکەون کە لەلایەن ئیسلامی سیاسی و هەندێ گرووپ کاری بۆ دەکرێت، کە ئەویش ئەرکی وەلی ئەمر و زانایانی مەلای کوردە، کە دەبێت بۆ خەڵکی کوردستانی بە وردی و هەستیارییەوە ڕوونی بکەنەوە. چونکە هەر لە دێرزەمانەوە میللەتی کورد، موسڵمان و مەلا و شێخ و مامۆستایانی ئایینی خۆش ویستووە و هەمیشە ڕێزی لێگرتووە و بڕوای پێی هەبووە، لەبەر ئەوەی مەلای کورد لە مێژوودا ڕۆڵی قازی و موفتی و ڕیش سپی و چاکسازی بینیوە و هەمیشە وەکو مۆم سووتاوە، تاوەکو دەوروبەری ڕووناک بکاتەوە، ئەوانیشن دەتوانن، بە بیری نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری پەروەردەی گەنجەکانی کورد بکەن.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسوولی دەکرێت، تەنانەت باس لەوە دەکرێت یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی «تەنزیمی سری» دامەزراوە. ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- هیوادارم و دوعا دەکەم کە خودای گەورە کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی لە فیتنەی توندڕەوی و چاندنی تۆوی توندوتیژی ئایینی دووربخاتەوە، چونکە خوانەخواستە ئەگەر کۆمەڵگەی کوردیان بەرەو ئەو توندڕەوییە برد، زۆر مەترسیدارە و کار و شتی ترسناك ڕوو دەدات، لەوانە:

یەکەم: کاروانی ئاوەدانی ڕادەوەستێ و کوشتن و سەربڕین و کاولکاری و تێکدانی کۆمەڵگەی لێ دێتەکایەوە.

دووەم: دەبێتە هۆی نەهێشتنی هێمنی و ئاسایش و نەمانی بەرقەرایی یاسا لە وڵات و ترس و ڕق و کینە و بوغز و نیفاق لەناو خەڵکی کوردستان بڵاو دەبێتەوە.

سێیەم: دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵك بە کافر و مشرك و بدعەچی لە قەڵەم بدرێن.

چوارەم: دڵڕەقی و بێ سۆزی و بێ ویژدانی بڵاو دەبێتەوە.

پێنجەم: دەبێتە هۆی نەهێشتنی خۆشەویستی و برایەتی لەناو کۆمەڵگە و بەتاڵکردنەوەی عیبادەتی هەموو موسڵمانی کورد.

شەشەم: دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەزانین و نەفامی و جەهل و بێزی بەرانبەر بە ئافرەتان و دژ بە هەموو پێشکەوتنێك، هاوکات واز لە زانایانی کورد دەهێنن و فەتوا لە عەرەبستان و زانای عەرەب وەردەگرن، لەلایەکی دیکەوە لەڕووی ئەخلاقییەوە پێچەوانەی ئەخلاقی ئیسلام هەڵسوکەوت دەکەن.

دەبێت بزانین، ترسناکی و خەتەری بیر و فیکر و ڕای توندڕەوی جهادی و وەهابی و ئیسلامی سیاسی، تەنیا لەسەر موسڵمانان و کورد نییە، بەڵکو مەترسی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی هەیە و هەروەها مەترسییان بۆ زیندوو و مردووش هەیە، وەکو دیتمان قەبرستان و چەندین مەرقەدیان تەقاندەوە، چونکە جگە لە خۆیان تەواوی موسڵمانان و مرۆڤایەتی بە کافر و مشرك دەزانن و لە وڵاتان کچی موسڵمانانیشیان بە کەنیزە فرۆشتووە. ئایا پێغەمبەر و سەحابە و دینی ئیسلام ئاوان؟ بە تەئکید نەخێر، بەڵکو ئەو گرووپ و کەس و لایەنانە بە عەقیدە و دین و ئەخلاق ئیسلامی هەقیقی نین.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسی، مەسەلەی دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فەتوا»دانە، لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیری موئمنین فەتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت، هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات و خەڵك بکوژێت. ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە نییە لە کۆمەڵگە؟**

- بەڵێ، گەورەترین کارەسات کە تووشی کۆمەڵگە دەبێت، کارەساتی فەتوادانە لەلایەن نەزان و حزبی ئایینی و ئیسلامی سیاسی و وەهابی کە ئەمەش گەورەترین ئاژاوەیە کە بەرۆکی میللەتی کوردی گرتووە، بەڵکو فەتواش لە کوردستان تەنیا لە لێژنەی فەتواوە وەردەگیرێت، ئەوەی دیکە هەمووی باتڵە و فەتوادان نییە، چونکە فەتوا لە حزب و گرووپی ئیسلامی سیاسی وەرناگیرێت و ئەوان پەیوەندییان بە دینەوە نییە، تا بتوانن فەتوا بدەن.

**کاری بەکرێگیراو ئەوەیە کە مێژووی عولەما و زانا و سەرکردەکانی میللەتی خۆی فەرامۆش بکات و مێژووی نەزان و میللەتانی دیکە لە بەناو زاناکانی عەرەب بڵاو بکاتەوە**

**نابێت ڕێبازە پیرۆزەکەی دینی ئیسلام وەکو دینداری گوم بکرێت و، شوێنی ئەو ڕێبازە چەواشەکارییە بکەون کە لەلایەن ئیسلامی سیاسی و هەندێ گرووپ کاری بۆ دەکرێت**

**مەلای کورد لە مێژوودا ڕۆڵی قازی و موفتی و ڕیش سپی و چاکسازی بینیوە و هەمیشە وەکو مۆم سووتاوە، تاوەکو دەوروبەری ڕووناک بکاتەوە**

**گەورەترین کارەسات کە تووشی کۆمەڵگە دەبێت، کارەساتی فەتوادانە لەلایەن نەزان و حزبی ئایینی و ئیسلامی سیاسی و وەهابی**

# ڕۆژنامەگەری لە پێناوی ژینگەدا، ئازادی و بەرپرسیارێتییە



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە



کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پشتبەستن بە ڕاسپاردەیەکی کۆنگرەی گشتیی یۆنسکۆ، ٣ی ئایاری هەموو ساڵێکی وەك ڕۆژی جیهانی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەری ڕاگەیاندووە، لە پێناو گەشەپێدان بە ڕۆژنامەگەرییەکی ئازاد و سەربەخۆ و فرەیی و، لەپێناوی ئەوەش کە (٣)ی ئایار ببێتە ڕۆژێك بۆ:

یەکەم: بیرخستنەوەی هەموو لایەك بۆ پابەندبوون بە گرنگیی ئازادیی ڕۆژنامەگەری.

دووەم: بیرکردنەوە و ڕامان لەنێو توێژی ڕۆژنامەوانان خۆیانەوە لەبارەی پێکەوەگرێدانی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئاکاری ڕۆژنامەوانیدا.

سێیەم: پاراستنی بنەما سەرەکییەکانی ئازادیی ڕۆژنامەگەری.

چوارەم: هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە سەرتاپای جیهاندا.

پێنجەم: بەرگری لە کەناڵەکانی میدیا و کارمەندەکانیان.

شەشەم: ڕێزگرتن لە خەبات و مافی ئەوانەی لەکاتی کاری ڕۆژنامەگەریدا گیانیان بەخشیوە.

یادکردنەوەی ئەم بۆنەیە لە ڕووی ئازادیی ڕادەربڕین لە بواری قەیرانی ئێستای ژینگە لە جیهاندا و، ڕۆژنامەگەری لەپێناوی هەسارەی زەوی و، ڕۆژنامەگەری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانە ژینگەییەکاندا، گرنگییەکی زۆری خۆی هەیە، چونکە ئاگاداربوون لە گشت لایەکانی قەیرانی ژینگە لە جیهاندا و کاریگەرییەکانی، بە بێ کاری ڕۆژنامەگەری ناکرێت، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە لە گەڕان بەدوای زانیاری و بڵاوکردنەوەیدا، ڕۆژنامەوانان لە جیهاندا تووشی ماندووبوون و زەحمەتی دەبن و ڕووبەڕووی ئالنگاریی زۆریش دەبنەوە، بەتایبەت لە باسە ژینگەییەکانی وەك گۆڕانی کەشوهەوا و پەنابەری ژینگەیی و پیشەسازیی نایاسایی کانزا و کانەکان و ڕاوکردنی نایاسایی و بازرگانیکردن بە گیانلەبەرانەوە و بڕینەوەی درەختی دارستانەکان و زۆر کاری هاوشێوەی دیکە، کە لە ڕاستیدا تیشك خستنە سەر ئەم باسانە و باسە هاوشێوەکانیان، گرنگن بۆ بەهێزکردنی گشت بەها و بنەماکانی دیموکراسی لە جیهاندا.

هەرچەندە سێ قەیرانە سەرەکییەکەی ژینگە لەسەر هەسارەی زەویدا کە بریتین لە: (گۆڕانی کەشوهەوا، لەدەستدانی فرەچەشنیی زیندەوەران و، پیسبوونی هەوا)، پێویستیی زۆریان بە کاری ورد و زانیاریی ڕاست هەیە، بەڵام هێشتا بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە، توێژینەوەی نازانستی، بەرژەوەندیخوازی لە پەنای بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکاری سەرەکی بۆ هەرەسهێنان بە هەر هەوڵێکی ڕاستەقینە لە بواری دۆزینەوەی چارەسەر و پیادەکردنی هەنگاوە ڕاستەکاندا، بەمەش زیانی گەورە بەر ئەو سیاسەت و کار و بەرنامانە دەکەوێت، کە لە هەوڵدان بۆ پارێزگاریکردن لە چین و توێژە لاوازەکانی بەردەم هەڕەشەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، چونکە بۆ ئەوەی بتوانین گەشەپێدانێکی دوورمەودا و درێژخایەن و بەردەوام بەڕێوە ببەین، پێویستە کاری ڕۆژنامەوانیی ژینگەیی چەند بنەمایەك ڕەچاو بکات، وەك ئەوەی:

یەکەم: پێویستە ڕاپۆرتە ژینگەییەکان زانیاریی زۆر ورد و ڕاست لەخۆ بگرن.

دووەم: ڕەچاوی کات بکەن و ڕاپۆرتەکان لە کات و ساتی خۆیاندا بخرێنە ڕوو، نەك دواتر.

سێیەم: ڕاپۆرتەکان گشتگیر بن و لەبارەی باسێکی تایبەتمەندیشەوە بن، نەك گشتی.

چوارەم: ڕاپۆرتەکان وێڕای باسکردنی گرفتەکان، ڕێگەچارەش بخەنە ڕوو.

بۆیە بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی درێژخایەن و دوورمەودا دوو خاڵ پێویستن:

یەکەم: زانینی لای کەمی مافەکانی ڕۆژنامەوان وەك:

١- پارێزگاریکردن لە مافەکانی ڕۆژنامەوانان.
٢- زامنکردنی مافی ڕادەربڕین بۆ ڕۆژنامەوانان.
٣- ئازادیی لە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی.
٤- مافی گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری.

دووەم: زانینی لای کەمی ئەرکەکانی ڕۆژنامەوانیش وەك:

١- دوورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و گومڕاکار.
٢- نەکەوتنە ژێر کاریگەریی بڕیار و بۆچوونی پێشوەختە.
٣- خۆدوورگرتن لە کارکردن بۆ کەناڵ و دەزگای نەیارانی گەل و وڵات.
٤- دڵنیابوون لە ناوەڕۆك و سەرچاوەی ڕاستەقینەی باس و بابەت و هەواڵ.

# لە ڕۆژی جیهانیی پەرستاران

# ئەرک و شەونخونیان بەرز دەنرخێندرێت

لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی (١٩٧٤) جیهان بڕیاری دا، ڕۆژی (١٢ی مایس) بکرێت بە (ڕۆژی جیهانیی پەرستاران) و وەك وەفایەکیش بێت بۆ ئەو کەسەی کە بە دامەزرێنەری زانستی پەرستاریی هاوچەرخ دادەنرێت، کە ئەویش (فلۆرێنس نایتینجل)ـە کە لەو ڕۆژە لە دایك بووە و پەرستاران لە سەرانسەری دنیادا بە کوردستانیشەوە وەکو فریشتەی بەزەیی لە خزمەتکردنی نەخۆش بەردەوامن، تەنانەت لە هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆناش ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی گیانی هاووڵاتیان بینی، پەرستاران ئەمجارەش توانییان مێژوویەکی پڕ لە سەروەری بۆ خۆیان و پیشەکەیان تۆمار بکەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان، لە دیدی جیاوازەوە باس لە ئەرك و ماندووبوونی توێژی پەرستاران دەکەن.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی





**فلۆرێنس نایتینجل بە یەکەم کەس دادەنرێت کە ڕێزمانی بۆ پەرستاری تازە داناوە و فێرگەی پەرستاری دامەزراندووە**

**پیشەی پەرستاری بەوە پێناسە بکرێت، کە هەم زانست و هەم هونەر و هەم کاری خزمەتگوزاری مرۆڤایەتییە لە نێو پیشە تەندروستییەکان**

**پەرستاران هەمیشە لە ڕۆژە سەختەکان لەریزی پێشەوەی قوربانیدان بوون، بەتایبەتی لە شەڕی داسەپێنراوی تیرۆریستانی داعش کۆمەڵێک قوربانییان داوە**

**پرۆسە و شێوازی پەرستاری لەگەڵ جیهانی مۆدێرنیزە گۆڕاوە و بەرەو هەنگاوی باشتر چووە، تاکو بتوانن چاکترین و بەسوودترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە خزمەتخوازانی تەندروستی بکەن**

فلۆرێنس نایتینجل، ساڵی ١٨٢٠ لە ئیتاڵیا و لە خێزانێکی بەریتانیی دەوڵەمەند لەدایك بووە، کە بڕوایان بە خستنەبەر خوێندنی کچ هەبووە. خوێندنی لە ماڵەو لەژێر دەستی باوکی وەرگرتووە، هەر لە منداڵییەوە خەونی بەوەوە دەبینی، خزمەتی خەڵك بکات و ببێتە پەرستار، بەڵام خێزانەکەی لە سەرەتادا دژی بوون، چونکە لەو کاتەدا پیشەی پەرستاری بە پیشەیەکی سەرنجڕاکێش نەدەبیندرا و پیشەیەك بوو کە زۆر بە بێبایەخ و بێڕێزیان دەزانی، بەڵام فلۆرێنس نایتینجل سەرەڕای ڕێپێنەدانی خێزانەکەی، لەسەر ئامانجەکەی سوور بوو و هەوڵی زیاتری بۆ فێربوونی پەرستاری دا، تەنانەت لەو پێناوەدا هاوسەرگیریشی ڕەت کردەوە، لەبەر زایی دەزانی، هاوسەرگیری بە بەرپرسیارێتی ماڵەوەی دەبەستێتەوە. لە ساڵی ١٨٥١ لە قوتابخانەی کایزروارت فێری پەرستاری بوو، بە یەکەم کەسیش دادەنرێت کە ڕێزمانی بۆ پەرستاری تازە داناوە و فێرگەی پەرستاری دامەزراندووە و پلەی بۆ خزمەتگوزارییەکانی پەرستاری و خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردن لە نەخۆشخانەکان داناوە.

د. ڕێبین شێخ عەزیز بەرزنجی، پزیشکی شارەزای ددانە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دەتوانرێت پیشەی پەرستاری بەوە پێناسە بکرێت، کە هەم زانست و هەم هونەر و هەم کاری خزمەتگوزاری مرۆڤایەتییە لە نێو پیشە تەندروستییەکان. واتە پەرستاران بە یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی نێو خێزانی تەندروستی هەژماردەکرێن، کە شان بە شانی پزیشك و دەرمانساز و تاقیگەکان چوارچێوەی خزمەتگوزارییە پزیشکی و تەندروستییەکان دیاری دەکەن.» جەختی لەوەش کردەوە کە «مێژووی کاری پەرستاری زۆر کۆنە و لە سەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان کە ڕۆڵیان لە چاودێریکردنی نەخۆش و ڕێکخستنی ژەمە خۆراکییەکان و دیاریکردنی کاتی خەوتن و پشووی نەخۆشەکان لەناو پەرستگاکان بووە».

باسی ئەوەشی کرد، کە ئەنجومەنی جیهانیی پەرستاران ڕۆژی ١٢ی ئایاری وەك ڕۆژی جیهانیی پەرستاران دیاری کردووە. لەهەرێمی کوردستانیش هەموو ساڵێك ئەم یادە بە شکۆوە بەرز ڕادەگیرێت و لە زۆربەی دامەزراوە فەرمییەکان ڕێز لە ئەرك و ماندووبوونی پەرستاران دەگرن. هاوکات دەڵێت: «پەرستاران هەمیشە لە ڕۆژە سەختەکان لەڕیزی پێشەوەی قوربانیدان بوون، هەر لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەوتنخواز و ڕاپەڕین و شەڕی بەرگری لە دەستکەوتەکانی هەرێم و بەتایبەتی لە شەڕی داسەپێنراوی تیرۆریستانی داعش و لەم پێناوەش کۆمەڵێك قوربانییان داوە». خوازیاری ئەوەش بوو، کە «لەم یادە پیرۆزەدا زیاتر گرنگی بە ڕۆڵی پەرستاران و بەرزکردنەوە ئاستی زانستی و پیشەیی و کارامەییان و هاندانیان بۆ خوێندن و بایەخدان بە پسپۆڕێتییان بدرێت».

گوڵاڵە پشدەری، ساڵانێکە وەك فریشتەی تەندروستی و یاریدەدەری پزیشکی لە نەخۆشخانەکانی هۆڵەندا کاردەکات. چالاکێکی خۆبەخشە لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئەو وڵاتە و سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرکی پەرستاران، چەندین پرسیار دەکات و لە وەڵامیشدا دەڵێت: «ئەزموونی خۆم وەك پەرستار لە هۆڵەندا و بە بەراوردکردن لەگەڵ پیشەی پەرستارانی سەردەمی شەڕ و شاخ و ڕۆڵی پەرستارانی هەنووکەیی کوردستان زۆر جیاوازە و بە دڵنیاییەوە، تێپەڕبوونی کات و هەروەها پرۆسە و شێوازی پەرستاری لەگەڵ جیهانی مۆدێرنیزە گۆڕاوە و، بەرەو هەنگاوی باشتر چووە، تاکو بتوانن چاکترین و بەسوودترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە خزمەتخوازانی تەندروستی بکەن».

هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «پیشەی پەرستاری، هەروەکو زۆرێك لە پیشەکانی دیکەی کۆمەڵگە، پیشەیەکی پێویست و پیرۆز و پێویستە بە دیدێکی فراوان هەڵسەنگێندرێت و مامەڵەی گونجاوی لەگەڵدا بکرێت. پێویستیشە کە لە ناو ئەم پیشەیەدا جیاوازی لە نێوان ئەرك و مافدا هەبێت و بۆ هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار، وەکو پەرستار و نەخۆش و پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی تەندروستی بە شەفافی بێت». گوتیشی: «ڕۆڵێکی دیکەی پەرستار ئەوەیە کە سنوورەکانی یاسایی بناسێت. واتە لە پەنای ئەرکەکانی مافەکانیشی بناسێت. بۆ نموونە لە وڵاتی هۆڵەندا کە من بۆ ماوەی حەوت ساڵ دوو جۆر لە پایەکانی پەرستاریم خوێندووە، واتە ئێمەی پەرستار بە کۆدی پیشەیی کار دەکەین و ئەرکەکان و مافەکانمان و هەروەها مافەکانی نەخۆشانیش دیاری کراون. لە ئەورووپاش، نەخۆش بە شێوەیەکی گشتی وەك تۆتاڵیتی ئەژمار دەکرێت، تەنانەت ئەگەر پاشا و شاژن بێت. واتە من وەکو پەرستار بەرپرسیارێتیی نەخۆشێکم لەسەرە، هەر لە پاکوخاوێنکردنی تاکو دەرمانکردنی. بەڵام پێموایە لە کوردستاندا وەکو ڕابردوویەکی زۆر کۆن کار دەکرێت، واتە پەرستارێك کە پەیمانگەی تەواو کردووە، ئیتر نابێت هاوکاریی نەخۆش بکات بۆ خۆراك خواردن، یان جێگەکەی پاك بکاتەوە و تەنیا دەبێتە بەرپرسی برین پێچان و دەرزی لێدانی و...هتد، بەڵام لە هۆڵەندا بە ئەنجامگەیاندنی سەرجەم پێویستیەکانی نەخۆش کە پەیوەستە بە تەندروستی و نەخۆشییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پەرستار. بۆیە بێگومان سیستەمی پەرستاری لە کوردستان و لە ئەورووپادا جیاوازییان هەیە. هەروەها بە بۆچوونی من، پەرستارانی کوردستان نەپارێزراون وەکو پشتیوانی یاسایی و هیچ کۆدێکی پیشەییان نییە لەو مەترسییانەی لەسەریانە کە ڕێنماییان بکات، تاکو هەم ئەرك و مافەکانی ڕاستەقینەی خۆیان بزانن، هەم پیشەکەیان بە باشتر کارا بکەن و خزمەتگوزاریی گونجاو ئاراستەی خزمەتخوازانی تەندروستی واتە نەخۆشان بکەن. ئەگەر کۆدی پیشەیی و یاسای ئەرك و مافی نەخۆشان هەبێت و کاری پێ بکرێت، هیچ پەرستارێك

له کوردستاندا له پیشەکەی ناڕازی نابێت». وەك دوا وتەشی گوتی: «بەداخەوە لەو ماوەیەدا هاوپیشەکانم له کوردستان، وێڕای ئەوەی وەك زۆرێك له فەرمانبەران کەوتوونەتە بەر لێشاوی پاشکەوتی مووچە و بێ بژێویی ژیان، کە ئەوەش خاڵێکی زۆر نەرێنی و کاریگەرە بۆ لاوازبوونی کەرتی تەندروستی و پاراستنی گیان و ڕۆحی خەڵکی نەخۆش و بەرزبوونەوەی ڕێژەی مەرگ. خۆ ئەگەر مووچەی کارمەندانی تەندروستی بەشتی و پەرستاران بەتایبەتی بە ڕێکوپێکی و لە کاتی خۆی بدرێت، ئەوە بەرگری لە ڕوودانی زۆر کارەساتی دڵتەزێن دەکات. بەردەوامیی پیشەی پەرستاران هێندەی پیشەی پێشمەرگەکانی بەرەکانی شەڕ و پاراستنی وڵات بە گرنگ دەزانم».

سەبارەت بە هەمان پرس د. ئازاد مەنتك پسپۆڕی هەناو دڵ هێما بۆ ئەوە دەکات: «هەموو ساڵێك لە سەرانسەری جیهاندا ڕۆژی (٥/١٢) بە ڕۆژی جیهانیی پەرستاران دانراوە وە هەموو وێکرا ئەم ڕۆژە بەرز ڕادەگرن هەروەك وەفایەك و دواتریش هەروەك هۆکارێك بۆ زیاتر گرنگیدان بە تەندروستی مرۆڤەکان و بڵاو کردنەوەی هۆشیاری دروستی و ڕۆشنبیری گشتی. لە هەموو جیهاندا مرۆڤایەتی لۆ ئەوە هەوڵ دەدات؛ کە: دەوروبەرێکی تەندروست دروست بکات، وە هەر کاتێکیش دەوروبەر تەندروست بوو؛ ئەو کات مرۆڤایەتی و مرۆڤەکان دەکەونە خۆشی و خۆشگوزەرانی و هێمنی و ئاسایش و ژیانیان خۆش دەبێت. وە لۆ ئەوەی دەوروبەریش تەندروست بێت یەکەم هەنگاو پێویست دەکات، کە: ئەو فریشتە ئاساییانە بناسرێن کە وەك سەربازێکی وون زۆرترین ئەرکیان لەسەر شان بووە هەتا دەوروبەرەکە تەندروست بکەن، ئەرك و پەیام بگەیەنن کە ئەوانیش پەرستارانن.. هەر لەبەر هەموو ئەمانە لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی (١٩٧٤ز) جیهان بڕیاریدا کە ڕۆژی (٥/١٢) بکرێت بە (ڕۆژی جیهانیی پەرستاران) و وەك وەفایەکیش بێت لۆ ئەو کەسەی کە بە دامەزرێنەری زانستی پەرستاری هاوچەرخ دادەنرێت، کە ئەویش (Florence Nightin-gale)ە کە لە بەرواری (٥/١٢) لە دایك بووە.

سالانە لە ڕۆژی جیهانیی پەرستاران پەیامی تایبەت بڵاو دەکرێتەوە کە دەگەڵ نواندنی ڕێز و خۆشەویستی و سوپاسگوزاری کردنی پەرستاران لە هەمان کاتیشدا هۆکار بێت لەوەی زیاتر گرنگی بە ڕۆشنبیری گشتی و هۆشیاری دروستی بدرێت بەوە هەم تاکەکان و مرۆڤەکان تەندروست بن و هەمیش هۆکار بن لە دروستکردنی دەوروبەری تەندروست لێرەدا لە کوردستان زۆر گرنگە هەموومان ڕێزی زۆر و پێزانین بۆ (پەرستارانی کوردستان) دەربڕین کە وەك پێشمەرگە ئاسا و خۆنەویستانە و بێ ئەوەی ڕۆژێك و تەنانەت یەك خولەك سڵ بکەنەوە، بەردەوام بوونە لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و خزمەتی پزیشکی .. ، چ جای ئەو بارودۆخە ناهەموار و نالەبارەی کوردستان پێیدا تێپەڕی و تێدەپەڕێت! هەر لە نەبوونی مووچە و خراپی باری ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان بەڵام هێشتا پەرستاران بەردەوامن لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و پێشکەشکردنی خزمەت بە نەخۆش. بەردەوامن لە زیاتر ڕۆڵ بینین لە کایەی تەندروستی وڵات و بەردەوامن لە زیاتر بڵاو کردنەوە و برەو دان بە ڕۆشنبیری و هۆشیاری دروستی. ئەوەتان لا سەیر نەبێت کە ئەگەر لە هەر فەرهەنگ و قاموسێکی کوردیدا بە دوای مانای (Nurse) دابگەڕێیت ئەوا حەتمەن بەرامبەری وشەگەلی، وەك خوشك یان نەخۆشەوان یان پەرستار دەبینرێت! تەماشا بکەن کە کورد پەرستاری وەك کەسی نزیك و ئازیزی خۆی ڕوانیووە دەبێت چ لە خوشك خۆشەویستر هەبێت ؟! سۆز و عاتیفەی خوشك لۆ خێزان و برا و خوشکی چۆنە ئەگەر هاتوو برایەك یان خوشکێکی یان دایك یان باوکی نەخۆش بکەوێت ئەوا پەرستار وایە...

جیهان ئێستا ئەوە دەزانێت کە ئەگەر تاکێك تەندروست بوو ئەوا هۆکار دەبێت لەوەی خێزانێك تەندروست بێت. هەر کاتێکیش خێزانێك تەندروست بوو ئەوا هۆکار دەبێت لەوەی کۆلانێك تەندروست و ئاسوودە بێت، کۆلانێکیش وا دەکات گەڕەکێك و چەند گەڕەکێکیش وادەکات شارۆچکەیەك و چەند شارۆچکەیەکیش وا دەکات شارێك و چەند شارێکیش وادەکات هەرێمێك و چەند هەرێمێکیش وادەکات، وڵاتێك و چەند وڵاتێکیش وا دەکات هەموو جیهان بکەوێتە خۆشی و ئاسوودەیی و ئارامی و دوور بێت لە ئاشووبە و جەنگ و ماڵوێرانی و هێمنی و ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی پارێزراو بێت.

ئەها، سەیر بکە بە بەژداری کردن لە بەرز ڕاگرتنی ئەم ڕۆژە و پێزانینی ڕۆڵی پەرستیاران چەند ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە خەبات کردن لە دیفاع کردن لە خاك و ئاو و وڵات و مرۆڤەکان. هەر لێرەوە بەرز ڕاگرتنی ئەم ڕۆژە (٠٥/١٢) ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و مرۆیی و ئایینیشە و پێزانینە بە ڕۆڵ و ئەرك و کاری ئەو کەسانەی کە لۆ پێشەوە بردنی کۆمەڵگە و وڵاتمان لە ڕیزی پێشەوەن و چەکی کۆڵنەدان و لەخۆبووردەیی و خزمەتییان لە شان کردووە.

ئەی پەرستاران و فریشتە سپییەکانی ناو کەرتی تەندروستی ئەی پێشمەرگە و سەربازە وونەکانی کەرتی تەندروستی (ڕۆژی جیهانیی پەرستار)یتان باش و پیرۆز بێت، ئێوە جێگەی شانازی و پێنازین و پێزانینی ئێمەن! ئێوەن کە کوردان و کوردەواری پێتان دەنازێت، مێژووش شاهێدیتان لۆ دەدات کە مرۆڤن، دۆستن، خۆشەویستن چاوساغ و خۆنەویستن. مرۆڤەکان ئەوانەی جێ دەستییان لە مێژووی مرۆڤایەتی دەمێنێت کەمن بەڵام بێگومان بن، کە هەتا هەتایی مێژوو بە چاوی ڕێز و گەورە ناوی (پەرستاران) دەبات و دەڵێت، کە: ئەوانە کەلە مرۆڤەکانی میللەتی کوردن.

**ڕۆڵێکی دیکەی پەرستار ئەوەیە کە سنوورەکانی یاسایی بناسێت. واتە لە پەنای ئەرکەکانی مافەکانیشی بناسێت**

**لە هۆڵەندا بە ئەنجامگەیاندنی سەرجەم پێویستیەکانی نەخۆش کە پەیوەستە بە تەندروستی و نەخۆشییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پەرستار**

**پەرستارانی کوردستان نەپارێزراون وەکو پشتیوانی یاسایی و هیچ کۆدێکی پیشەییان نییە لەو مەترسییانەی لەسەریانە کە ڕێنماییان بکات**

**ئەگەر کۆدی پیشەیی و یاسای ئەرك و مافی نەخۆشان هەبێت و کاری پێ بکرێت، هیچ پەرستارێك لە کوردستاندا لە پیشەکەی ناڕازی نابێت**

# کێشە باوەکانی خێزان و کاریگەرییە دەروونییەکان لەسەر تاک

**کێشەی خێزان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی هەمیشەییە و کێشەکەش واتا «بوونی ناتەواوییەک لە بناغە، یان لادانێک لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگەدا»**

**زۆرجار ژینگەی کار دەتوانێت، ببێتە هۆی دروستبوونی کێشە لە ژیانی خێزاندا**

**لە هەمووی گرنگتر بوونی دەروونددروستی و تەندروستییەکی باشە، چونکە ئەم لایەنە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە دروستبوونی کێشە خێزانییەکان هەیە**

کێشەی خێزان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی هەمیشەییە و کێشەکەش واتا «بوونی ناتەواوییەك لە بناغە، یان لادانێك لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگەدا». کێشەی خێزانی چییە؟ کێشەی خێزانی بریتییە لە نەخۆشییەك، یان حاڵەتێك کە تووشی تاکی کۆمەڵگە دەبێتەوە، کە ئەمەش کاریگەریی خراپ لەسەر تاکەکەس وەك ئەندامێکی خێزان، یان لەسەر تەواوی خێزان دروست دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کۆمەڵگەیەك نییە کێشەی خێزانی تێدا نەبێت و ئەگەری هەیە، ئەم کێشانە پەل بکێشن بۆ حاڵەتی جیابوونەوەی هاوسەران و ئەنجامدانی تاوان! سەرەڕای ئەوەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش تێکدەچن. هەروەها چەندین لایەنی نەرێنی و خراپ لەسەر لایەنی دەروونیی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات، وەك تووشبون بە گرفتی دەروونی، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، فشاری دوایی زەبری دەروونی، ترس (تۆقین)، سترێس، تووڕەبوون، گۆشەگیری، پڕبوون لە ڕق و کینە و هەستکردن بە کەمی لە ڕووی دەروونییەوە و چەندین شڵەژانی دیکەی دەروونی.

چەندین گیروگرفت هەن کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی تاکەکانی خێزان دەبێتەوە و لەم سەردەمەدا باوترینیان بە گشتی پێکدێت لە: کێشەی دارایی و هەژاری، کێشەکانی پەیوەست بە کارکردن، کە زۆرجار ژینگەی کار دەتوانێت، ببێتە هۆی دروستبوونی کێشە لە ژیانی خێزاندا، هەروەها جیاوازیی تەمەن و ڕەگەز، چونکە بیرکردنەوەکان لەسەر ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە کاریگەری دروست دەکات، نەبوونی پەیوەندیی توندوتۆڵ (چ لە ڕووی سۆزدارییەوە بێت، یان لە لایەنی کۆمەڵایەتی)، پەروەردەکردنی منداڵ (کە زۆرجار لە پەروەردەکردنی منداڵ ناکۆکی ڕوودەدات)، ئەوانەش هەموویان پێویستییان بە دادپەروەری لە دابەشکردنی ئەرکەکانی ژیانی ڕۆژانە هەیە. هەروەها بوونی کۆمەڵێك یاسا و دابونەریتی کۆمەڵایەتی، ئەنجامدانی هەر کارێکی نائاسایی و ناشەرعی، وەك بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، یان مەی خواردنەوە، یان هەر خوویێکی خراپ، کە دەچێتە قاڵبی شڵەژانەکانی دەروونی و لە هەمووی گرنگتریش بوونی دەروونددروستی و تەندروستییەکی باشە، چونکە ئەم لایەنە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە دروستبوونی کێشە خێزانییەکان هەیە.

لێرەدا دەمەوێت زیاتر جەخت بکەمەوە لەسەر کێشە دەروونییەکان، چونکە سۆزداری، زادەی خۆشەویستی و ڕێز و لێکتێگەیشتن و هاوکاریی دوو لایەنی نێوان ئەندامانی خێزانە، بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی کێشەی دەروونی، زادەی جیاوازیی ئاستی زیرەکیی نێوان هاوسەرەکانە، یان یەکێك لە ئەندامانی خێزان کە تووشی سستیی ئەقڵی دەبێتەوە، هەروەها کێشەی دەروونی وادەکات، پەروەردەیەکی هەڵە بەرانبەر

ئیمان محەمەد شێرکاوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە



به منداڵ پەیڕەو بکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی پەروەردەیەکی سەقەت بۆ خودی تاکەکە و خێزان و کۆمەڵگە، جگە لەوەش ئەگەری زیاتری هەیە بۆ ئەوەی تاك، تووشی نەخۆشی و شڵەژانە دەروونییەکان ببێتەوە، بەوەش ئەگەری هەیە، تاك زۆرجار پەنا بباتە بەر جیابوونەوە و تەڵاق کە ئەمەش دووبارە قوربانییەکی دیکەی لێ دەکەوێتەوە، چونکە جگە لەوەی کاریگەریی نەرێنیی دەروونی لەسەر هەردوو هاوسەر دروست دەکات، منداڵیش دەکاتە قوربانیی سەرەکی، چونکە تەمەنی منداڵی قۆناغێکی هەستیارە و هەر گرفتێك لەم قۆناغەدا ڕوو بدات، ئەگەری زیاتری هەیە تاك لە قۆناغەکانی داهاتوو تووشی کێشە دەروونییەکان ببێتەوە.

زۆر گرنگە هەوڵ بدرێت، منداڵ لە تەمەنە هەستیارەکەیدا، لە ڕووی سۆز و خۆشەویستیی باوانەوە فەرامۆش نەکرێت، بەپێچەوانەوەش زۆر نازپێدانی منداڵ دەبێتە هۆی کێشەیەکی دیکە و باری دەروونتدروستییەکەی تێك دەدات.

لێرەدا دەمەویت بڵێم: زاراوەی خێزان ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك کەسی پەیوەندیدار کە لە یەك شوێنی نیشتەجێبوون دەژین. گرنگە لە ئێستادا تاکەکانی خێزان بتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی دەوروبەر بگونجێنن و درك بەوە بکەن، کۆمەڵێك بەرپرسیارەتییان لەسەر شانە، چونکە نەوەی داهاتوو ئاراستەی کۆمەڵگە دەکەن و لەهەمان کاتدا گرنگە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییان لەگەڵ ژینگەی ناوەوەی خێزان و دەرەوە بەهێز بکەن، چونکە ئەوە لەسەر لایەنی دەروونیی تاکەکانی کۆمەڵگە کاریگەری دروست دەکات.

هەروەکو ئاشکرایە کە جەستە و دەروون جیاواز نین بۆیە سەیر نییە کە نەخۆشی دەروونی کاریگەری لەسەر جەستە هەبێت، کەواتە ئەکرێت کێشەی تەندروستی دەروونی ببێتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی گرفتی تەندروستی جەستەیی و بە پێچەوانەوەش هەر ڕاستە، بێگومان هەر دوو لایەنی جەستە و دەروون کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی تاك هەیە، هەروەها ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە گۆڕانکارییە فسیۆلۆژی، سۆزداری، تێکچوونی هۆڕمۆنەکان، سووڕی خەوتن، لاوازی لە پرۆسە مەعریفییەکان، کەمی وزە، هەستیاری زۆر و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەموو ئەمانەش کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی ڕەفتار و کوالێتی ژیان دروست دەکەن.

ماوەتەوە بڵێم هەر وەك چۆن گرنگی بە لایەنی تەندروستی جەستەیی خۆمان دەدەین پێویستە بە هەمان شێوە گرنگی بە لایەنی دەروونی تاك بدرێت، چونکە لە ئەنجامدا هەبوونی دەروونێکی ئارام و تەندروست وادەکات تەندروستی جەستەیی باش و ئەرێنی بەرهەم بێت، بە پێچەوانەشەوە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات، بۆیە پێویستە گرنگی بدەینە هەردوو لایەنی جەستەیی و دەروونی تاك بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسوودە و بەرهەمدار بژین.

**سۆزداری، زادەی خۆشەویستی و ڕێز و لێکتێگەیشتن و هاوکاریی دوو لایەنی نێوان ئەندامانی خێزانە**

**یەکێک لە هۆکارەکانی کێشەی دەروونی، زادەی جیاوازیی ئاستی زیرەکیی نێوان هاوسەرەکانە**

**زۆر گرنگە هەوڵ بدرێت، منداڵ لە تەمەنە هەستیارەکەیدا، لە ڕووی سۆز و خۆشەویستیی باوانەوە فەرامۆش نەکرێت**

### شەنیار محمەد بۆ گوڵان:

# لە کوردستان دەرهێنەر مافی ئەکتەر دەخوات



شەنیار محمەد ئەکتەری شانۆ و سینەما کە بەشداریی لە چەندین کاری هونەری شانۆ وفیلمدا کردووە، پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی تەواو کردووە و لە ئێستادا قوتابیی کۆلێژی هونەرەجوانەکانە، لە دیمانەیەکدا بۆ گۆڤاری گوڵان وەڵامی چەند پرسیارێک دەداتەوە

دیمانە: ئەحمەد تاریق

*** لە سەرەتای کارکردنت لەسەر تەختی شانۆ هەستت بە چی دەکرد؟**

- سەرەتای کاری شانۆییم قورس بوو، کە لە لایەنی جەستەییەوە کەمێك ترس و سترێسی بۆ دروست کردووم لەبەر هەبوونی بینەرێکی زۆر و کۆمەڵێك هونەرمەند، بە حوکمی ئەوەی یەکەم کاری شانۆییم بوو وەك کۆمبارس بەشداریم کرد.

*** بۆچی بواری شانۆت هەڵبژارد؟**

- لەبەر ئەوەی شانۆ هەڵگری پەیامێکی ڕاستەخۆیە هەروەها خولیایی منداڵیم بوو، بە منداڵییش بەشداریی چەند شانۆ گەرییەکم کردووە.

*** وەك ئەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانت تەواو کردووە، پێت وایە ئەوانەی دەچنە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هەموویان دەبنە هونەرمەند؟**

- بە داخەوە زۆرێك لەو کەسانەی دەچنە پەیمانگە بۆ بڕوانامە پەیمانگە تەواو دەکەن، بۆیە من بە تاوانی دەزانم کە هیچ هونەرێکت نەبێت بۆ پێشکەشکردن بە خەڵك پەیمانگە تەواو بکەی.

*** لەکاری هونەریدا واستە و هاورێیەتی هەیە بۆ دابەشکردنی ڕۆڵ؟**

- بێگومان نەخێر، چونکە دەرهێنەر ڕۆڵ دابەش دەکات و دەزانێت چ ڕۆڵێك لە چ کەسایەتییەك نزیکە.

*** ئایا لە کاری هونەریدا غیرە هەیە، بەتایبەت لە نێو ئافرەتاندا؟**

- من بە هیچ جۆرێك غیرە بە ئەکتەری ئافرەت نابەم، بەڵکو پێم خۆشە کە کۆمەڵێك هونەرمەندی ئافرەتی تایبەتیمان هەیە.

*** بنەمای گرینگ بۆ هەر ئافرەتێك چییە کە بییەوێت بێتە ناو هونەر ؟**

-هونەرمەندی باشمان هەیە، بەڵام بە داخەوە کە بە ئەکادیمی نەیان خوێندووە، بە ڕای من گرنگترین بنەما ئەوەیە کە تۆ تەواو زانیاریت لەسەر شانۆ یان هەر هونەرێك هەبێت کە دەتەوێت بیکەیت.

*** هەر ئافرەتێك سەرەتا بیەوێت بێتە نێو بواری هونەری دەبێت قوربانی بدات، تۆش ئەو قوربانییەت داوە؟**

- بەدڵنیاییەوە قوربانییەکی گەورەم دا کە پەیمانگەی هونەریم هەڵبژارد، بەڵام شایەنی بوو من لە پەیمانگە گەورە بووم و پێگەیشتم .

*** ژن بوون لە هەرێمی کوردستان تاچەند بۆ خانمانی هونەرمەند سەختە؟**

- ژن بوون سەختە گەر هونەرمەند بیت سەخترە، چونکە ئەرکی ڕۆژانەی خێزان، هەروەها کۆمەڵێك ئەرکە هونەرییشت لە ئەستۆ دەبێت، هونەر ئەرکێکی جوانە بەتایبەت ئەگەر ئافرەت کاری هونەری بکات.

*** چ شتێك وای لە تۆ کرد بێیتە سەرتەختی شانۆ؟**

-خۆشەویستیم بۆ شانۆ و ئەو شتانەی کە نەمدەتوانی دەری ببڕم، شانۆ وای کرد ئەو چێژەی کە لە نواندندا هەیە.

*** کە دێیتە سەر تەختی شانۆ ترسی چیت هەیە؟**

-ترسی هیچ شتێکم نییە، بگرە تەواو ئازادیی خۆم وەردەگرم لە نواندندا.

*** لای تۆ زەروورە ئەو کەسەی کاری لەگەڵ دەکەیت لە نزیکەوە بیناسیت ؟**

- نەخێر گرنگ نییە، ئەوە گرنگە بۆ من کە ئەو کەسەی کە دەمەوێت کاری لەگەڵ بکەم بتوانم ئازادیی خۆم وەربگرم لە ڕووی نواندنەوە .

*** بۆ بەشداریکردنت لە شانۆگەرییەکدا مەرجەکانی تۆ چین؟**

-مەرج ئەوەیە ڕۆڵێك بگێڕم لەگەڵ کلتوور و کۆمەڵگەی ئێمەدا بگونجێت و قسەم نەیەتە سەر.

*** لەکاری هونەریدا بەر لەوەی کارەکە قبووڵ بکەیت تاچەند گرێبەستەکە لای تۆ گرنگە؟**

- چەند کارێکم کردووە، خۆبەختانە گرنگیم بە گرێبەست نەداوە، بەڵام ئێستا هیچ هونەرمەندێك کاری هونەری بەبێ گرێبەست ناکات، منیش وەکو هەموو هونەرمەندەکانی دیکە گرنگە کە کارێك دەکەیت سەرەتا باسی گرێبەستەکە بکەیت، چونکە بە ڕاستی لە کوردستان دەرهێنەر مافی ئەکتەر دەخوات.

*** شانازی بە هونەرەکانی خۆت دەکەیت ؟**

-شانازی بە هەموو کارەکانمەوە دەکەم، چونکە کارە شانۆییەکانم شانازین بۆ من.

***لەکاری شانۆدا لەگەڵ کام دەرهێنەر زۆر ئاسوودەیت؟**

-لەگەڵ مامۆستا هیوا سوعاد زۆر ئاسوودەم و حەز دەکەم کاری لەگەڵ بکەم، کەسێکی تایبەتە لەلای من، ئەو توانا و هێزەی ئێستا هەمە لە شانۆ بۆ مامۆستا هیوا دەگەڕێنمەوە.

*** لە نواندندا هێز لە چی وەردەگریت؟**

-کاتێك دەبینم ئەو هەموو بینەرە سەیری ئێمە دەکەن بۆ بینینی شانۆ هێزێکی تەواوی لێ وەردەگرم، بۆ ئەوەی باشترینەکان پێشکەش بکەم.

*** ئەگەر هونەرمەند نەبایت حەزت دەکرد ببیت بەچی؟**

- حەزم دەکرد ببم بە پزیشك، بەڵام حەزی شانۆ و هونەر بەسەرمدا زاڵ بوو، بۆیە شانۆم هەڵبژارد.

*** زیاتر حەز بە چ ڕۆڵێك دەکەیت بەرجەستەی بکەیت؟**

- ئەو ڕۆڵانەی تاوەکو ئێستا گێڕاومە هەمووی نزیك بوون لە کەسایەتی خۆم، بۆیە حەز دەکەم ئەم جارە ڕۆڵێك بگێڕم جیاواز بێت و دووربێت لە کەسایەتی خۆم.

*** لەکاری هونەریدا هیچ کات غەدرت لێ کراوە ؟**

-بێگومان لە کاری هونەریدا لە دابەشکردنی ڕۆڵدا زۆر غەدرم لێ کراوە، بەڵام ئەوەش بە غەدرکردن نابینم، چونکە من خۆشەویستییەکی یەکجار زۆرم بۆ شانۆ هەیە.



## سەنا بەحاج بۆ گوڵان:

# پێویستە ئەکتەر پەیامەکەی خۆی بە باشترین شێوە بگەیەنێت

سەنا بەحاج دەرچووی پەیمانگەی باڵای هونەرییە لە مەغریب، یەکێکە لەو ئەکتەرە مەغریبییانەی کە ساڵانێکە بە بوێری و سەرکەوتوویی لە بواری نواندندا کار دەکات و لە سینەما و شانۆ و درامادا ڕۆڵی جیاجیای بینیوە، بەم دواییەش بەشداریی لە زنجیرە درامایەکی کۆمیدیدا کردووە، سەنا بە ڕەچەڵەك ئەمازیغییە، بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.



*** حەز دەکەین بزانین نوێترین بەرهەمەکانت چین؟**

- فیلمی میتاك کە بەشداریی لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکاندا کرد و خەڵاتی نێودەوڵەتیی بەدەست هێنا، لەوانە خەڵاتی باشترین فیلمی سینەمایی لە هیندستان و فێستیڤاڵی لیۆناردۆ داڤینچی، هەروەها باشترین فیلمی درێژ لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلم لە شاری مەراکش، زنجیرە تەلەفزیۆنییەکەی مەرجانە و زنجیرەی شەوانی شارە کۆنەکە کە بەم دواییە نمایش کران، هەروەها فیلمێکی کۆمیدی بە ناوی بولاقول و ئەو زنجیرە نوێیەی کە تا ئێستا نمایش نەکراوە و زنجیرەی فەرهاوە، من ئێستا لە پرۆسەی وێنەگرتنی زنجیرەی ئەمازیغیی ٣٠ ئەڵقەیی ئێلیدام.

*** بەڕای تۆ درامای مەغریبی دەتوانێت شان لە شانی درامای میسری بدات؟**

- پێموایە درامای مەغریبی سوودی زۆری هەیە بۆ درامای میسری، وەك ئەو پاڵپشتییە گەورەیەی کە لەلایەن زۆرێك لە کەناڵە ناوخۆیی و عەرەبییەکانەوە پێشکەش دەکرێت.

بە دەرکەوتنی کەناڵی MBC و بەرهەمهێنانی زنجیرە مەغریبییەکانی و پیشاندانی لە کەناڵیMBC5، درامای مەغریبی شان بە شانی درامای میسری جێگەی خۆی دەبینێتەوە.

*** چ پەیامێکت هەیە کە بتەوێ لە ڕێگەی هونەرەوە بیگەیەنیت؟**

- ئەو پەیامەی کە دەمەوێت بیگەیەنم بە ئامادەبووان، ئەوەیە کە تۆ هونەرمەندێکیت و بە ڕۆڵەکانت لە بینەرەوە نزیکیت، من هەمیشە بەدوای کارەکتەرێکدا دەگەڕێم کە باس لە پرسێکی کۆمەڵایەتی بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی، وەك بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و ئاشتی و گەیشتن بەم ئامانجە بەرزە، تەنانەت بۆ گەنجانیش، بۆ ئەوەی لە لادان دووریان بخەنەوە، بەڵکو بەدوای خۆیان و لایەنە ئەرێنییەکانی ژیاندا بگەڕێن.

*** درامای مەغریبی لە چ ئاستێکدایە؟**

- درامای مەغریبی بە جیاوازیی کلتووری جوگرافی جیا دەکرێتەوە، درامای کلتووریی مەغریبی بە پێی ناوچە و شوێنی مەبەستەکانی هەمەجۆرە و جیاوازە، هەر ناوچەیەك کلتوور و نەریتی خۆی جیاوازە لە ناوچەیەکی دیکە، بە شێوە و بە جلوبەرگ و نەریت و کلتوورەکانی دیکە جیا دەکرێنەوە.

*** ئەی شانۆی مەغریبی؟**

- سەبارەت بە شانۆی مەغریبی، پێموایە ئەو جیاوازییەی لە زۆربەی بەرهەمە شانۆییەکاندا هەیە، ڕووداوەکان بە ورووژاندنی چەند بابەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هۆشیاری دەخوڵقێنێت و پەیامی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ دەگەیەنێت، بەڵام خزمەت بە هەمان ئامانج دەکەن کە لە هەر هونەر و کلتوورێکدا داوا کراوە، تەنانەت ورووژاندنی پرسە عەرەبییەکان لە ڕێگەی نمایشەکانەوە لەلایەن هەندێك تیمەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە پاڵپشتیکردن لە پرسی فەلەستین.

* ڕەخنەی زۆر لە هونەرمەندانی مەغریبی دەگیرێت بەوەی پشت بە جوانیی ڕووخساریان دەبەستن بۆ سەرکەوتن، لەم بارەوە ڕات چییە؟

- سەبارەت بەو ڕەخنانەی کە لە ڕێگەی دراماسازییەوە ورووژێندراون، ئەوە ڕەخنەیەکی هەڵەیە کە لە درامای مەغریبی و ئەکتەرە مەغریبییەکان دەگیرێت، بەڵکو زۆربەی بەرهەمە تەلەفزیۆنی و شانۆیی و سینەماییە مەغریبییەکان پشت بە بابەتگەلێکی گرنگ دەبەستن، کە پەیوەندییان بە کۆمەڵگە و تاکەوە هەیە، مەرج نییە بەو شێوەیەی کە پێشکەش کراوە وردتر بکرێنەوە.

*** ئامادەیت بەشداری لە کارێکدا بکەیت کە بە ورووژاندن یان بە نیمچە ڕووتی دەرکەوی؟**

- پێشتر چەند کارێکم پێشکەش کراوە، بەڵام ڕەتم کردووەتەوە، لەوانە فیلمێك کە ڕۆڵی سەرەکیم پێ دەدرا، بەڵام دەبوایە بە نیمچە ڕووتی دەربکەوم و ماچکردنیشی تێدا بوو، ئەمەش پێچەوانەی پرەنسیپ و ئەو شێوازەیە کە من کاری لەسەر دەکەم، قەناعەتیشم بەوە نییە کە ئەم جۆرە ڕۆڵانە خزمەت بە کارەکە بکەن، یان هۆکارێك بن بۆ سەرکەوتن، من جەخت لەسەر زاراوەی (سینەمای پاك) دەکەمەوە و پێویست ناکات کچێك ڕووت بێت بۆ ئەوەی سەرکەوتنی کارەکە مسۆگەر بێت.

*** هەستت چۆن بوو کە بەشداریت لە یەکەم کاری کۆمیدیدا کرد؟**

- بۆ من یەکەم ئەزموونی کۆمیدی ساڵی ڕابردوو بوو لە فیلمی تەلەفزیۆنی Boul Aqul هەرچەندە ترسام بچمە ناو ئەم ئەزموونەوە، چونکە پێموایە کەسێکی خاوەن کارەکتەری کۆمیدی پێویستی بە فۆکەس و ئامادەکاریی باش هەیە و وەك شمشێرێکی دوو لایەنەیە، ئەگەر بە شارەزایی بەکاری نەهێنیت لەوانەیە زیانت پێ بگەیەنێت، بەڵام سوپاس بۆ خودا ئەزموونەکە سەرکەوتوو بوو و بووە مایەی ڕەزامەندیی بینەران و چەندین جار نمایش کرا.

*** وەك کچە ئەکتەرێکی ئەمازیغی، تا چەند توانیوتانە کلتووری خۆتان پارێزن؟**

- بێگومان شانازی بەوەوە دەکەم کە ئەمازیغیم، لە مەغریب بە دەیان ئەکتەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیر و نووسەری ئەمازیغی هەن، ئێمە بە ئازادی کارەکانمان ئەنجام دەدەین بێ ئەوەی هیچ کۆت و بەندێك لەسەر کارەکانمان هەبێت، توانیومانە کلتوور و زمان و فەرهەنگی خۆشمان بپارێزین، بەڵام سەرەڕای ئەوەش توانای پێشکەشکردنی کاری زیاترمان هەیە.





نیهایەت سەلیم یاریزانی بۆکسینگ بۆ گوڵان:

# کیک بۆکسینگ پەرە سەندن و بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە

**لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران گرنگیی زۆر بە یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشی ئافرەتان دەدرێت، چەندین وەرزشکاری دڵسۆز لەم دەڤەرە هەیە کە وەرزشکارانیان لەژێر چەتری وەرزشدا کۆ کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین خزمەت بە وەرزشی ئەم ناوچەیە بکەن، وەرزشی ئافرەتان ڕۆژ بە ڕۆژ دەچێتە قۆناغێکی باشتر، چەندین کچەیاریزانی بەتوانا هەیە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، کچە یاریزانانی ئەم دەڤەرە دەیانەوێ لە ڕێگەی وەرزشەوە زیاتر ئاستی خۆیان بەرەو پێش ببەن، لە یاریی کیک بۆکسینگدا شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزە، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشن لە سەر ئاستی کوردستان و دەرەوەش، نیهایەت سەلیم یەکێکە لەم یاریزانانە کە یاری بۆ تیپی جاگوار دەکات و لە چەندین پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتیدا بەشداریی کردووە، نیهایەت لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ قەزای سۆرانە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



*** چۆن بوو جیهانی وەرزشی کیک بۆکسینگت هەڵبژارد؟**

- حەز و خولیا و ئارەزووی خۆم بووە.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردوە کە زیاتر بەگژداچوونەوەیە؟**

- بەڵێ بە بەدڵنیاییەوە ڕاستە، بەڵام شتە مەحاڵەکانم لا پەسەندە.

*** بۆچی یاریی بۆکسینگ لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- بەهۆی گرنگیپێنەدان و نەکردنەوەی پێشبڕکێ لە یارییە جەنگییەکاندا بۆکسینگ لە ئاستی پێویستدا نییە.

*** هەست ناکەیت ئەم وەرزشە لە شارەکانی کوردستان بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە؟**

- لە کوردستان نەك بۆ کچان، بۆ پیاوانیش هەر سەخت بووە، بۆیە کچانیش نازانن چی بکەن بۆ ئەم مەبەستە و هیچ پشتگیرییەك نییە.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لەم ساڵانەی دواییدا کیك بۆکسینگ پەرەی سەندوە و قۆناغێك بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- کردنەوەی پاڵەوانێتی زیاتر، و کەمکردنەوەی ڕێگریی خێزان بۆ وەرزشکارانی ئافرەت.

*** بەرنامەت چییە وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو؟**

- زیاتر خۆ ئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتییە دەرەکییەکان بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم.

*** بۆچی بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەیت؟**

- دەبێت یانەکە جێگەی باوەڕ بێت، نەك تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان بوێت.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چدا دەبینیت؟**

**- گرفتی ئەو یارییە ئەوەیە کە یەکێتییەکی** بەهێزی نییە لە هەموو عێراقدا، و سپۆنسەری نییە، ڕاگەیاندن زیاتر بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەستاوە و زیاتر گرنگی بە تۆپی پێی دەدەن، پێیان وایە سەلامەتترە لە هونەرە جەنگییەکان، کە لە بنەڕەتدا هەڵەیە و هونەرە جەنگییەکان فێرە هەوڵدانی ژیانت دەکات و لە لایەنی ڕەوشتەوە بەرەو پێشت دەبات.



*** خەونی وەرزشیت چییە بۆداهاتوو؟**

- یاریکردنم لە دەرەوەی وڵات وە زیاد بوونی ڕێژەی کچان لە کوردستان بۆ یارییە هونەرە جەنگییەکان گەورەترین ئاواتمە.

*** گرێبەستت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانەوە؟**

- یانەیەکی وا نەبووە کە باوەڕ پێکراو بێت.

*** ماوەیەك بوو دوور کەوتبوویتەوە لەم وەرزشە، هۆکاری چی بوو؟**

- نەبوونی پشتگیری بوو.

*** هەوڵی گەیشتنت بە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق نەداوە؟**

- نەخێر.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتی بەردەوامی وەرزشی ناوخۆ.



# قووە جەوییە بە ڕاهێنەر و یاریزانانی کورد بوو بە پاڵەوانی عێراق

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی قووە جەوییەی شاری بەغدا توانی نازناوی خولی تۆپی پێی کچانی یانەکانی عێراقی بەدەست بهێنێت بۆ یاریگەی گەورە، کە ئەم خولە بە بەشداریی شەش یانەی کچانی شارەکانی عێراقی بەڕێوە چوو، قووە جەوییەی شاری بەغداد جیاواز لە یانەکانی دیکە ئەمساڵ بە سەرپەرشتیی ڕاهێنەری بەتوانای شاری کەرکووك (مامۆستا قاسم جەمیل) و ژمارەیەك لە یاریزانانی کورد توانییان لە یاریی کۆتایی خولەکە لە یانەی نەفتی باکوور ببەنەوە بە ئەنجامی (٤-٣) گۆڵ و نازناوی خولی عێراقییان بەدەست هێنا، لەم بارەشەوە مامۆستا قاسم جەمیل ڕاهێنەری کچانی قوە جەوییە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەستێکی یەکجار خۆشم هەیە کە لەگەڵ یانەیەکی گەورەی وەکو جەوییە، کە زۆرترین هاندەری سەرسەختی هەیە و شکست قبووڵ ناکەن و، خۆشەویستیی زۆریان هەیە بۆ یانەکە، منیش سەرەتا بەڵێنم دابوو کە ببینە پاڵەوان لە یاریگەی بچووك و یاریگەی گەورە، بەڵێنەکەمم بردە سەر و لەم پاڵەوانێتییەش بە نۆ یاریزانی کورد و یاریزانانی دیکە، یارییەکانمان ئەنجام دا، بەر لەوەی بچمە جەوییەش بە چەندین یانەی کوردستانم گوت با بەشداربین، بەڵام بەهۆی گرفتی دارایی هیچ یانەیەك نەیتوانی بەشدار بێت».



# تیپی تۆپی پێی هەولێر لە بارودۆخێکی خراپدایە

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی هەولێر بەشدار لە خولی پیشەگەرانی یانەکانی عێراقی، نەیتوانیوە ئاستێکی شایستە پێشکەش بکات، سەرەڕای ئەوەی سێ ڕاهێنەری جیاوازی گۆڕیوە لە سەرەتای خولەکە تاکو ئێستا، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی تیپەکە لە دابەزیندایە و بەم شێوەیە بەردەوام بێت لە ئەگەری دابەزین نزیك دەبێتەوە، هەولێر بە کۆی ئەنجامدانی ٢٤ یاری لە خولی ئەستێرەکان، تەنیا پێنج یاریی بردووەتەوە و هەشت یاری یەکسان بووە و ١١ یاریشی دۆڕاندووە، یانەی هەولێر خاوەنی تەنیا ٢٣ خاڵە و لە ڕیزبەندی شانزەمین دێت، ئەم وەرزە ئاستی هەولێر یەکجار خراپە و لە هەشت یاریی ڕابردوو نەیتوانیوە هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت، هەولێر زیاتر لە ٧٠ ڕۆژە تامی سەرکەوتنی نەکردووە، جگە لەوەش یانەکە تووشی قەیرانی دارایی سەخت بووەتەوە و ماوەی سێ مانگە مووچەی یاریزانانی تیپەکەیان نەداوە لە خولی عێراقی و، مامۆستا عەبدول قادر حوسێن بە شێوەیەکی کاتی ڕاهێنەری یانەکەیە و سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە دەکات، بە پێچەوانەی تیپی یەکەم تیپەکانی لاوان و بەچکەشێران پێشەنگی خولەکانیان گرتووە، تاکو ئێستاش تەنیا سەرۆك و چوار ئەندامی دەستەی کارگێڕی لە تیپەکە بەردەوامن و چوار ئەندامی دیکەیش دەستیان لە ئەرکی یانەکە کێشاوەتەوە، دەنگۆش هەیە کە دەستەیەکی کاتی بۆ یانەکە دیاری بکرێت.



# ئاکرەێیەکان باشترینەکانی کوردستان بوون

یانەی وەرزشیی ئاکرێ ئەم وەرزە توانی ببێتە ئەسپە ڕەشەکەی خولەکە و، جیاواز لە تیپەکانی دیکەی کوردستان، ئاکرەێیەکان بە شایستەیی توانیان نازناوی ئەم وەرزەی خولی کوردستان بەدەست بهێنن. ساڵانە لیژنەی باشترینەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە ڕێگەی دەنگدانی ڕاهێنەران و کاپتنی یانەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان باشترینەکانی کۆتایی وەرز خولەکە دەستنیشان دەکات، بۆ ئەمساڵیش وەرزی ٢٠٢٤/٢٠٢٣ باشترینەکانیان دیاری کرد، یانەی ئاکرێ توانی پلەی باشترین ڕاهێنەر و یاریزان و گۆڵپارێز بەدەست بهێنێ، هەژار سابرِ ڕاهێنەری لاوی یانەکە توانی بۆ ئەمساڵ ببێتە باشترین ڕاهێنەر لە خولی نایابی کوردستان دوای بەدەست هێنانی ٤٧ دەنگ لە کۆی ٤٩ دەنگ، هەروەها ئەرکان مەنسور توانی بە بەدەستهێنانی ٢٩ دەنگ بووە باشترین یاریزانی خولەکە و، هەریەك لە یاریزانان دانا کامەران لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر بە ١٠دەنگ و یادگار ئیبراهیم لە یانەی سەید سادق ٥ دەنگ و بیلال ساڵح لە یانەی برایەتی بە ٢ دەنگ، بۆ باشترین گۆڵپارێزیش عەباس یابرِ لە یانەی ئاکرێ بە بەدەستهێنانی ٢٤ دەنگ بووە باشترین گۆڵپارێزی خولەکە و دلێرحاتم بە ١٧ دەنگ لە یانەی هەندرێن و هۆگر عەلی لە یانەی زاخۆ بە ٣ دەنگ و هەڤاڵ بە هادین ٣ دەنگ لە یانەی سەید سادق دەستنیشان کران، یانەی ئاکرێ بوو بە یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولەکە و نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستانیشی بەدەست هێنا.





# سۆدا ورووژێنەرە بۆ نۆرەی شەقەسەر

نۆرەی سەرئێشەی شەقەسەر Migraine بەگشتی سەخت و توندە و تووشبوو زۆر نارەحەت دەکات، لەوانەشە هێڵنج یان ڕشانەوەی لەدوابێت. پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان کات و کەرەتەکانی نۆرەی شەقەسەر و جۆری خۆراك و خواردنەوەکاندا هەیە، گەلێکیان ورووژێنەرن بۆ نۆرەی سەرئێشە، وەك: پەنیر، ئەسپارتێم، شوکولاتە، شەرابی سوور، خواردنەوە کافائینییەکان وەکو قاوە و چای و کاکاو، ماددەی MSG کە لە گەلێك خۆراکی قوتووبەنددا هەیە. هەندێك لە پێکهاتەکانی سۆدا یان خواردنەوە گازدارەکان یان کاربۆنکراوەکان کاریگەری دەکەنە سەر کاتی سەرهەڵدان و کۆرسی نۆرەکانی شەقەسەر، هەتا پێکهاتەکانی ناو سۆدای دایێت Diet soda یان سۆدای سووك Light ورووژێنەرن بۆ سەرهەڵدانی نۆرەی شەقەسەر. زۆربەی جۆرەکانی کۆلا ماددەی کافائین و ماددەی ئەسپارتێم Aspartame کە شیرینکارێکی دەستکرد لەخۆدەگرن، کە هەردووکیان ورووژێنەرن بۆ سەرهەڵدانی نۆرەی شەقەسەر، بۆنموونە ماددەی کافائین دەبێتە هۆی تەسبکوونەوەی بۆڕییە خوێنەکانی سەر، هەروەها ماددەی ئەسپارتێم دەبێتە ئەگەری گۆڕان لە ئاستی ماددەکانی سیرۆتۆنین و دۆپامین لە شانەکانی مێشکدا. زۆر جار ئەگەر تەنیا بە پارێز لە خۆراك و ورووژێنەرەکان نۆرەکانی شەقەسەر کۆنترۆڵ نەکرێن، ئەوا ناچار دەرمانی دژی شەقەسەر بە چاودێریی دکتۆر بەکار دەهێنرێت.

# سوودە تەندروستییەکانی ڕیشاڵی خۆراکی

سێو بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، بەڵام پێویستە کە دەنکەکان یان تۆوەکانی هەرگیز نەخورێن. تۆوەکانی سێو Apple seeds ژەهراوین تەنیا ئەگەر پاش هاڕین یان وردکردنیان ئینجا بە بڕی زۆر بخورێن، چونکە تۆوەکانی سێو هاوشێوەی دەنکەکانی قەیسی، هەرمێ، گێلاس ئاوێتەی ئەمیگدالین Amygdalin لەخۆدەگرن، کە پێکهاتووە لە ئاوێتەی سایاناید Cyanide و شەکر. لە لایەنی کیمیاییەوە ئاوێتەی ئەمیگدالین لە کۆئەندامی هەرسدا شی دەبێتەوە بۆ سایانایدی هایدرۆجین HCN کە زۆر ژەهراوییە و هەندێك جار ژیان دەخاتە مەترسییەوە. نیشانەکانی ژەهراویبوون بە سایاناید: سەرئێشە، سەرسووران، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، هەناسەتەنگی، ڕشانەوە و پاشان پەرکەم، کەمبوونەوەی لێدانەکانی دڵ، دابەزینی پەستانی خوێن ئینجا لەهۆشچوون. ئەمە سەلمێنراوە کە قووتدانی دەنکی ساغی سێو هیچ مەترسییەکی نییە ئەگەر نەجووڕێت، چونکە هەرس نابێت و شی نابێتەوە پاشان فڕێ دەدرێتە دەرەوەی لەش، هەروەها جووینی چەند دانەیەك تۆوی سێو هێشتا بێ زیانە، چونکە لە گەدەدا ڕێژەیەکی کەمی لە ئاوێتەی سایاناید لێ دەردەچێت، کە مەترسیی بۆ تەندروستی نییە، لەوکاتەی کە ڕێژەی مەترسیداری سایاناید لە نێوان ٥٩-٣٠٠ ملگم دایە، واتە پاش خواردنی ٨٠-٥٠٠ دانە تۆوی هاڕاوی سێو.





# ئایا ناوکی سێو ژەهراوییە

سێو بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، بەڵام پێویستە کە دەنکەکان یان تۆوەکانی هەرگیز نەخورێن. تۆوەکانی سێو Apple seeds ژەهراوین تەنیا ئەگەر پاش هاڕین یان وردکردنیان ئینجا بە بری زۆر بخورێن، چونکە تۆوەکانی سێو هاوشێوەی دەنکەکانی قەیسی، هەرمێ، گێلاس ئاوێتەی ئەمیگدالین -Amyg dalin لەخۆدەگرن، کە پێکهاتووە لە ئاوێتەی سایانایدCyanide  و شەکر. لە لایەنی کیمیاییەوە ئاوێتەی ئەمیگدالین لە کۆئەندامی هەرسدا شی دەبێتەوە بۆ سایانایدی هایدرۆجین HCN کە زۆر ژەهراوییە و هەندێك جار ژیان دەخاتە مەترسییەوە. نیشانەکانی ژەهراویبوون بە سایانایدی: سەرئێشە، سەرسووڕان، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، هەناسەتەنگی، ڕشانەوە و پاشان پەرکەم، کەمبوونەوەی لێدانەکانی دڵ، دابەزینی پەستانی خوێن ئینجا لەهۆشچوون.

ئەمە سەلمێنراوە کە قووتدانی دەنکی ساغی سێو هیچ مەترسییەکی نییە ئەگەر نەجوورێت، چونکە هەرس نابێت و شی نابێتەوە پاشان فڕی دەدرێتە دەرەوەی لەش، هەروەها جووینی چەند دانەیەك تۆوی سێو هێشتا بێ زیانە، چونکە لە گەدەدا ڕێژەیەکی کەمی لە ئاوێتەی سایانایدی لێ دەردەچێت، کە مەترسیی بۆ تەندروستی نییە، لەوکاتەی کە ڕێژەی مەترسیداری سایانایدی لە نێوان ٥٩-٣٠٠ ملگم دایە، واتە پاش خواردنی ٨٠-٥٠٠ دانە تۆوی هاڕاوی سێو.



# جیابوونەوەی کۆمەڵایەتی زیانی تەندروستیی هەیە

جیابوونەوەی کۆمەڵایەتی Social isolation واتە بڕینی پەیوەندیی فیزیکی و دەروونی لەگەڵ کەسانی دیکەدا. جیابوونەوە لە کۆمەڵ لەوانەیە خۆویستانە یان خۆنەویستانە بێت، ئاستی جیابوونەوەکە لەوانەیە کە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا بێت. جیابوونەوەی کۆمەڵایەتی جیاوازە لەگەڵ هەستکردن بە تەنیایی Loneliness کە بریتییە لە هەستێکی کەسی بە تەنیایی، تەنانەت لەگەڵ بوونی پەیوەندیی باشی کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکی باشی جەستەیی و دەروونیدا، هەروەها هەستکردن بە تەنیایی تەنانەت پاش تێکەڵبوونێکی باش لەگەڵ کەسانی دیکەدا. مرۆڤ لە سرووشتدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە جیابوونەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستیی دەروونی و فیزیکی. ئاکامە تەندروستییەکانی جیابوونەوەی کۆمەڵایەتی: زیادبوونی ئەگەری بەکارهێنانی دەرمان و خواردنەوە ئەلکهولییەکان و جگەرەکێشان، خراپبوونی تەندروستیی فیزیکی (جەستەیی)، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە پەستی و خەمۆکی، گۆڕان لە توانا و فرمانەکانی مێشکدا، لاوازبوونی سیستمی بەرگریی لەش، زیادبوونی ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، پەیدابوونی هەڵویستی دژەکۆمەڵ Antisocial، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، زیادبوونی تووشبوون بە ئاستی بەرزی سترێس، هەروەها کەم ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، تێکچوونی خەو، لەگەڵ زیاد خواردنی چەوری.

# ئایا شەکر مەزاج باشتر دەکات؟

ئەمە ڕوونە کە شەکر بۆ تەندروستی باش نییە، گەلێك سەرچاوە بە ژەهری سپی ناوی دەبەن، بەڵام گەلێك کەس لەکاتی بێزاری و دڵتەنگیدا پەنا بۆ خواردنی شیرینی دەبەن و هەست بە جۆرێك هێوربوونەوە و ئارامی دەکەن، ئایا لە ڕاستیدا شەکر یان شیرینی مەزاج باشتر یان خۆشتر دەکات؟ لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانکۆی هەمبۆلتی ئەڵمانی Humboldt لە بەرلین و هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی بەریتانی جەختیان کردووەتەوە کە نەگەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە خواردنی شەکر مەزاج باشتر بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە شەکر یان شیرینی مەزاج خراپتر دەکات، هەروەها هاندەرە بۆ هەستکردن بە ماندووبوون و کەمبوونەوەی ئاستی ئاگایی Alertness کە پاش یەك کاتژمێر لە خواردنی بڕێکی مامناوەندیی شەکر یان شیرینی هەستی پێ دەکرێت. لە لێکۆڵینەوە ئەڵمانییەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە (هەستکردن بە باشتربوونی مەزاج باش خواردنی شەکر) بنەمایەکی زانستیی نییە، بەڵکو تەنیا وەکو کاریگەرییەك لە کەلتووری باودا بووەتە مەسەلە، ئەگینا پێچەوانەکەی ڕاستە لە لایەنی زانستییەوە. پێویستە ئەمەش لە یاد نەکرێت کە زیانەکانی شەکر بۆ تەندروستی زۆرن وەکو: کلۆربوونی ددان، زیادبوونی ئەگەری هەوکردن بە کەڕووەکان لەبەر کزبوونی سیستمی بەرگریی لەش، بەرزبوونەوەی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، پەیدابوونی بەرگریی خانەکانی لەش بۆ هۆرمۆنی ئینسولین و زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان.



# ناهاوسەنگیی هۆرمۆنەکان

هۆرمۆنەکان Hormones ماددەی کیمیایین کە ڕاستەوخۆ دەردەدرێنە ناو خوێن و هەماهەنگی دەکەن لە فرمانە جیاوازەکانی لەشدا. زیادبوون یان کەمبوونی هەر هۆرمۆنێك هۆکارە بۆ گرفتی تەندروستی، لە کاتە جیاوازەکانی تەمەندا بە شێوەیەکی ئاسایی گۆڕان لە ئاستی هەندێك هۆرمۆندا ڕوو دەدات، بۆنموونە لە کاتی وەستانی یەکجارەکیی سووڕی مانگانەی ئافرەتدا، هەروەها لەگەڵ چەند حاڵەت و گرفتێکی تەندروستی، زیانی بەکارهێنانی چەند دەرمانێك. نیشانەکانی ناهاوسەنگیی هۆرمۆنەکان: گۆڕان لە ئارەزووی خواردن و زیادبوونی کێشی لەش، دابەزینی لەناکاوی کێشی لەبەر زیاد دەردانی هۆرمۆنەکانی گلاندی دەرەقی ڕوو دەدات، زیپکەی درێژخایەن لەبەر زیادبوونی ئاستی هۆرمۆنە ئەندرۆجینەکان، سەرئێشە لەبەر دابەزینی ئاستی ئیسترۆجین، ناڕێکبوونی سووڕی مانگانەی ئافرەت لە ئەنجامی ناهاوسەنگیی نێوان ئیسترۆجین و پرۆجێستیرۆن، یان زیادبوونی هۆرمۆنە ئەندرۆجینەکان Androgens، وشکبوونی پێست لەبەر ناهاوسەنگیی هۆرمۆنەکانی گلاندی دەرەقی، گرفت لە بیرکردنەوە و بیرهاتنەوەدا لە ئەنجامی تێکچوونی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکانی ئیسترۆجین وپرۆجێستیرۆن، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی کە زیاتر لەبەر بەرزبوونەوەی هۆرمۆنی پرۆجێستیرۆن یان دابەزینی هۆرمۆنەکانی گلاندی دەرقیدا بەدی دەکرێت، ئارەقەی شەوانە لەبەر کەمبوونەوەی هۆرمۆنی ئیسترۆجین، هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج یان خەمۆکی لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی هۆرمۆنی پرۆجیستیرۆن یان کەمبوونەوەی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن، تەنکبوون و هەڵوەرینی قژ لەبەر ناهاوسەنگیی هۆرمۆنەکانی گلاندی دەرقی یان زیادبوونی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن، هەروەها گرفتەکانی خەو لە ئەنجامی ناهاوسەنگیی هۆرمۆنەکانی میلاتۆنین، کۆرتیزۆڵ، پرۆجێستیرۆن، لەگەڵ ئیسترۆجین.



# ئامێرێکی دژە سیخوڕی




سیخوڕی کردن بەهۆی کامێرای بچووك یا ئامێری دەنگ هەڵگرتنەوە لە سەردەمی دیجیتالیدا یەکجار زۆرە. چونکە بە ئاسانی و بە تێچوویەکی کەم جێبەجێ دەبێت. بۆ ئەوەی ئامێرە سیخوڕییەکان بدۆزینەوە، دەبێ حەتمەن لە ئامێری دژە سیخوڕی سوود وەربگرین. یەکێك لەو ئامێرە دژە سیخوڕیانە، ئامێری protect 1206iە. ئامێری بچووك بۆ دۆزینەوەی هەموو ئامێرە سیخوڕییەکان، چ کامێرا بێت یا ئامێری دەنگ هەڵگرتنەوە. ئامێری ناوبراو هەموو جۆرە شەپۆل و لەرەلەرێك دەدۆزێتەوە. چ بلوتوس و وای-فای بێت چ ئامێرەکانی وەك FM و AM. تەنانەت ئەو ئامێرانەی کە بۆ دیاریکردنی شوێنی جوگرافیایی واتە GPS دانراون ئەوانیش دەدۆزێتەوە. ئەو ئامێرە وەك ئامێرەکانی دیکە نییە، تەنیا ئەوش وێنە ببینێ کە شەپۆلەکە بڵاو دەکاتەوە. بەڵکو ئەگەر ئامێرەکە شاردرابێتەوەش هەر دەیدۆزێتەوە. کێشەکەی چوارسەد گرام دەبێت. بە دوو باتری قەڵەمی هەتا ٢٠ کاتژمێر کار دەکات.




# سەگی رۆبۆت و زیرەکیی دەستکرد

کۆمپانیای چینی Unitree سەگێکی رۆبۆتی نوێی بەناوی unitree go2 بەرهەم هێناوە کە دەتوانێ وەك سەگێکی ئاسایی دوای خاوەنەکەی بکەوێت و جوڵەی جیمناستیك بکات. کێشی سەگەکە ١٥ کیلۆیە و تەقڵە لێدەدا. قەدی ٤٠ سانتە و درێژایی لە دەمیەوە تا کلکی ٧٠ سانتە. هەرکاتێك شەحنی بکەیە تا دوو کاتژمێر کار دەکات. سەگەکە دوو جۆری هەیە. جۆرێکیان خێراییەکەی ٩ کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا و یەکێکی دیکەیان ١٢ کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا. کامێرایەکی جۆری HD هەیە دەتوانێت نەخشەی دەوروبەر هەڵبگرێتەوە. رۆبۆتی ناوبراو دەتوانێت بەسەر قادرمە و هەروەها گرد و بەرزاییش بکەوێت.

خاڵی جێگای سەرنجی سەگە رۆبۆتەکە ئەوەیە بەهۆی ژیری دەستکردی GPT دەتوانێت لەگەڵ خاوەنەکەی بدوێ و هەروەها وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە.



# ستاندێکی لاپتۆپ جۆکەری پەیوەندییەکان

ئەو ئامێرە بچووکەی دەیبینن پێی دەگوترێ TobenONE وەك ستاندێکی لاپتۆپە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت سێ شاشە و هەرچی ئامێری دیکەیە بە کۆمپیوتەرەوە پەیوەند بدات. هەروەها شوێنی کێبڵی HDMI و کێبڵی ئەتەرنێت و دانانی فلاش میمۆری و کارت میمۆری هەیە. خێرایی گواستنەوە لەو ئامێرەدا بە کێبڵی ئەتەرنێت ٢,٥ گیگابایتەو هەروەها وەرگرتنی ١٠ گیگابایتە. دەکرێت چەند شاشەیەکی 4K و هەرەوەها شاشەیەکی 8K پێوە بلکێندرێ. شوێنی دانانی سێ USB.3 هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا داك یا ستاندێکی لاپتۆپە و لە هەموو لایەك پانکەی تایبەتی هەیە و گەرمای لاپتۆپەکە کەم دەکاتەوە. کێشی ستاندەکە تەنیا نیو کیلۆیە. ستایلی ستاندەکە نووشتاوەیە و لە دوو پارچەی لێکدراو پێکهاتووە.




## بچووک و خێرا و بە توانا

فلاش میمۆری و هارددیسك بە هەردوو جۆرەکەیان HHD و SSD وەك یەك دەچن و یەك ئەرك دەدەن، بەڵام بە تۆزێك جیاوازی و تایبەتمەندی جیاوازەوە. فلاش میمۆری زیاتر بۆ ڕاگواستنی خێرایە، بەڵام هارددیسك بۆ ئەرشیف کردن و هەڵگرتنە. قەبارەی هارددیسك و فلاش میمۆری جیاوازە. هارددیسك هەندێك گەورەترە تەنیا جۆری SSDیان نەبێت کە تەنکتر و بچووکترن.

هارددیسکی sharge disk کە لە جۆری SSDیە، بچووکترین هاردی جیهانە، بەقەد میداڵیای ناو سویچەکان. گواستنەوەکەی لە جۆری USB.3یە و خێراییەکەی دە گیگابایت لە چرکەیەکدایە. بەو مانایەی هەزار وێنەی کوالیتی بەرز تەنیا لە یەك چرکەدا ڕادەگوێزێ. قەبارەی هەڵگرتنی داتاکان لەو هاردەدا ٢ ترابایتە. دژە ئاوە و بە تەڕبوون تێك ناچێت. بۆ هەموو جۆرە سیستەمێك دەگونجێت. دەکرێت ڕاستەوخۆ لە مۆبایل بخرێت و لەکاتی وێنەگرتندا بەکار بهێنرێت و وێنەکان ڕاستەوخۆ بچنە ناو هادردیسکەکە. شایانی ئاماژە پێدانە کێشی هاردیسکی sharge disk تەنیا ٢٤ گرامە.



## کۆمپیوتەرێک لەسەر پەنجەکانی دەڕوات

ئەوەی لێرەدا دەبینن، ئامێرێکی گەمەی منداڵانە نییە. کۆمپیوتەرێکی ڕۆبۆتە لەسەر شێوەی سەگ و بە پەنجەکانی دەڕوات و بە دەسکی گەیم دەجووڵێت.

کۆمپیوتەرە ڕۆبۆتەکە بە Tibeast ناسراوە. ویندۆز١٠ی لەسەر دانراوە. شاشە و کیبۆرد ئامرازەکانی دیکەی بۆ دادەنرێ. لەسەر ڕۆبۆتەکە کامێرایەك دانراوە و لەگەڵ سپیکەرێك. خێرایی کۆمپیوتەرەکە ٢,٧ گیگاهێرتزە. ڕامەکەی ٨ گیگابایتە. هاردیسکەکەی ٢٥٦ گیگابایتە. سیتسەمی وای-فای و بلوتوسی ٤ی لەسەر دانراوە. جگە لەوەش دەکرێت شاشەیەکی بچووکی لەسەرەوە دابندرێت.

ڕۆبۆتە کۆمپیوتەرەکە بۆ هەر شوێنێك بچی دوات دەکەوێ، کێشەی هەڵگرتنی نییە. جگە لە سیستەمی ویندۆز، سیستەمی لینۆکسیش دەخوێنێتەوە. هەروەها وەك کامێرایەکی چاودێری پاڵپشت بە زیرەکی دەستکرد بە هەر چوار دەوردا دەخولێتەوە و وێنە و فیلم هەڵدەگرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ئایا دەکرێت داتا و زانیاری و ژمارەکانی سەر مۆبایلی سامسۆنگ بۆ سەر مۆبایلی ئایفۆن بگوازمەوە؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز بە ئاسانی ئەوە دەکرێت، گەلێك ئەپلەکەیشن هەن ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن، هەرکام لەوانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە. یەکێك لەو ئەپلکەیشنانە Coolmuster Mobile Transferە. بەهۆی ئەو ئاپەوە دەکرێت داتا و زانیارییەکان لە سیستەمی ئەندرۆیدەوە بۆ سیستەمی ئای ئۆ ئێس بگوازیەوە، هەروەها پێچەوانەش هەر دەکرێت. بەگشتی هەموو داتاکانی وەك: ژمارەکان، پەیامەکان، مێژووی پەیوەندییەکان، وێنە و فیلم و گۆرانییەکان و تەنانەت هەندێك لە پرۆگرامەکانیش بە ئاسانی ڕادەگوازرێن. ئەم پرۆگرامە بۆ گواستنەوەی داتاکان لە نێوان دوو ئایفۆنیش دەبێت و هەروەها لەنێوان دوو سیستەمی ئەندرۆیدیش.

## پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی ستایلی ویندۆز

سیستەمی ویندۆز جگە لەوەی ڕۆژانە وێنەی سەر شاشەکە دەگۆڕدرێت، گۆڕان بەسەر فۆڵدەر و تاسکبار (شریتی خوارەوەی ویندۆز) و هەروەها شێوازی کردنەوەی پرۆگرامەکاندا نایەت. ئەگەر حەزت لە گۆڕانکارییە و ناتهەوێ ویندۆزەکەت هەر وەك خۆی بمێنێتەوە ئەوە پرۆگرامی WindowBlinds بەکار بێنە. پرۆگرامەکە بەو توانایەتی کە هەیەتی دەتوانێت تەواوی بەشەکانی ویندۆز بۆ نموونە: پەنجەرەکان، تۆلبارەکان، دوگمەکان و مینۆکانی start و taskbar و borders و..تاد بگۆڕێت. بەکارهێنەر دەتوانێت قالبی سەرنج ڕاکێش بۆخۆی دابنێت و وا بکات چوارچێوەی ویندۆز وەك سیستەمی لینۆکس و ماك لێبکات. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- پشتیوانی لە ئەنیمەیشن لە مینۆی ستارتدا.
- گۆڕینی بەشەکانی بە پێی دڵخوازی بەکارهێنەر.
- گۆڕینی تەواوی بەشەکانی قالب، وەك ڕەنگ و فۆنت و ئایکۆنەکان.
- گۆڕین لە چۆنییەتی جوڵەی ماوس و زۆر تایبەتمەندی دیکەش.



# پاوەربانکەکانی ئەنکەر و داهێنانێکی نوێ




لەمرۆژەدا پاوەربانك بۆتە ئامێرێكی گرنگ، بەتایبەتی بۆ ئەو ئامێرانەی كە ڕۆژانە پێویستیان بە شەحنكردنەوە هەیە. پاوەربانكەكان بە گشتی ستایلەكانیان بەجۆرێكە كە بەبێ كێبڵ ناكرێت ڕاستەوخۆ بە ئامێرەكانەوە پەیوەد بدرێن، یان ئەوەی كە خودی پاوەربانكەكان كێشیان قورسە و بۆ هەموو شوێن و جێگایەك نابن.

كۆمپانیای anker جۆرێك لە پاوەربانكی بەرهەم هێناوە كە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئامێرەكان: وەك مۆبایل و كامێرا و تەبلێت و ئامێرەكانی دیكەی شەحنكردنەوە پەیوەند دەدرێت، كێشیان زۆر كەمە لە ٧٥ گرامەوە هەتا ١٠٠ گرام. بەهۆی موگناتیسەوە ڕاستەوخۆش بە ئامێرەكانەوە پەیوەند دەدرێ و هەڵگرتنیشیان زۆر ئاسانە. پاوەربانكەكان لە پێنج هەزارەوە هەیانە هەتا دە هەزار. شاشەیەكی بچووكیان هەیە بۆ نیشاندانی ڕێژەی باتری و دوگمەیەكیش بۆ هەڵكردنی پاوەربانكەكە. تایبەتمەندییەكی دیكەی پاوەربانكەكە ئەوەیە كە لەكاتی شەحنبوونەوەیشدا دەكرێت ئامێرەكان بارگاوی بكاتەوە.



## ماڵپەڕێکی ژیری دەستکرد بۆ گۆڕینی جلوبەرگ

گۆڕینی جلوبەرگ بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەكانی زۆر ئەركێكی دژوارە و هەروەها ئەو كەسەی ئەو كارە دەكات دەبێ دیزاینەر یا شارەزای بواری گرافیك بێت، ئەویش هیچ كاتێك وەك ئەوەی مەبەستە دەرناچێت، چونكە دەبێ جلوبەرگ لە وێنەیەكی دیكە وەربگری و بە ماندووبوونێكی زۆرەوە ئەو گۆڕانە بكەی و دواتریش وا دەرناچێ كە مەبەستتە. لە سەردەمی ژیری دەستكردا ئەوە ئەركە زۆر ئاسانە ماڵپەڕی thenewblack.ai تەنیا بە چەند خولەكێك ئەوەی مەبەستە لە گۆڕینی جلوبەرگدا بۆت دەگۆڕێ. بۆ نموونە نیازت هەیە پێڵاوەكان، یا بەشی خوارەوەی جلوبەرگ یا بەشی سەرەوەی بگۆڕی، تەنیا بە نووسینی پرەمپێتی تایبەت بە گۆڕین ئەو ئەركە جێبەجێ دەكات.




# ماوسێکی زیرەک و ئاسانکردنەوەی ئەرکەکان

ماوسی كۆمپیوتەر هەرچەندە وەك كلیلی سەرەكی چوونە ناو دەروازەی كۆمپیوتەر سەیر دەكرێت، بەڵام ماوسی جۆری DOCA لە ماوسەكانی دیكە جیاوازە و سمارتە. شاشەیەكی پێنج ئینجی هەیە و گشت ئەو پرۆگرام و ئامرازانەی بەكارهێنەر پێویستیەتی لەسەر شاشەكە دادەنرێت. بۆ نموونە پێویست ناكات بۆ كردنەوەی پرۆگرامەكانی ئۆفیس وەك: ۆرد ئەكسێل، پاوەرپۆینت بچیە سەر ئایكۆنی پرۆگرامەكان و كرتە بكەی، بەڵكو دەتوانیت لەسەر شاشەی ماوسەكە هێماكە دابگری و پرۆگرامەكان دەكرێنەوە. بەگشتی لە كردنەوەی ماڵپەڕەكانی ئەنتەرنێت، پرۆگرامە گرافیكیەكان ئەوەی بەكارهێنەر مەبەستیەتی بە خێرایی بكرێنەوە لەسەر شاشەكە دادەنرێن. لە كرداری پرۆگرامە گرافیكی و دیزاینیەكان كارئاسانی زۆر دەكەن، بەكارهێنەر دەتوانێت بە ئاسانی كردارەكان لە ماوسەكەدا پرۆگرامینگ بكات و لەبری داگرتنی چەندین كرتە بە ئاسانی بەیەك كرتە ئەركەكە ئەنجام بدات. ماوسەكە هەم لە ڕێگای بلوتوس و هەم لە ڕێگای كێبڵەوە لەگەڵ كۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت.







# مۆدێلی پێڵاوی وەرزشی بۆ دیمەنێکی مۆدێرن

لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا پێویستت بە پێڵاوی وەرزشیی نەرم و توندوتۆڵ هەیە کە لەگەڵ هەموو ڕوخسارێکدا بگونجێت، وەك:

پێڵاوی وەرزشیی ڕەش و سپی لە براندی ڕیك ئۆوێنز: کە بە دیزاینە ناوازە و مۆدێرنەکانی ناسراوە، پێڵاوی وەرزشیی ڕیك ئۆوێنز لەگەڵ هەموو سەلیقەیەکدا بۆ خانمان دەگونجێت، دەتوانیت ئەم پێڵاوە کە بە ڕەنگی ڕەش و سپی بەردەستە بۆ زۆربەی بۆنە و شوێنە گشتییەکان لەپێ بکەیت.

پێڵاوی وەرزشیی ڕەش و سپی مارکەی مۆنۆوەی: دەتوانیت ئەم پێڵاوە لە مارکەی مۆنۆوەی وەربگریت، بەو پێیەی دیزاینێکی کاژواڵ و گەنجانەی هەیە و بە دیزاینێکی تەخت لەگەڵ بنی بەرز بە ڕەنگی سپی دروست کراوە، پێڵاوەکە بە ڕەنگی سپی و ڕەش لە چەرم دیزاین کراوە و پەنجەی پێیەکەی بە ڕەنگی خۆڵەمێشی دیزاین کراوە لەگەڵ قەیتانی سپیی درێژ.

# مۆدێلی چاویلکەی هەتاویی ئەم ساڵ بۆ خانمانی مۆدێرن

زۆرێك لە خانمان حەز دەکەن چاویلکەی گەورە لە چاو بکەن، کە شێوازێکی جیاواز بە ڕووخساریان دەبەخشێت، بەڵام ئەگەر ڕووخسارت بچووکە، ئامۆژگاریت ناکەین بۆ ئەم جۆرە چاویلکەیە، چونکە بە تەواوی تایبەتمەندییەکانی ڕوخسات دادەپۆشێت، بۆنموونە: چاویلکەی Butterfly Shape : کە لە باڵی پەپوولە دەچێت، بە قەبارەیەکی بچووك و بە ڕەنگێکی ڕەشی تۆخ، بەتایبەتی ئەگەر بۆ شەوئاهەنگ، یان جلێکی درێژت لەبەردا بێت، ئەم دیزاینە گونجاوە بۆ دەموچاوێکی درێژ کە چەناگەی تەنك بێت، یان بۆ دەموچاوێکی شێوەی دڵی. بۆ بۆنە و ئاهەنگەکانی وەك ئاهەنگی نیوەڕۆ و ئاهەنگی هاوسەرگیری چاویلکەی خۆر هەیە، کە بە بەردی بلۆری بە قەبارەی جیاواز بڕاوە و بە کارەکتەری سیَ ڕەهەندی بە ڕەنگی پەمەیی و عەدەسەی ئاوێنەی شووشەیی بڕاوە. ئەم چاویلکە کلاسیکانە تا ئێستاش لای خانمانی گەنج خۆشەویستن، بەهۆی دیمەنە ئاڵۆز و ڕەسەنەکانیانەوە.

چاویلکەی خۆری فڕۆکەوان:ئەم چاویلکەیە بەناوبانگە بەهۆی چوارچێوەی کانزای تەنك و جیاوازەکەیەوە کە بە ڕەنگی زێڕی ڕۆز دێت، لەگەڵ عەدەسەی قاوەیی و وەنەوشەیی.







# چۆنیەتی دروستکردنی شێدارکەرەوەی سرووشتی بۆ پێستی ناسک

زۆرێك لە خانمان بەدەست وشكبوونەوەی پێستەوە دەناڵێنن، بەتایبەتی لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و هۆکاری دەرەکی کە کاریگەری لەسەر تەندروستی و تازەیی پێستی هەیە، لەبەرئەوەی پێستی ئافرەت نهێنیی جوانییە کەیەتی.

خۆشبەختانە سرووشت چەندین پێکهاتەی دەوڵەمەند بە ماددە خۆراکییەکان و توخمە شێدارکەرەوەکان دابین دەکات، کە یارمەتی گرنگیدان بە پێست دەدەن و لە وشکبوونەوە دەیپارێزن. شێدارکەرەوەی ماست و خەیار، خەیار دەوڵەمەندە بە دژە ئۆکسان و ئاو، ئەمەش یارمەتی شێدارکردنەوە و نەرمکردنی پێست دەدات.

**پێکهاتەکانی:**

دوو کەوچکی چێشت ماست، کەوچکێك ئاوی خەیار، کەوچکێك زەیتی گوێزی هیندی بهێنە و هەموو پێکهاتەکان بە باشی تێکەڵ بکە، تا تێکەڵەیەکی یەکگرتوو بەدەست دەهێنیت، دواتر تێکەڵەکە بدە لە دەموچاو و گەردنت و بۆ ماوەی ١٥ خولەك بەجێی بهێڵە، دواتر دەموچاوت بە ئاوی شلەتێن بشۆ، لەگەڵ ئەم تێکەڵە سرووشتییەدا دڵنیابە کە ئەنجامێکی دڵخواز بەدەست دەهێنیت.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**






# ئوتۆمبێلە کۆنەکان لە کوردستان





یەکێکە لە ئوتۆمبێلە کۆنەکان تا ئێستا ماوەتەوە مۆدێلی بۆ سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، ئەم ئوتۆمبێلە لە جۆری (شۆفرلێت مەلەکی) دروست کراوی ساڵی ١٩٢٩ ڤێرژن فوول کلاسیك، بزوێنەرەکەی شەش پستۆن بیلادی هەندر سلف، شێوازی ژوورەوەی شاهانەیە بە ناومەلەکی ناسراوە، دەرگای وەك ڕۆس ڕایس دەکرێتەوە، ژمارەی هەولێرە و بە جوانی و پاکی ماوەتەوە، تا ئێستا مەکینەکەی بەباشی ماوەتەوە، دوای ئەوەی زۆرترین جار چاك کراوەتەوە و تەعمیر کراوە، هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، ئێستاش وەکو ئوتۆمبێلێکی نمایش و مۆدە بەکار دەهێنرێت نەوەك بۆ کاروباری ڕۆژانە، بۆ بۆنە و یادەکان دەبردرێت یان لە شوێنی تایبەت نمایش دەکرێت، هەروەها نرخێکی زۆری بۆ دانراوە و کڕیاری تایبەتی بە خۆی هەیە.






# پێکهاتە سەیرەکانی نێو نۆتێلا

نۆتێلا یەکێکە لەو جۆرە شوکۆڵاتانەی کە لە جیهان خواستێکی زۆری لەسەرە، لە ڕووی تەندروستییەوە بۆچوون و توێژینەوەی جیاواز دەربارەی هەیە، بەڵام بەگشتی دەگوترێت زیان بەخشە، نۆتێلا خواردنێکی تەندروست نییە، بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونکردنەوە بدات سەنتەری تەندروستیی هامبۆرگ لە ئەڵمانیا ئەنجام دراوە، لە وێنەیەکدا تەواوی پێکهاتەکانی نۆتێلای دابەش کردووە، نۆتێلا لە پێنج پێکهاتەی سەرەکی دروست دەکرێت، زەیتی خورما، کەرەی کاکاو، کەرەی بندوق(پستە)، ڕێژەیەکی زۆر شەکر، بە جۆرێك نیوەی قوتووەکەی داگیرکردووە، واتا ٢١گرام شەکر بۆ هەر ٣٧ گرام نۆتێلا، ئەمەش زیانێکی زۆری تەندروستیی هەیە.





## شاری هێڵی ستوونی

یەکێکە لە پرۆژە سەیرەکانی جیهان، کە دروستکردنی شارێکە لە شێوەی هێڵی ستوونیی وەستاو، خانووەکان و شوێنەکانی نیشتەجێبوون بەسەر یەکەوەیە، وڵاتی سعودیە لەم ئەم پرۆژەیەدا دیزاینی شارێکی بە ناوی (The Line) ڕاگەیاند، کە شارێکە نۆ ملیۆن کەس لەخۆ دەگرێت، درێژییەکەی ١٧٠ کم و بەرزییەکەی ٥٠٠ مەتر لە ئاستی دەریاوەیە، پانییەکەی تەنیا ٢٠٠ مەترە، هیچ شەقامێکی نییە و هیچ دەردانی گازی ژەهراویی نییە، ١٠٠٪ پشتبەستنی بە وزەی نوێبووەوەیە و خاوەنی ستانداردی نوێیە بۆ دانیشتووانەکەی کە هێشتا لەلایەن مرۆڤەوە تاقی نەکراوەتەوە.





## تێچووی دروستکردنی ئۆتۆمبێلێکی ئاسایی

ئەگەر وڵاتی کۆریای باشوور بە نموونە وەربگرین، هەندێ جۆری سەیارە دروست دەکات بە تێچووی ٥٠٠٠ دۆلار واتە ٥٠ وەرەقە، دواتر دەیفرۆشێتەوە بە وڵاتانی عەرەبی بە ٧٠٠٠ دۆلار واتە، ٧٠ وەرەقە، پاشان لەو وڵاتە عەرەبییانە بەهۆی دانانی ڕسومات و گومرگ و بەناوکردن و گۆڕینی خاوەندارێتی و ژینگەو شەقام، نرخەکەی دەگاتە ٢٠،٠٠٠ دۆلار واتە دوو دەفتەر، دەبینی وڵاتێکی وەك کۆریای باشوور بۆ هەر سەیارەیەك ٢٠ وەرەقە قازانجیەتی، لە کاتێکدا خۆیان خاوەنی ئەو پیشەسازیەن و لە ڕیزی (١٢)ن لە کۆی (٢٠) وڵاتی ئابووریی پێشکەوتوو، بەڵام وڵاتانی عەرەبی ١٣٠٠٠ دۆلار کە دەکاتە ١٣٠وەرەقە دەخاتە سەر هەر سەیارەیەك و ئەم زیادەیە لە گیرفانی هاووڵاتیانی دەردێنێت، لە کاتێکدا نە خاوەنی پیشەسازیەکەن و نەهیچ پێوەی ماندوو بوون، سەرەڕای هەموو ئەو قازانجەی وڵاتانی عەرەبی، کەچی هاووڵاتیانی لە دۆخێکی ئابووریی خراپدان و ڕێژەی هەژاریان زۆرە.

## شەقامی شین

هەمیشە وا باو بووە کە شەقامەکان ڕەنگیان ڕەشە، چونکە قیر لە پاشماوەی بەرووبوومەکانی نەوت و خەڵووز دروست دەکرێن، بەڵام قەتەر وەك یەکەم وڵات لە جیهاندا ڕەنگی قیری لە ڕەشەوە گۆڕیوە بۆ شین، وەك شارەزایان دەڵێن: «ئەو ڕەنگە شینە لە هاویندا بۆ پلەی گەرمیی تایەی ئۆتۆمبێلەکان باشترە، هەروەها لە شەویشدا ڕوناکییەکی باشتر دەبەخشێت.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە بەهۆی ئەوەی دایك و باوکیان پشتیوانا و هاوکاریان بوون، دەگەن بە ئەنجام و گەیشتن بە سەرکەوتنەکانیان.



## دیمەنە سەیرەکان

**دیمەنی مرۆڤێکی خاوەن گەورەترین دەم**

دەمی ئەم ئافرەتە بە گەورەترین دەم دادەنرێت، کە ناوی (سامانتا ڕامسدیل) ە خاوەنی ژمارەی پێوانەیی جیهانییە لە کتێبی (گینسە)دا بۆ گەورەترین دەمی مێینە لە جیهاندا.

## یاسا



**بردنی کەلوپەل لە کاتی جیابوونەوەی خێزانەکاندا**

خێزانم تۆراوە و هەرچی پارەم هەبووە لە ماڵەوە لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی، ئای ئەگەر بە تۆمەتی دزی سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم سزادەدرێت؟

بەڵێ کارەکەی دەبێتە تاوان، بەڵام بە تاوانی ناپاکی لە پێسپێری (خیانەت لە ئەمانەت) نەك تاوانی دزی، ڕاستە لە ڕووی یاساییەوە ئەم کارە سزای هەیە، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە زیاتر سزا بۆ ئەو ژنانەیە کە پێشینەی تاوانیان هەبێت، ئەوانەی کە پێشینەیان نییە جۆرێکی تایبەتی سزا دەیانگرێتەوە، کە ناکرێت باس بکرێت تاوەکو نەبێتە ڕێخۆشکردن بۆ تاوان.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەمڕۆ ڕۆژێکی باش دەبێت و لە نیگەرانییەکان ڕزگارت دەبێت، لە ئەنجامدانی کارەکانت سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، پێگەی داراییت بەهێزتر دەبێت، لە ژیانی خێزانیدا ئارام و بەختەوەر دەبیت، کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوبەشی ژیانت بەسەر دەبەیت، لە ڕووی تەندروستییەوە هەست بە باشی دەکەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە ڕووی خۆشەویستییەوە ڕۆژەکەت زۆر تایبەت دەبێت، هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەیت، باری داراییت بەهێزی دەمێنێتەوە، ڕەنگە قازانجی دارایی گەورە بەدەست بهێنیت، ئامۆژگاری دەکرێیت بە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ هاوپیشەکانتدا بکەیت، ئەگەر نا ڕەنگە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك ببیتەوە، دۆخی تەندروستیت باش دەبێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

سۆز و پشتیوانیی ئەندامانی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت، ئەمڕۆ بەشێك لە کارە گرنگەکانت تەواو دەکەیت، لێکتێگەیشتنت لەگەڵ هاوبەشی ژیانت باشتر دەبێت و خۆشەویستی نێوانتان قووڵتر دەبێتەوە، لە ماندووبوونت ئەنجامی باش بەدەست دەهێنیت، لەوانەیە بەم زووانە پلەت لە شوێنی کارەکەت بەرز بکرێتەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەمڕۆ ڕەنگە بۆ کارکردن ناچار بیت مەودایەکی کورت ببڕیت، لە دۆخێکی وادا ئامۆژگاریت دەکرێت کە بە تەواوی ئاگاداری تەندروستیی خۆت بیت، ڕۆژەکەت لە ڕووی داراییەوە باش نابێت، لە ژیانی خێزانیدا ڕووبەڕووی هەندێك گرژی دەبیتەوە، ئەم ماوەیە وا هەست دەکەیت هاوبەشی ژیانت پشتگوێت دەخات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بێت بەهۆی زیادبوونی خەرجییەکانتەوە ڕەنگە بودجەکەت نا هاوسەنگ، گفتوگۆیەکی گرنگ لەگەڵ بەرپرسانی باڵای کارەکەت ئەنجام دەدەیت، دۆخەکە لە ژیانی خێزانیدا ئاسایی دەبێت، پێویستە زیاتر گرنگی بە پشوودان بدەیت بۆ ئەوەی دۆخی تەندروستیت بە باشی بمێنێتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕەنگە ئەمڕۆ سەردانی هەندێك شوێنی ئایینی بکەیت، باری داراییت باش دەبێت، کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوبەشی ژیانت بەسەر دەبەیت، هەروەها لەوانەیە دیارییەکی جوان لە هاوبەشی ژیانت وەربگریت، ئامۆژگاری دەکرێیت بەپەلە هیچ بڕیارێك نەدەیت، دۆخی تەندروستیت باش دەبێت.

## بۆ زانیاریت

# نهێنیی پەرەسەندنی نەهەنگەکان

بیرۆکەی ئەوەی نەهەنگ لە ئاژەڵێکەوە پەرەی سەندووە کە لە وشکاییدا ژیاوە و پاشان چووەتە ناو ئاو، زۆر پێش چارلز داروینیش باس کرابوو، بەڵام داروین لە تیۆرییەکەیدا زۆر بە باشی ڕاڤەی کرد، بەڵگەی پەرەسەندنی نەهەنگ ئاشکرا و ڕوونە، چونکە ئێسکەپەیکەری هەیە، بەڵگەی دیکە هەن کە نەهەنگ هاوشێوەی ئاژەڵە وشکانییەکانە، وەك: پاشماوەی پێیەکانی لە ئێسکەپەیکەریدا دیارە، شێوەی لەشی ئێسکەپەیکەری چەماوەییە وەکو ماسییەکان ڕاست و درێژ نییە، هەناسەدانی بە سییەکانە لە ڕێی ئۆکسجینی دەرەوە نەك ڕیشووەکەوانە وەکو ماسییەکان، گەدەی هاوشێوەی ئاژەڵە وشکاوەکییەکانە و.. کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیکە. هەروەها چەندین توێژینەوە لەسەر پاشماوەی بە بەردبووەکان کراوە و دەرکەوتووە نەهەنگەکان نزیکەی ٥٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر گیاندارێکی شیردەری وشکانی بووە و لەسەر پێیەکانی ڕۆشتووە و لە وشکانیدا ڕاوی کردووە، بەڵام نزیکەی ٣٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر گۆڕانکاریی کتوپڕی جینات sudden genetic event بووەتە هۆی لەدەستدانی پەلەکانییان و، بە تێپەڕبوونی کات جەستەیان وا گونجاندووە کە لە ناوئاودا بژین.




## فیلم

## کچ- Damsel




فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، باس لە خاتوونێك دەکات کە دوای ئەوەی ڕازی دەبێت شوو بە پیاوێك بکات، تەنیا بۆ ئەوەی بزانێت کە هاوسەرگیرییەکەی تەڵەیە یان هەڵە، بۆیە ئەو کچە لەگەڵ ئەژدیهایەکی ئاگر هاوێژدا دەخرێتە نێو ئەشکەوتێك، ئەویش هەموو هەوڵێك دەگرێتە بەر بۆ ڕزگاربوونی، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٠) خولەکە، لە دەرهێنانی جوان کارلۆس فریسنادیلۆ، لە نووسینی لاری فۆنگ، لە نواندنی: میللی بووبی، نیك ڕۆبینسۆن، شۆهرا ئەگداشلۆ، ئەنجیلا باسیت، ڕۆبین ڕایت.



## پەند و وتە

ڕۆماننووسی ئەڵمانی و شاعیر (تیۆدۆر فۆنتانی) لە ساڵی ١٨١٩ لە شاری نیرۆپین لە ئەڵمانیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٩٨ لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هیوا و ئاواتە بێ ئەنجامەکان دەڵێت: «چەندین کەڵەشێر وایاندەزانی بە قووقەکانی بەهۆی ئەوانەوە ڕۆژ هەڵدێت، کەچی زۆربەشیان بێئومێد بوون».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین شێوە هەن، کە سێ شێوە لە خۆ دەگرێت، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا تەواوی دیمەنەکان بدۆزەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەگەر لەهەوڵدایت بۆ ئەوەی دابمەزرێت ئەوا ئەگەری سەرکەوتننت بەهێزە، ئامۆژگاری دەکرێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەرەکەتدا ئاگاداری قسەکردن و ڕەفتارەکانت بیت و ڕێز لە هەستەکانی بگرە، باری داراییت باش دەبێت، بەم زووانە هەموو کێشەکانت کۆتایی دێت، پێویستە دوور بکەویتەوە لە نیگەرانی و تووڕەیی ناپێویست.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەموو کارەکانت لە کاتی خۆیدا تەواو دەکەیت، ئەگەر لەسەر بنەمای ئامانج کار بکەیت، ئەوا دەتوانیت ئەمڕۆ سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنیت، ئەمڕۆ سوودی دارایی باشت دەست دەکەوێت، ڕۆژەکەت لە ڕووی خۆشەویستییەوە تایبەت دەبێت، سۆز و پشتیوانیی هاوبەشی ژیانت بەدەست دەهێنیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بە هاوکاریی کەسێکی بەئەزموون و نزیك سەرکەوتوو دەبیت لە ئەنجامدانی کارەکانت، ڕۆژەکەت لە ڕووی داراییەوە ئاڵۆز دەبێت، پێویستە زیاتر گرنگی بە پاشەکەوتکردن بدەیت، دوور بکەوەرەوە لە زیادەڕەویی قسەکردن لە شوێنی کارەکەت، ئەگەرنا بەشێك لە کارە گرنگەکانت بە ناتەواوی دەمێننەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر خۆش دەبێت تا دەرفەتت دەبێت کەسێکی نوێ بناسیت، لە دۆخێکی وادا ڕەنگە دەرفەتێکت بۆ بڕەخسێت کە کار لەسەر پلانێکی گەورە بکەیت، ئەگەر بەم دواییە هەر بڕیارێکت داوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی دارایی خۆت، لەوانەیە ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنیت، دۆخی تەندروستیت باش دەبێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بچوکترین کەمتەرخەمی لە لایەنی پیشەییەوە زیانی گەورەت پێ دەگەیەنێت، باشترە هەموو کارەکانت بە وریایی بکەیت، هەروەها خێرا متمانەکردن تووشی گرفتت دەکات، لە ڕووی داراییەوە قازانجێکی زۆر باش دەکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەندێك دەستکەوتی گەورە بەدەست دەهێنیت، لە دۆخێکی وادا هەست بە شانازییەکی زۆر دەکەیت، باری داراییت ئاڵۆز دەبێت، ئامۆژگاری دەکرێت کە بە لەبەرچاوگرتنی داهاتەکەت خەرجی بکەیت، پێویستە هەوڵ بدەیت هەماهەنگییەکی باش لەگەڵ هاوکارەکانتدا بپارێزیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Inifniti GPS by TimeNet, providing GPS tracking services in various fields including Car, fleet management, school bus management, personal tracking, animal tracking, as well as construction and transportation solutions.

Our offer includes:
GPS device for cars, motorcycles, trucks and buses and asset tracking

The annual subscription includes the following:
GPS device - SIM card with internet - platform and mobile application - 12 months service
All this for only 149 thousand dinars





Inifniti GPS لەلایەن TimeNet، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەدواداچوونی GPS لە بوارە جیاوازەکاندا لەوانە ئۆتۆمبێل، بەڕێوەبردنی کەشتی، بەڕێوەبردنی پاسی قوتابخانە، بەدواداچوونی کەسی، بەدواداچوونی ئاژەڵ، هەروەها چارەسەری بیناسازی و گواستنەوە.

ئۆفەرەکەمان بریتیە لە:
ئامێری جی پی ئێس بۆ ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل و بارهەڵگر و پاس

بەشداریکردنی ساڵانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
ئامێری GPS – سیمکارت لەگەڵ ئینتەرنێت – پلاتفۆرم و ئەپڵیکەیشنی مۆبایل – خزمەتگوزاری ١٢ مانگ
هەموو ئەمانە تەنها بە 149 هەزار دینار




Contact with us :

07502749592 - 07502749591
www.infinitigps.com
info@infinitigps.com
khabat stree, Erbil,Iraq

Gulan Weekly
May 13, 2024 Issue,No.1413

